


سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- ستراتێژی نەتەوەییمان لای ئێمە نەگۆڕە........................................ دیمانە: کامڕان سۆهرابی ..... ٤
٢- قاسملوو، مانگی گەشاوەی نێو ئەستێرە هەرە پرشنگدارەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردە ......................... ١٢
٣- کاک نەبی ئەستێرەیەکی گەش بوو، دەرکەوت و ڕاخوشی ........................................................... ١٦
٤- قسەکان بۆ یادی ٢٠ ساڵەی شەهید مەلاڕەسووڵ گەردی.......................................................... ٢١
٥- هەر پارچەی کوردستان دەبێ خۆی ڕێگای خەبات و چۆنیەتیی سازمانی سیاسی خۆی دیاری بکا.........................
........................................................................... دیمانە: جەعفەر شەریعەتی ..... ٢٤
٦- هەموو لایەک وەک یەک خاوەندارەتیی حیزبی ئایەندە بکەنو خانەخوێو میوانی تێدا نەبێ.........................
........................................................................... دیمانە: جەعفەر شەریعەتی ..... ٣٢
٧- ئێران راست دەکا؛ یەکگرتوویی دژبەران سەردانی روحانی بۆ ئوتریشی هەڵوەشاندەوە ................................ ٣٧
٨- تا "حدکا" لەنێو خۆیدا لەسەر پرسی یەکگرتنەوە بە قەناعەتی هاوبەش نەگا ................................ ٣٩
٩- هەڵوێستەیەک لەسەر گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ................................................. ٤٤
١٠- حدک: بۆ یەکگرتنەوەمان لەگەڵ حدکا دانوستنەکانی ئەمجارەمان جیاوازترە ............. دیمانە: هێمن ساڵح ..... ٤٧
١١- بۆ کاک هاشم کەریمی ................................................................................ ٥١
١٢- کورد یان دەبێ ئەوەندە بەهێز بێ بەرژەوەندییەکان بپارێزێ یان ئەوەندە بە پلان کە بتوانێ مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکان دروست بکا.................................................... دیمانە: شەونم هەمزەیی ..... ٥٧
١٣- بەرژەوەندخوازیی دەوڵەتان ڕێخۆشکەر بووە بۆ بەردەوامیی تێرۆریسمی کۆماری ئیسلامی ................................
........................................................................... دیمانە: شلێر باپیری ..... ٦٦
١٤- هەوڵ دەدەین قەت حیزبی دوو نەبین و هەمیشە قسەی کۆتایی بکەین، بەڵام ئەوەش دەبینین کە لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا هێزی دیکەش هەن.................................................. وتوویژی دەنگی ئەمریکا .... ٧٢
١٥- بۆ کارو چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی.............................................................. ٧٨
١٦- کاکی من زۆر زۆر زوو بوو!............................................................................ ٨١
١٧- خۆشەویستان، سەروەران، هاوڕێیانی بە ئەمەگ و، دۆستانی گەلێک بەنرخم......................................... ٨٣
١٨- پەیامی پیرۆزبایی "سەعید بەگزادە: بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات................................ ٩٥
١٩- پرسی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان................................................ دیمانە: ڕحمان نەقشی ..... ٨٧

٢٠- بێ هەڵە بووبێ ئادەمیزاد نییە......................................................................................... ٩٢

٢١- خۆ هەموو دەسەڵات و تەقدیر بەخۆتن!.............................................................................. ٩٤

٢٢- سپاس بۆ تۆ مامەی کوردان!.............................................................................................. ٩٧

٢٣- شاردنەوەی پشت گری و هەستی نەتەوەیی لەکێ؟!........................................................................ ٩٨

٢٤- بۆ ڕێفراندۆم.................................................................................................................. ١٠٠

٢٥- نەیاری چالاک و سەرەکی کوردان لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا، لەسەر یەک دەوڵەتی ئێرانە................. ١٠٢

٢٦- کورم، ژیوار گیان!......................................................................................................... ١٠٤

٢٧- بێرێزی بۆ؟!.................................................................................................................. ١٠٦

٢٨- رۆژی لە دایک بوونتان پیرۆز بێ تاو گیان، تارا گیان..................................................................... ١٠٨




# سەعید بەگزادە: ستراتیژی نەتەوەییمان لای ئێمە نەگۆڕە



**ئامادە کردنی: کامڕان سۆهرابی**

**زیاتر لە چەند ڕۆژێکی بۆ هەڵبژاردنەکانی دەوری دەیەمی سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران نەماوە،**

گەرمی و داغی باسەکان بەوپەڕی خۆی گەیشتووە بە چەشنێک ئەم جارەیان سنوورەکانیشی بەزاند، ئەگەر جاران لە ناو باڵە بە ناو جیاوازەکانی ناو کۆماری ئیسلامی دا کێشمە کێش و باسی توند دەهاتە پێش، ئەمجارەیان لە ناو پەڕو باڵەکانی ئۆپۆزسیۆنیش دا بۆتە باس و موناقشە و ڕق بە ڕقە ،ئەگەر جاران سندووقەکانی دەنگدان ترسی ئاورتێبردانیان لە سەر بوو لە لایەن موخالفانی ڕێژیمەوە بەلام ئەمجارەیان وێدەچێ لە لایەن چەند لایەنێکەوە پێشوازیشیان لێبکرێت، ئەوە دەکرێت ناوی بنرێت خەباتێکی سەردەمیانە و پێشکەوتوانە بۆوەدی هێنانی مافی نەتەوەیەک بەڵام تا چەند ئەو جۆر خەباتە نەرم و سەردەمیانە لە بەرامبەر دڕەندەترین ڕێژیمەکانی سەردەم دا باوی هەیە و سەردەگرێت ئەوە پرسیارێکە کە دەمێکە وەڵامەکەیمان وەرگرتۆتەوە، بەڵام زۆر سیاسەتوانی کورد پێیان وایە کە دەبێت هەموو شێوەکانی خەبات تاقی بکەیەوە تا ئەوکاتەی بە مەبەست دەگەیت یەک لەو سیاسەتوانانە سەعید بەگزادە یە کە نزیک بە سی ساڵ دژایەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کردووەو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە نابێت هەل لە کیس بچێت.

**کامڕان سۆهرابی: بەڕێز بەگزادە وەک یەکەم پرسیار، بە بڕوای جەنابت هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی سەرۆک کۆماریی ئێران بۆچی لەلایەن ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانەوە گرنگێکی زیاتری پێدراوەو بەربڵاوتر لە جاران هاتۆتەبەرباسەوە؟**

**سەعید بەگزادە**: زۆربەی هەڵبژاردنەکانی ئێران هەر کام لە هەل ومەرجی تایبەت بەخۆیدا بەجۆرێک سەرنجیان پێدراوەو رێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان هەڵوێستو روانگەی خۆیان لەسەر راگەیاندون، بەڵام ئەمجارەیان حیزبی دیموکراتی کوردستان پێیوابوو کە پێویستە ئەو هەڵوێستە یەکلایەنو سوننەتییەی تەحریم کە ساڵانێکی درێژە دووپات دەکرێتەوەو تا رادەیەک بۆتە هۆی پاسیفبوونی هێزە سیاسییەکان لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی هەلومەرجو هەروەها کز کردنی و دوور کەوتنەوەی تێکۆشەرانی سیاسیو مەدەنی نێوخۆی وڵات, ئاڵوگۆری تێدا پێک بێو تەکانێک بەو بێدەنگییە بدا، لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ ئیشارە بەو راستییە بکەین کە هەڵوێستی حیزبی ئێمە وەک روانگەو هەڵسەنگاندنێکی نوێ کۆمەکی بەوە کرد کە هەموو هێزە سیاسییە کوردستانییەکان زیاتر بەو قەزیەوە خۆ ماندوو بکەنو روانگەکانی خۆیان رابگەیەنن و هەوڵ بدەن بۆ بۆچوونەکانی خۆیان دۆستو لایەنگر کۆ بکەنەوە.ئەم لێکدانەوەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، لە هەل و مەرجی وڵات تا رادەیەکی زۆر یارمەتیدەر بوو بۆ کردنەوەی دەرگایەکی باس و موناقشە لە نێوان رێکخراوە سیاسیە کوردستانییەکاندا. ئەوەش بە بڕوای من بە نۆرەی خۆی،دەتوانێ کۆمەک بە هێنانە گۆڕی کۆمەڵێک باس و تەحلیلی سیاسی لە نێو رێکخراوە کوردستانییەکاندا بکا و لە کێشە تەشکیلاتیە بێ ئاکامەکان تا رادەیەک دوورمان بخاتەوە.

**کامڕان سۆهرابی**: مەبەستی حیزبی ئێوە لەوە کە کورد دەبێ لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجاردا سەنگی دیاربێ چییە؟

**سەعید بەگزادە**: نادێموکراتیک بوونی هەڵبژاردنەکانی ئێران لەلایەکو سیاسەتو هەڵوێستە کانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەکوردستان زیاتر لەو راستاییەدا بووە کە کورد بەنیسبەت ئاڵوگۆرەکانی دەسەڵاتی وڵات بێتەفاوەتو بێدەنگ بکا. لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی کوردستان بەدەیان ساڵە بۆ مافە سیاسیو نەتەوایەتییەکانی خۆی خەبات دەکا، لە مێژوی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بە کۆماری ئیسلامیشەوە سەهم و بەشی گەلی کورد هەر کوشت و کوشتار و وێرانی بووە. ئەوانەو زۆر فاکتۆری دیکە بوونە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران کەمتر لە تواناو هێزی خۆی بە شێوەیەکی سازماندراوو گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی رەخساودا کەڵک وەربگرێ. بەلەبەرچاو گرتنی ئەو راستییانە پێمانوایە کە بۆ دەربازبوون لەم حاڵەتە بێتەفاوەتییە توانامەندانی نێوخۆی وڵاتو کۆڕو کۆمەڵە مەدەنییەکان و بە گشتی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە لە هەر دەرفەتێک کە دێتەپێش کەڵک وەرگرنو داخوازییەکانی خۆیان بێننەگۆڕێ.

ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی بەو ناوەرۆکو یاسا بنەرەتییانەی کە هەیەتی ناتوانێ تەنانەت بەشێک لەداخوازییەکانی گەلەکەمان دابین بکا، بەڵام سروشت و مێژوی خەبات ئەوەی نیشان داوە کە هەرچی کۆمەڵانی خەڵک بە کردەوە زیاتر لە مەیدانی خەبات دابن و ویست و داخوازییە سیاسی و نەتەوەییەکانیان بە شێوەی جۆراوجۆر و مومکین بێنە گۆڕێ دەکرێ تا رادەیەک پاشەکشە بە رێژیم بکەن. بە هەر رادەیەکیش دەسەڵاتی پاوانخواز پاشەکشە بکا راست بەو رادەیە فەزای سیاسیی وڵات دەکرێتەوەو لە نیهایەتی خۆیدا براوەی ئەسڵیی ئەو بەربەرەکانییە کۆمەڵانی خەڵکن.

بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو باسانەو هەوڵ بۆ زیاترچالاک کردنی تێکۆشەرانی کورد بە گشتی و بەتایبەتی لە نێوخۆی وڵات، رێبەرایەتیی حیزبی ئێمە دەمێکە کار لەسەر ئەوە دەکا کە بتوانین هەموو لایەکمان بەنیسبەت روداوە سیاسییە گرینگەکان هەستیارو هەڵسووڕتر بین و بەتایبەتی لەم دەورەیەی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا سازماندراو و بەرچاوتر لە کێشەکاندا حوزوورمان هەبێ.

**کامران سۆهرابی**: دەکرێ بڵێین چ شتێک ئێوەی هێناوەتەسەر ئەو بڕوایە کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دەورەیەدا هەڵوێستتان جیاواز بێ؟

**سەعید بەگزادە**: هۆی سەرەکیی ئەم هەڵوێستەی ئێمە چەند لایەنی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێ:

١- ئێمە بڕوامان وایە کە ئالوگۆڕێکی بەرچاوی فەرهەنگی و سیاسی لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی پێکهاتووە و شعوورو توانایی سیاسیی خەڵک زۆر چۆتەسەرێ، دەرکو پێگەیشتنی خەڵکەکەمان بۆ مافخوازیو حەقخوراوی لە جاران زۆر بەهێزترە، خەباتی نەتەوایەتیش پڕرەنگتر بووە.

٢- بڕوامان بە توانایی‌و وشیاریی سیاسی خەڵکەکەمان هەیەو پێمانوایە چالاکانی سیاسی‌و مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتدا بە مەشوەرەتو ڕێنوێنی هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانی خەبات زۆر باش دەزانن‌و دەتوانن لە دەرفەتەکان کەڵک وەربگرن‌و بەشێوەی گونجاو داخوازییەکانی خۆیان بێنەگۆڕێ‌و هەوڵ بدەن باس‌و ویستەکانیان لە مەحفەلی چووکو بەرتەسک ڕا بۆ مەیدانێکی سەراسەری بگوازنەوەو بیانکەن بە باسی کۆڕوکۆمەڵی سەراسەری‌و بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی وڵاتو لە کۆڕوکۆمەڵی رەسمی‌و دەوڵەتیدا لە گۆڕەپانی یارییە سیاسییەکاندا بەشدار ببن.

٣- ڕێژیم لەم دەورەی هەڵبژاردنیشدا وەک جاران لەوە دەگەڕێ کە خەڵکی زیاتر لە دەوری سندوقەکانی دەنگدان ببینێ‌و بە جیهانیانی نیشان بدا کە خەڵک پشتیوان‌و لایەنگری ڕێژیمن، لەلایەکی دیکەشەوە لەژێر شوێنەوارو تەئسیری خەبات و تێکۆشانی گەلانی ئێران، بەتایبەت خوێن وخەباتی دەیان ساڵەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لانی کەم چەند کەس لە کاندیداتۆرەکان تەنانەت ئەگەر بۆ بازارگەرمیی هەڵبژاردنەکانیش بێ بەشێکی کەم لە داخوازییە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێرانیان هێناوەتە بەرباس. ئەوەش بەهەر مەبەستێک هاتبێ لایەنی ئەرێنی و باشی خۆی تێدایە. لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە لەو باس‌و دەرفەتانە کەڵکی دروستو باش وەربگیرێ‌و لایەنی پاوانخوازی ڕێژیمی پێ‌کز بکرێ‌و لە هەموو مەیدانەکاندا هەوڵ بۆ بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتو نفووزیان بدرێ ئەو ئاواتەشیان کە هەوڵدەدەن نیشان بدەن خەڵک لە دەوری دروشمەکانیان کۆ دەبنەوە پووچەڵ دەکرێتەوە.

**کامڕان سۆهرابی**: ئایا پێتانوایە کورد دەتوانێ مەیدان بە پاوانخوازان چۆل بکا؟

**سەعید بەگزادە**: نەتەوە مافخوراوەکانی ئێران کە کوردیش دیارترینیانە و مافی بەشداری دەسەڵاتیان لێ زەوتکراوەو بە هەموو شێوەیەک دەچەوسێنەوە زۆرایەتی بەرچاوی حەشیمەتی ئێران پێک دێنن. ئەگەر بتوانین هەموو لایەکمان خەباتو ویستەکانمان لێک نزیک بکەینەوە بێگومان دەسەڵاتی ئێران بە دەست تاقمێکی پاوانخوازەوە نامێنێ، ڕەنگبێ ئەوە ئێستا چاوەڕوانییەکی مەعقوولو بەجێ نەبێ کە کورد بە تەنیا بتوانێ ئەو ئاڵوگۆڕە پێک بێنێ، بەڵام لانی کەم تا ئێستا بەم هەڵوێستە توانیویەتی مەیدانی باسەکان لە تاراوگە و شارەکانی کوردستان ڕا بۆ تارانو ناوەندی دەسەڵات ڕاگوێزێ، من لەو بڕوایە دام کە ئەو ڕەوتە کۆمەک بە کرانەوەی زیاتری باسەکان دەکاو لانی کەم کاندیداکان ناچار دەکا هەڵوێستی خۆیان لەسەر کێشە چارەسەرنەکراوەکانی وڵات باس بکەنو بەگشتی دەتوانێ ئەهرۆمێک بێ بۆ پاشەکشەو کرانەوەی فەزایەکی ئاوەڵاتر.

**کامڕان سۆهرابی**: پێتانوانییە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا خزمەت بە هەلومەرجی نالەباری سیاسیی کۆماری ئیسلامی لەئاستی ناودەوڵەتیدا دەکاو کۆماری ئیسلامی دەتوانێ پڕوپاگاندای پێوەبکات و بۆ بەرژەوەندی خۆی کەڵکی لێوەربگرێت.؟

**سەعید بەگزادە**: لە ڕاستیدا ئەوەش مەیداندارییەکی سیاسییەو بێگومان ڕێژیم هەوڵ دەدا بەلای قازانجی خۆیدا بیشکێنێتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لەو مەیدانداریی‌یەدا چالاکانو نوخبەکانی کورد وردبینیو وشیاریو یەکدەستی خۆیان بپارێزنو هەوڵ بدەن لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی نەتەوەکانی دیکەو کەسایەتیو چالاکانی فارس لە ڕاوێژو هەماهەنگیدا بنو خاڵە هاوبەشەکان بدۆزنەوەو بە هەموو لایەک ئەوەندەی دەکرێ مەیدان بە ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامی چۆل بکەن. ئەوە نە تەنیا بەقازانجی ڕێژیم نییە، بەڵکوو ڕاست بەپێچەوانە بە زیانی پاوانخوازان تەواو دەبێ و یارمەتی بە کرانەوەی فەزایەک دەکا کە لە دوارۆژدا کۆمەڵانی خەڵک دەتوانن بەلای قازانجی خۆیانی دابشکێننەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵ دەدا چالاکتر لە پێشوو پشتیوانو یاریدەدەرو ڕێنوێنی خەڵکەکەمان بێو کۆشاتر لە جاران لە مەیداندا دیار بێ.

هەروەک باسیشم کرد ڕێژیم دەیهەوێ لە ڕادەی بەرچاوی بەشدارانی دەنگدەر بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە هەموو کاندیداتۆرەکان لەسافی شورای نیگەهبانی نیزامەوە دەرچوون،بۆ هەموو کەس ڕوونە کەکاندیدای ئەسڵی و مەوریدی نەزەر و تەئیدی ولایەتی فەقیە کێیە. ئەگەر نەتیجەی هەڵبژاردنەکان جۆرێک بێ کە کەسێکی دیکەی غەیری نوێنەری مەوریدی نەزەری ولایەتی فەقیهی لێ بکەوێتەوە بۆ هەموو کەس دەردەکەوێ کە خەڵک بۆ گووتنەوەی

نایەکی دیکە و مەترەح کردنی داواکانیان لە مەیدان دابوون، نەک بۆ بازارگەرمی و یارمەتی بە پروپاگاندای ڕێژیم.

**کامران سۆهرابی**: دەیان ساڵە لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەڵبژاردنەکان وەک شانۆ ناویان هێنراوە، بەڵام ئەو شانۆیە لە نەکاو ڕەنگی واقێعی بەخۆیەوە دەبینێتو حیزبی دێموکرات تا ڕادەیەک پێیدڵخۆشە، ئەدی ئەگەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە پێچەوانەی ویستی خەڵک بوو وەڵامی ئێوە بە خەڵکو بەو حیزبانەی لە دژی ئەو هەڵوێستەی ئێوەن چ دەبێ؟

**سەعید بەگزادە**: ئێمە لە هیچ جێگایەکدا نەمان گوتوەو نەمان نووسیوە ئەم هەڵبژاردنە مەیدانێکی کراوەی ئازادو دێمۆکراتیکی هەیەو زۆربە، یا بەشێک لەویست و داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا وەدی دێ و باسێکمان لە سەر خۆشبینیی یان دڵ پێخۆشکردن نەهێناوتە گۆرێ. ئێمە و هەموو لایەک باش ئەوە دەزانین کە کاندیداکانی ئەمجارەش هەر لە سافی شووڕای نیگەهبانەوە هاتوونەدەر، سەرەڕای ئەوەش ئەگەری فرتو فێڵی دەستکاریی سندوقەکانی دەنگ دان لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا رابردوویەکی درێژی هەیە. ئێمەکوتومانە با لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگرین، دەرفەتێک کە لە سایەی خەباتی خەڵکدا خوڵقاوە. لە هەمانکاتدا هیچ چاوەروانیش نین شتێکی زۆر نایابو چارەنووسساز لەو هەڵبژاردنە بکەوێتەوە. ئێمە گوتوومانەو دەڵێین لە موقایسە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوودا لانی کەم دوو کاندیدا لانی هەرە کەمی چەوساوەییو مافەکانی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانیان باس کردوەو لە قسەکانی خۆیاندا باس لەوە دەکەن کە ئێران وڵاتی هەمووانە. لەلایەکی دیکەوە ڕێبەری نیزام بە ئاشکرا لایەنگری لە کاندیدای خۆی دەکاو بێرو بەوێدا بۆ دەنگ کۆکردنەوە دەگەرێ. ئەوانە لەلایەک نیشانەی ترسو خۆفی باڵی پاوانخواز لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانەو لەلایەکی دیکەشەوە ڕادەیەکی کەمی کرانەوەی فەزای باسە گرنگەکانی چارەنووسسازی گەلانی ئێرانی هێناوەتەگۆڕێ کە دەکرێ لەو دەرفەتە بە قازانجی نەتەوەکانی ئێرانو بۆ کرانەوەی فەزایەکی کراوەی سیاسی کەڵکی لێوەربگیرێ.

لە وڵامی بەشی ئاخیری پرسیارەکەدا دەبێ بڵێم سروشتی پلۆرالیزمی سیاسی ئەوە دەڵێ کە حیزبەکان لە جیاوازی بۆچوونەکانیاندا دەبێ ڕێز بۆ جیاوازییەکان دابنێن و ئەگەر ڕۆژگارێک هەموو حیزبەکانی سەرگۆڕەپانی خەبات لەسەر هەموو مەسەلەکان یەک بیروبۆچوونیان هەبێ ئەوکات پێویست بە بوونی حیزب و ڕێکخراوی جیاواز ناکا. راستی و دروستی ئەم هەڵوێستە یان پێچەوانەکەی شتێک نییە کاتێکی زەمانی کورتی پاش هەڵبژاردن یان هەڵنەبژاردنی فلانە کەس یان پاشەکشەی فیسارە کەس لە قسەکانی دەربکەوێ.ئەوە کەڵک وەرگرتن لە شێوەیەکی دیکەی خەبات و کردنەوەی پەنجەرەیەکی دیکەی مەیدانداریی لە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی گەلەکەماندا. گرینگ ئەوەیە پاش ۳۰ ساڵ نکۆڵی لە مافی نەتەوەکانی ئێران، هێندێک لە کاندیداکانی سەرکۆماریی لە ئێران تەسلیمی ئەو ڕاستیە بوون و دانیان بە بێبەشی و



سەرچاوە Serchawe

مافخوراویی ئەو نەتەوانەدا هێنا.

**کامران سۆهرابی**: ئایا هیچ کاندیداتۆرێک لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەتوانێ مافی کەمایەتییەکان لە ئێراندا دابین بکا یان دانی پێدا بنێ؟

**سەعید بەگزادە**: دەبێ هەموو لەلایەک ئەوەمان قبووڵ بێ کە لە ئێرانی ویلایەتی فەقیە دا دەسەڵاتی بەهێزتر لە سەرۆک کۆمار هەیە. هەم قانوونی ئەساسیو هەم بڕیار بەدەستەکانی سەرووی سەرۆک کۆمار کۆسپی گەورەن. بەڵام باس کردنو دان پێداهێنانو جێبەجێ کردنی ئەو مافە کەمانەی کە لە قانووی ئەساسیی ئێراندا هەن باسێکی دیکەیەو سەرۆک کۆمار دەتوانێ دەکاریان بێنێ، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا باس لە ئاڵوگۆڕی قانوونی ئەساسیش دەکرێو هاتۆتە بەرباسو هەڵای هەڵبژاردن. چارەسەریی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا چ لەو دەورەیەدا چارەسەر بکرێ -کە ئۆمێدی کەمە-، چ لە داهاتوودا کێشەیەکە کە دەبێ چارەسەر بکرێو زامنی پاراستنی یەکێتی وڵاتە.

**کامران سۆهرابی**: ئێوە ناراستەوخۆ تەبلیغ بۆ کەڕووبی دەکەن، ئایا دەکرێ ئەو کردەوەیەی ئێوە وەک رێککەوتنێکی ناراستەوخۆ لەگەڵ کەڕووبی ناوببرێو لە دوارۆژدا هەنگاوێکی گەورەتری بۆ نزیکبوونەوە لە ناوبراو لێبکەوێتەوە؟

**سەعید بەگزادە**: لە راستیدا ئێمە تەبلیغ بۆ هیچ کاندیدایەک ناکەین، ئێمە کێشەمان بۆ مافەکانی خۆمان و پاشەکشە پێکردن بە پاوانخوازانی دەسەڵاتداری ئێرانە. پشتیوانی راستەوخۆی ئێمە لەهەر کاندیداتۆرێک کاتێک دەبێ کە مەیدانێکی کراوەی سیاسی ئەوتۆ لە ئارادابێ کە کوردیش بتوانێ کاندیدای خۆی بناسێنێ و کێشەی سیاسی و مافی کورد بەورادەیە کە خۆیی لە دەسەڵاتدا ببینێتەوە بەدی هاتبێ. ئەوەش لانی کەم جارێ لە ئێرانی دەسەڵات پاوانکراودا نابینرێ. بەڵام لەم دەوریەدا کەڕووبی لەنێو کاندیداکاندا یەکەم کەس بوو کە دانی بە مافخوراویی نەتەوەکانی ئێران دا هێنا، هەر چەند ناوی نەتەوە ناهێنێ و بە قەوم ناویان دەبا، هەروەها باسی ئاڵوگۆڕ لە قانونی بنەڕەتی ئێراندا دەکا، ئێمە ئەوانەمان بە موسبەتو باش لە قەڵەم داوەو گوتوومانە هەنگاوی باشن بۆ ئاڵوگۆڕو لە لایەکی دیکەشەوە نوێنەری رێبەری نیزام هەیە کە ئێمە پێمان باشە دەنگی "نا"ی بدرێتێ. تا ئێستاش هیچ سازانێکی نە ئاشکراو نە نهێنی لەنێوان ئێمەو کاندیداکاندا نییە، ئەوەش زیاد دەکەم کە لە سیاسەتدا بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان لە هەموو دەرفەتەکانی مومکین کەڵک وەردەگرینو هیچ دەرگایەک بە کۆتو زنجیر گاڵە نادەین.

**کامران سۆهرابی**: بە بڕوای جەنابت تەحریم کردنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن ژمارەیەک ئەحزابەوە شوێن لەسەر بەشداریی خەڵک دادەنێ؟

**سەعید بەگزادە**: بۆ هێندێک ڕێکخراوی سیاسیی کوردی هەڵبژاردنەکانیان تەحریم کرد؟هەر حیزب و ڕێکخراوێک بە گوێرەی سیاسەت و بیرو بۆچوونەکانی لەنێو کۆمەڵگادا کەم یان زۆر دۆست و لایەنگری خۆی هەیە، لە هەمانکاتدا هەر حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی مافی بێئەملاوئەولای خۆیەتی هەڵوێستی سیاسی خۆی بە پێی بۆچوونو ڕوانینو تەحلیلەکانی خۆی ڕابگەیەنێو بڵاوی بکاتەوە. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بینشو بۆچوونو خۆ ماندوو کردنی ئەو ڕێکخراوانە بە مەسەلە سیاسییەکانی نێوخۆی وڵاتو خواستو نیازەکانی کۆمەڵانی خەڵکو ئەو سوننەتو نەریتانەی کە هەر حیزبێک بۆ خۆی بە پێی بۆچوونو تێرامانی خۆی گرینگیان پێدەدا. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان پێمانوایە ڕابردوو مێژوویەو تێپەڕیوەو دەبێ بۆ داهاتوو یارمەتیدەر بێ، نەک خۆی بە چاکو خراپ سەرلەنوێ دەکار کرێتەوە. ئێستا نەوەیەکی نوێ لە نێوخۆی وڵات هاتووەتە مەیدان و خەباتی مەدەنی دەکا و پێویستە ڕێکخراوەسیاسیەکان هەڵوێست و وڵامەکانیان بە نیاز و ویستەکانی کۆمەلانی خەڵک هەمەگیرتر لە جاران بێ.حیزبی دێموکراتی کوردستان پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە لەو سوننەتە بگوزەرێو مەرحەلەو مەیدانێکی دیکەی خەبات بە پاراستنی شێوەکانی خەباتی ڕابردوو بکاتەوە. ئێمە هیوادار بووینو کاریشمان بۆ کرد کە لەو مەرحەلەیەی هەڵبژاردندا حیزبە سیاسییە کوردستانییەکانیش لانی کەم بەشی هەرە زۆرمان هاودەنگ بین، بەڵام بە هۆی لێکدابڕانو لێکجیابوونەوەکانی ئەحزابی کوردی دەرەتانی هاوفکریو هاوکاری بەوجۆرەی کە بگاتە ئاکامێکو پێویست بوو بەدی‌نەهات. شکم نییە کە هاونیشتمانانمان لە نێوخۆی کوردستان ڕێگاو بەرژەوەندی خۆیان دەزاننو هەوڵدەدەن یەکپارچەییو یەکدەنگی خۆیان بۆ هەرچی باشترو زیاتر هێنانە گۆڕی مەسەلە نەتەوایەتییەکانیان بپارێزن.

**کامڕان سۆهرابی**: ئەگەر کەڕووبی دەنگ بێنێتەوە، پێتانوایە دەتوانێ دەستکاریی لە سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی ڕێژیمدا پێک بێنێت؟

**سەعید بەگزادە**: لە مەیدانی یارییە سیاسییەکانی ئێرانداو لە چاوەدێری سندوقەکانی دەنگدانڕاجارێ ناکرێ بە تەواوی ساغ بینەوە کە کێ دەمێنێتەوەو کێ لە سندوقەکان سەر وەدەردەنێ، بەڵام ئەگەر کەڕووبی یان هەر کەسێکی دیکەی کە دروشمی ئاڵوگۆڕی هەڵگرتبێو دەنگ بێنێتەوە بۆ سەرکەوتنی خۆیو پرۆژەکانی پێویستیی بە پشتیوانی بەردەوامی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەیە، لەو حاڵەتەدا ئەگەر بە وادەکانی وەفا نەکا بێگومان وەک ئەوانی ڕابردوو ئەو متمانەو پشتیوانییە لە دەست دەداو لاپەڕەیەکی ڕەشی بێئێعتیمادی بۆ خۆی تۆمار دەکاو داهاتووی سیاسیی خۆی لەدەست دەدا.

**کامڕان سۆهرابی**: ئەگەر کورد لە ئێران بتوانێ بەشێک لە ویستەکانی دابین بکا، سیاسەتی دوارۆژی ئێوە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆن دەبێ؟ ئایا لەسەر ڕووخانی ئەو ڕێژیمە هەر سوور دەبن؟

**سەعید بەگزادە**: هەتا ئێستا نەمانگوتووە کە ویستەکانی گەلی کورد لە چاوچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بە تەواوەتی ئیمکانی جێبەجێ بوونیان هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ١٤ی خۆیدا ستراتیژیەکی بۆ خۆی دیاری کردووەو پێشی پابەندەو هەتا مەرحەلەی نیهاییش خەباتی بۆ دەکا. بەڵام نە لە رابردوودا و نە ئێستاش پێمانوانییە کە هەموو مافەکانی کورد یەکدەستو لە پاکەتێکدا دەست دەکەوێ. لە سیاسەتی حیزبی ئێمەدا هیچ ئەگەرێک رەت ناکرێتەوەو ئەوەش داهاتوو و ئاڵوگۆڕەکانن کە سیاسەتو هەڵوێستو تاکتیکەکانی ئێمە دیاری دەکەن. ئەوەی لە هەموو شت پتر لای ئێمە گرینگە ستراتیژی نەتەوەییمانە کە ئەویش لە لای ئێمە نەگۆڕە.

**کامران سۆهرابی**: کاک جەلیلی گادانی ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدواییین لێدوانی خۆیدا بۆ "ماڵپەڕی رەوانیوز" دەڵێت: هاندانی خەڵک بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران رابردووی سی ساڵەی جووڵانەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دێنێتە ژێر پرسیارەوە؟ جەنابت تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونە هەی؟

**سەعید بەگزادە**: بەڕێز کاک جەلیلی گادانی یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردو کەسایەتییەکی گەورەی حیزبی ئێمەیە، بۆچوونەکانیشی جێگای رێزو سەرنجدانن. بەڵام لە حیزبی ئێمە دا بڕیار جەمعیو گشتییەو نەزەری ئەکسەرییەت دەبێتە بڕیاری حیزب. لەسەر ئەم هەڵوێستەی تازەی حیزب سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران حیزبی ئێمە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا نەزەرخوازییەکی زۆر بەرینی لەنێو تەشکیلاتی حیزبو بیرمەندانو تەنانەت لە دەرەوەی حیزبیش کردوە، دەنگو بۆچوونی زۆرایەتییەکی گەلێک بەرچاو بەلای ئەم هەڵوێستە دایە. بەڕێز کاک جەلیلیش یەکێک لەو کەسایەتییانەیە کە هەمیشە رێزی زۆری بۆ دەنگی گشتیو بڕیاری نیهایی حیزبەکەی هەیە، ئەوەش شتێکی کامیلەن مەنتیقیو رەوایە کە لە حیزبێکدا جیاوازیی بۆچوونی سیاسیو لێکدانەوە هەبێ، ئەو کێشە سیاسییانەن حیزب بەرەو پێش دەبەنو زیندووی رادەگرن. ئەوەش دووپات دەکەمەوە کە هیچ هەڵوێستێکی نوێ بەمانای خراپی یان نادروستیی سیاسەت یان هەڵوێستی رابردوو نییە، بەڵکوو تێڕامانو خوێندنەوەیەکی تازەیە لە واقێعیەتەکانی سەردەم.


**کامران سۆهرابی**: لەوە زیاتر کاتت ناگرم و سوپاست دەکەم کە کاتی خۆت بۆ ئەم وتووێژە تەرخان کرد.

**سەعید بەگزادە**: منیش سوپاسی ئێوە دەکەم و داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

**ئاماژە: سەعێد بەگزادە ماوەی ٢٠ ساڵ یەکێک لە ئەندامانی رێبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بووە و بە دوای کونگرەی ١٤ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئەرکی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی بەرێوەبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات پێ ئەسپێردراوە و دانیشتووی وڵاتی سوئێدە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٠ی جوونی ٢٠٠٩**

## قاسملوو،
## مانگی گەشاوەی نێو ئەستێرە هەرە پرشنگدارەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردە.




پاش ٢٠ ساڵ ئێستاش شوێن پەنجە و شوێنەواری سیاسەت و تیژیی بیری دکتۆر قاسملوو بەسەر نە تەنیا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڵکوو لە هەر چوارپارچەی کوردستان و لە ستراتێژیی هێزە سیاسییەکان و گەورەپیاوانی کورددا دیارە و دەناسرێتەوە.

ئەوە بەو مانایە نییە کە بڵێم تێز و بۆچوونەکانی دکتۆر قاسملوو نوسخەیەکن کە ئەمڕۆش ڕاست بەو جۆرەی ٣٠ ساڵ پێش هەبوون دەبێ دەکار بکرێنەوە و هیچ ئاڵوگۆڕێکیان نابێ تێدا پێک بێ یان ڕاست وەک خۆی بەکار دەهێنرێنەوە. دکتۆر قاسملوو خۆی زۆر باش دەیزانی و فێری دەوروبەرەکانیشی دەکرد کە سیاسەت و هەڵوێست و ئامانجەکان نابێ نەگۆڕ بن. جیهان دایم لە ئاڵوگۆڕ دایە و نیاز و ویستەکانی کۆمەڵیش دەگۆڕێن. کەسێک بە جێ نامێنێ کە بتوانێ سەردەمی خۆی و داهاتوو باش لێک بداتەوە و خۆیان دەگەڵ ڕێک بخا. بۆ ڕێبەر گرینگ ڕابردوو وەک خۆی نیە، بەڵکوو ڕابردوو دەبێ چرای تاریکییەکانی داهاتوو بێ.

ڕاستە دکتۆر قاسملوو کورد و خەباتکاری کورد بوو و زیاتر وەک تێکۆشەرێکی کوردایەتی وعەداڵەتی کۆمەلایەتیی کوردستان ناسراوە،بەڵام ئەوەی لە بیری دکتۆر قاسملوودابوو ئازادی و بەربەرەکانی دەگەڵ دیکتاتۆری وهەرچەشنە ناعەداڵەتییەک لەهەر شوێنێک و دەهەر لیباسێکدابوو. پێیوابوو ئینسانەکان بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ئایین و جنسییەت وەک یەکن و دەبێ خاوەنی مافی بەرانبەر بن. هەر بۆیەش لە تەواوی ژیانیدا لە هەر شوێنێک ژیابێ، لە کوردستان، تاران، پاریس،

پراگ یان لە بەغدا بە پێی جۆری خەبات و داخوازییەکان ئەگەر لە پێشەوەی خەباتکاران و ئازادیخوازان نەبووبێ،هەرگیز لە قەراخ و لە پەراوێزدا نەبووە. لە ئێران قاچاخ دەبێ، لە پاریس لەسەر داوای دەوڵەتی ئێران دەر دەکرێ، لە پراگ کێشەی بۆ دروست دەبێ، لە عێراق دەر دەکرێ. ئەوانە هەموو نیشاندەری ئەوەن کە قاسملوو ئینسانێکی هەستیار و وشیار و خەباتکاری هەموو بوارەکان بووە و بە پێی هەل و ئیمکان و کات و مەکان نەیتوانیوە لە ئاست نابەرابەری و ستەمدا چا بەهەر رەنگ و شێوەیەک بووبێ، بێدەنگ یان تەسلیم بێ و تەنانەت چاویان لێ بنوقێنێ.

لەسەر دکتۆر قاسملوو زۆرم بیستبوو، بەڵام بە حوکمی کاری حیزبی و تەشکیلاتیم بۆ ماوەیەکی بەرچاو هەموو حەوتووانە و بەتایبەت رۆژانی هەینی ئیزنم هەبوو لە لای بمێنمەوە و لە نزیکەوە چاوم لە هەڵس و کەوت و لێدوانەکانی ببێ. لەو ماوەدا زیاتر زانیاری و توانایی هەمەلایەنەی کاک دکتۆرم بۆ دەرکەوت.

وەک خۆی باسی دەکا و پاشانیش راستیی وتەکانی لە ژیانی سیاسیی ئەودا دەر دەکەوێ، هەر لە مێرمنداڵییەوە چارەسەری مافی کوردانی بۆ گرینگ بووە و هەستی بە چەوساوەیی و مافخواروبی نەتەوەکەی کردوە.

دکتۆر قاسملوو ژیانی سیاسیی خۆی لە نێو لاوانی کوردرا دەست پێ کرد، دەگەڵ حیزبی توودەی ئێران وەک هێزێکی سەراسەری کە لەو سەردەمدا نوێنەرایەتیی چەپی ئێرانی دەکرد و بۆ ئەو سەردەم و کات هێزێکی خەباتکار بوو،کاری کردوە. لە حیزبی توودەدا هەوڵی داوە کە کار و چالاکییەکانی زیاتر رووی لە کوردستان بێ. ئەوەش تا رادەیەک بۆ لایەنی بۆچوونی ناسیۆنالیستیی ئەو دەگەڕێتەوە کە لەو سەردەمیشدا چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە روانگەی ئەودا ئەولەویەتی هەبووە.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک لە دەرەوە دەمێنێتەوە و خەریکی خوێندنی باڵای خۆی دەبێ و هاوکاتیش لە چالاکانی هەرە پێشەوەی خەباتکارانی کورد و ئێرانی بووە، دەگەڕێتەوە کوردستان و دەگەڵ هاوڕێیانی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا هەوڵ بۆ رێکخستنەوەی حیزب و گەشاندنەوەی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەدا.

نەخش و رۆڵی ئەسلیی دکتۆر قاسملوو وەک رێبەرێکی وشیار و بە توانا راست لەوسەردەمەوە خۆ دەردەخا.

لەو سەردەمەدا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەک تەنیا حیزبی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان دوچاری ئاڵۆزی و شێواوییەکی زۆر بووە. بەشێک لە رێبەرانی ئەسلیی حیزب لە زیندانەکانی شای ئێراندان. ئەو بەشەی دیکەش کە ناوەندی رێبەریی خەباتیان بۆ کوردستانی گەرمێن راگوێزتوە، لە نێوان خۆیاندا تەواو ناکۆکن و لە نەتیجەی تەکرەوی و ئیدارەی

نادێمۆکراتیکی حیزبدا، بەڕێوەبەری و بەدەنەی حیزب بە سەر چەند بەش و دەستەی چووکدا بڵاو بوون.

توانایی و لێزانیی دکتۆر قاسملوو، هاورێیانی لێک کۆدەکاتەوە و تەشکیلاتی حیزبی ناوەرۆک و سیمایەکی رێک و پێک و دێمۆکراتیکی پێ دەدرێ و حیزب بە تەواوی دەبووژێتەوە و پەیوەندی و موناسبات و ئیعتباری خۆی پەیدا دەکاتەوە.

لە ماوەیەکی کورتدا نەخش و رێبەری و توانایی قاسملوو تەنانەت شوێن لەسەر هەلس و کەوتی رێکخراوەکانی کوردی پارچەکانی دیکەش دادەنێ و، تا رادەیەکی زۆر دەبێتە راوێژکاری رێبەرانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بە تایبەت بەشی گەرمێن. زۆرجار هێزە کوردستانییەکان چ لە پێوەندیی بەینی خۆیاندا و چ لەرادەی وتووێژ و دارشتنی ویست وداواکانی کورددا بۆ باس و دانوستاندن دەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە توانایی دکتۆر قاسملوو کەڵکیان وەرگرتوە. ئەو باش دەیزانی چۆن لەدەرفەتەکان کەڵک وەربگرێ و قەت ویشک و یەکلایەنە بە سیاسەت و رابردووە نەدەنووسا. لای ئەو سیاسەت هونەر و کەرەسەی ئیدارە و مودارا و گونجان و کێبەرکێی گەیشتن بە ئامانجەکان بوو.

لە رادەی نێونەتەوەییشدا دۆستایەتی و پێوەندیی دەگەڵ زۆر کۆر و کۆمەڵ و رێکخراوی سیاسی و کەسایەتییە ناسراو و ناودارەکان دا هەبوو. ئێستاش لە درێژەی پەیوەندییەکانی ئەودا کە چاوت بەو کەسایەتییە بیانیانە دەکەوێ باس لە بیری تیژ و کراوەیی فکری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک دکتۆر دەکەن و حەسرەتی لەدەستدانی ئەو گەورە پیاوە لە زمانی ئەوانەوە دەبیسرێ و باس لەوە دەکەن کە ئەگەر لەم هەلومەرجەدا قاسملوو لە حەیاتدا با رەنگ بوو مێژووی کورد بە جۆرێکی دیکە تۆمار کرابا. لە هەمان کاتدا دکتۆر قاسملوو لە لای هێزە رزگاریخوازە عەرەب و ئێرانییەکان و کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو نەتەوانە جێگایەکی تایبەتی و قسەرۆیشتوویی خۆی هەبوو.

توانایی مودیریەت و بەڕێوەبەریی بزووتنەوەی کورد و پەیوەندی و دۆستایەتی دەگەڵ زۆر کۆروکۆمەڵی بریاردەری جیهانی و قسە رۆیشتوویی لە لای ئێرانییە ئازادیخوازەکان ببوونە هۆی ئەوە کە رژێمەکانی ئێران بە پادشایی و ئیسلامییەوە لە دکتۆر قاسملوو نیگەران بن و لێی بترسێن. ترسی ئەو حکوومەت و رژێمانە لە دکتۆر قاسملوو تەنیا لە بەر ئەوە نەبوو کە سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە. هەر دووک رژێم قاسملوویان بە مەترسیی هەرە گەورەی حکوومەت و دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران دەزانی. هەر بۆیەش لە کاتێکدا کە قاسملوو دەیویست پاش شەری عێراق و ئێران، کوردستانیش ئاسایشی خۆی بەدەست بێنێ و ئێران بە گشتی ئارامی و ئاسوودەیی بە خۆوە ببینێ، بە پلانێک کە دەمێکە لەسەر کوردان بە تاقی دەکرێتەوە، لە بەینیان برد. شەهید کرانی دکتۆر قاسملوو زیانێکی گەورە بوو کە لە داهاتووی ناوچەکەمان بە گشتی و بە تایبەت لە کورد کەوت. هەمیشە دەڵیین دوژمن خەیالی خاوە و بە شەهید کردنی رێبەرانمان ناتوانێ خەباتەکەمان بشکێنێ و هەنگاومان پێشل بکا. ئەوە راستە و خەباتی رزگاریخوازیی کورد هەتا ئامانجی نهایی بەردەوامە، بەڵام خۆ کفر نیەو

درۆش نیە بڵێین لانی کەم تا ئێستا جێگای قاسملوومان بۆ پڕ نەکراوەتەوە. راستە لە ماوەی دەسەلاتی دکتۆر قاسملووشدا حیزبی دێمۆکرات لەت بوون و ناکۆکیی تێ کەوتوە. ئەوەش دەگەڵ ئەوەی کە رووداوێکی سەیر و سەمەر نەبوون و لە مێژوو و رابردووی زۆربەی حیزب و رێکخراوەکاندا بینراون، زیاتر شێوە و جۆری بۆچوون وجیاوازیی بەرێوەبەریی کەسایەتییەکان دەگرێتەوە،و بە هێچ جۆر ئەو لایەنە بەهێزانەی دکتۆر قاسملو ناشکێن ولێیان کەم ناکەنەوە، و بە هەموو خوسوسیاتی چاک و کزی وەک رێبەرێکی گەورەی کورد لە مێژوودا جێی گرتوە و لانی کەم تا ئێستا قاسملوو مانگی گەشاوەی نێو ئەستێرە هەرە پڕشنگدارەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردە. توانیان قاسملوو شەهید بکەن، بەڵام ناتوانن ئاواتی کورد و قاسملوو بکوژن. خەباتی رزگاریخوازانەی کورد لە دکتۆر قاسملوورا دەستی پێ نەکردوە کە بە شەهید کردنی ئەویش تەواو ببێ. راستە رێبەری و توانایی قاسملوو تایبەتی بوو،س بەڵام ناحەزانی کورد دەبێ دڵنیابن کە کورد بێ دکتۆر قاسملووش خەباتی خۆی هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی درێژە دەدا.

بەڕێز بێ یادی شەهیدانی ویەن.

سەرچاوە: ژمارە ٥١٤ی "رۆژنامەی کوردستان"،تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٩

## کاک نەبی ئەستێرەیەکی گەش بوو، دەرکەوت و ڕاخوشی.



### بۆ یادی کاک نەبی قادری

زەمان زۆر بە خێرایی تێدەپەڕێ،ساڵ دێن و دەرۆن و مەودامان دەگەڵ کاک نەبی زیاتر دەبێ. ئەو ماوە دوورییە بە پێی سروشتی ئادەمیزاد دەبوو زۆر فەرامۆشی بەدوادا هاتبا. بەڵام ئەو لێک دابڕان و دووری‌یە نەتەنیا نەیتوانیوە سیمای جوانی کوردانەی کاک نەبی وەشارێ و لە زەینمدا بیشوواتەوە، بەڵکو ئەو کەسایەتیە خەسلت جوان و کوردانە و خۆشەویستە کەمرەنگیش نەبووەو نابێ. کاک نەبی هەر لە لامانە. دەگەڵمانە، قسەکانی، پەیامەکانی، قەڵافەتی جوان و رێک و پێکی، خو و رەوشتی کوردانەی لە بەر چاوی زەین و هۆشدا هەر ماون. کاک نەبی برا و هاورێ و بەرپرسەکەم هەر بە جەستە ونە.

**کوا بەم زووانە ئەو هەموو ئاکار و کردەوە مەردانەیە، ئەو کۆ خەسڵەت و بیر و ئەندیشە جوانانە ون دەبن.**

کاک نەبی بناخەی ژیانی خۆی وا دانەڕشت کە بەم زوانە لە بیر کرێ. ئەو لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی و تاڕادەیەک دەست رۆیشتودا چاوی پشکووت، بەڵام قەت لە ژیانی کورتی خۆیدا چین یان توێژێکی تایبەتی لە کۆمەڵدا بۆ هەستان و دانیشتن و هات و چۆ و پێکەوە کار کردن هەڵنەبژارد. لە هەموو و چین و توژێکی کۆمەڵدا دۆست و ئاشنای هەبوو، دەگەڵ پیر و گەنج و لاو و دەست رۆیشتوو نەداراندا وەک یەک هەلس و کەوتی هەبوو. تەنانەت کەم کەسم دی بەرادەی کاک نەبی لە لای مندال و میرمندالاندا خۆشەویست بێ. ئەو بە زمانی هەموانی دەزانی. کورد بوو، ژیانی خۆی بۆ ژیانی بەختەوەرانەی کورد تەرخان کرد. ئەو بۆ خەیاڵ و ئارەزو نەژیا، ئارام و ئاتوسا و ئازاد لە گۆشەیەکی دەرونی پڕ هەستی ویدا جێیان



سەرچاوە
Serchawe

گرتبوو. هەستی پڕ لە خۆشەویستی ئەو بۆ هەموان بوو، بەڵام لە هەموان زیاتر بۆ کوردستان.

کاک نەبی زۆر زوو بە دەرد و مەینەت و بەشخوراوی میللەتەکەی زانی و هەستی بە زوڵم و زۆرداری لەسەر خەڵکەکەی کرد. بۆیەش راست لەو تەمەن و سەر و بەندەدا کە دەی توانی ژیانێکی ئارام و دەکریّ بڵێین بێ ترس و خۆف و سەقامگیر بۆ خۆی و بنەماڵەکەی دروست بکا، تەواوی ژیان و توانایی خۆی و دەرفەت و ئیمکاناتی بنەمالەکەی بۆ خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوەکەی تەرخان کرد.

من کاک نەبیم لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ناسی. بەو جیاوازیە کە کاک نەبی تەمەنی لە سیاسەت و حیزبایەتی کردن و بەر پرسایەتیدا لە من زیاتر بوو. بەڵام زۆر زوو توانیمان لە یەکدی نزیک بین و ببینە دۆست و هاورێیەکی باشی یەکتر. لێک نزیک بوونمان بوو بە هۆی تێکەڵاوێکی بنەماڵەیی کە تا ئێستاش بەردەوامە.

کاک نەبی مرۆڤێکی سەنگین و گران، بە حەیا، لە هەمانکاتیشدا پیاوێکی بە دەمار و شایی بە خۆ و لەبەر دڵان بوو. زۆر زوو دەیتوانی دەگەڵ کەسێک کە ئەگەر یەکەم دیداریشیان بێ، ببێتە دۆست و ئاشنایەکی نزیک. کەم کەسم دیوە بە ئەندازەی کاک نەبی دۆست و ناسیاوی هەبن.

هەر لە سەرەتای ئاشنایەتی و دۆستایەتیمانڕا باس و راوێژمان بە یەکەوە زۆر بوو. لەسەر سیاسەت و حیزبایەتیڕا بگرە هەتا زۆر باس و خواسی دیکەی نێو کۆمەڵەکەمان و گرفتەکانی ژیانی میللەتەکەمان. واهەبوو کە بۆچوونمان یەکی نەدەگرتەوە. جاری وابوو باسەکەمان دەکێشرایە تورە بوون، بەڵام کاک نەبی هەر وەک برای گەورە، دڵ فراوان و بێ کینە و بوغز، هەموو تورە بوونەکەی لێمان، کاتی بوون. نەک هەر بۆ من بەڵکو بۆ زۆربەی دۆستەکانی بە تایبەت ئەوانی لە خۆی چوکتر بوون هەر بەو شێوەیە بوو.

کاک نەبی لە ماڵی خۆشیدا نمونەی پیاوێکی دڵ گەورە و خانەدانێکی کورد بوو. هیچی بۆ کەس لە چاو نەبوو. زۆر میواندار، مەجلیس خۆش، قسەزان وشارەزا و ئەدەب دۆست بوو.

کاک نەبی مرۆڤێکی ئازا، فیداکار، دێمۆکرات و ساحەبی قسەی خۆی بوو. نەمدی و نەم بیست نان بەکەس بە قەرزبدا. هەرگیز ملی بۆ زۆر دانەنەواند. قسەی ناحەق و کردەوەی نادێمۆکراتیکی کەسی قبوڵ نەدەکرد، با خۆشی زیانی کردبا. زۆر جار دیتم بەرژەوەندی خۆی فیدای قازانجی گشتی دەکرد. زاڵم نەبوو، ستەمی لەسەر کەس نەبوو، بۆیەش ناعەداڵەتی پێ قبوڵ نەدەکرا. جا ئەوە لە لایان هەر کەسەوە بایە،چ دوژمن و نەیار، چ خۆیی. بوێر بوو، بە لای ئەوەوە ستەم گران بوو،

جا ئەگەر خۆیی بیکردبایە زۆر قورس و گران و بە ژانتر بوو. پێی وابوو خەڵکی چەوساوەی ئێمە دەبێ فێر کرێن ئازاد بژین، بێ زەوت کردنی هیچ مافێک، بێ ستەم و سەرکوت و ناعەداڵەتی. کاک نەبی کوری رۆژی تەنگانە بوو.

کاک نەبی قادری لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاویدا پەیوەندی بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردوە و لە کۆنگرەی ٥ی حیزبەوە تا دوایین کاتەکانی ژیانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. دوو دەورەش لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆرشگێردا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب بووە. مەیدانی کار و چالاکیەکانی کاک نەبی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و ئەرکی جۆراوجۆری حیزبی دەگرتەوە. بەر پرسی کۆمیتەی شارستان، بەرپرسایەتی ناوەندەکان، بەرپرسی کۆمیسیۆن و... بوە.

پاش کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆرشگێر، بۆ چالاکتر کردنی کۆمیتەکانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات و بەرینتر کردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەل و وڵاتانی دەرەوە، کۆمیتەیەک بۆ دەرەوەی وڵات دیاری کرا و کاک نەبی بەرپرسایەتی ئەو کۆمیتەیەی بە عۆدە گرت و منیش هاوکار و جێگری بووم. ئەو کۆمیتەیە لەژێر مودیرییەت و رێنوێنیەکانی ئەودا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توانی ئەندامانی حیزب سازمان بداتەوە و تۆڕێکی بەرینی تەشکیلاتی لە لایەنگرانی حیزب لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپا، ئەمریکا، کانادا و ئوسترالیادا پێک بێنێ. توانایی مانۆردانی تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆرشگێر لە دەرەوەی وڵات بەڕادەیەک بە هێز و کارا بوو کە لە هێزە کوردستانیەکان پ.ک، ک و لە هێزە ئێرانیەکانیشدا تەنیا موجاهیدین لەو بوارەدا بە تواناتر دەردەکەوتن. ئەو حیزبە جێگا و شوێن و پلە و ئیعتبارێکی زۆری لە نێو کۆڕ وکۆمەڵە کوردستانی و ئێرانی و دەرەکیەکاندا پەیدا کردبوو. کۆمیتەیەکی بەبەرنامە و حیزبێکی بە پرێنسیپ و بەرپرس لە ئاست گشت مەسەلەی کورددا، چ لە نێو هیزە کوردستانی یەکاندا و چ لە نێو ئیرانییەکاندا جێگا و شوێنی تایبەتی خۆی هەبوو. کۆمیتەو ئەندامانی ئەو حیزبە هەر دەتکوت بنەماڵەیەکی تەبا و رەبان بە یەکەوە. سەفاو سەمیمییەت و رێز و حورمەت کەش و هەوای هەمیشەیی جەلەسەکان بوو. دەگەڵ ئەوەش بۆ بەهێزتر کردنی جوڵانەوەی کورد لە زۆربەی جەلەسە و باسەکانی نێو خۆییدا هەوڵ و باس و قسە بۆ یەکماڵی کردنەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو.

کاک نەبی وەک بەرپرسی ئەو کۆمیتە و وتەبێژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆڕشگێر، بۆ زیاتر ناساندنی دەنگی ئازادیخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران، توانی لە ماوەیەکی کورتدا بەدەیان وت و وێژو چاو پێکەوتنی سەرکەوتوانە دەگەڵ رۆژنامە و تلویزیۆن و رادیۆکاندا ئەنجامبدا.

دەگەڵ زۆر پارلمانتێر و نوێنەری حیزبەکانی دەسەڵات بەدەستی وڵاتانی رۆژئاوایی دیداری کرد ولەسەر کێشەی کورد باس و

راوێژی دەگەڵ کردن. کاک نەبی قادری لە دەرەوەی وڵات تەنیا نوێنەری حیزبی دێمۆکرات نەبوو. ئەو سەفیرێکی باش و بەوەجی کورد بوو. لە مافی گشت کورد داکۆکی دەکرد. کێشەی نێوان رێکخراوەکانی کورد گەلێک ئازاری دەدا. زۆر جار لە کوردستان بۆ بڕانەوەی ئەو جۆرە کێشانە خۆی دەزۆر مەترسی گەورە هاوێشت. لەدەرەوەش بۆ کاری خێر و قسەی باش لە نێو رێکخراوەکانی کوردیدا ناسراوی هەموان بوو.

ئێمە پێمان وابوو کە کورد پێویستی بە یەکدەنگی‌یەک هەیە، جا ئەگەر لە نێو خۆی ولاتیش ئەو ئیمکانە نییە با لەدەرەوە ئەو وەحدەتە پێک بێ. پێمان وابوو باشترە کە کوردی هەر چوار پارچە لە کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەییدا بە زمانێک و بە یەک هەیئەتی نوێنەرایەتیەوە لێرو لەوێ قسان بکا و پەیوەندی دامەزرێنێ و داخوازییەکان بێنێتە گۆڕێ. لەو بوارەشدا چالاکی کاک نەبی بۆ هەموان ئاشکرا وبەرچاو بوو.

کاک نەبی لە نێو ئێمەدا یەکێک لەو کەسانە بوو کە بۆ تێکەڵ کردنەوەی دوو باڵی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی زۆریدا. پێی وابوو ئەو دوو باڵەی حیزب دەبێ یەک بگرێتەوە و خەباتی کورد لە کوردستانی ئێرانی پێ بە هێزکرێ. بڕوای بە تێکەڵ بوونەوەیەک بوو کە دەرەتان و ئیمکان بۆ هەمووتواناکان پێک بێنێ کە بتوانن دەخزمەت حیزب و گەلەکەیاندابن. بڕاوی بە یەکگرتنەوەیەکی بێ پێچ و پەنا و نیاز پاکانە بوو. لە شەڕ و کێشەی نێو خۆیی بێزار بوو.

بەڵام داخی گرانم، کاک نەبی ئەو ئاواتەی خۆی وەک زۆربەی هیوا و ئاواتەکانی بە چاوی خۆی نەدی. ئاواتی بوو دێمۆکرات یەک بن، لە دوو بەرەکی رزگاریان بێ. پاش مەرگی کاک نەبێ دوو دێمۆکرات بوونەوە بە یەک و ئاواتی کاک نەبی وەدی هات بەڵام، ئەو نیاز پاکییەی کە دەمانهەویست و پێویست بوو بەتەواوی نەبیندرا.

چەند ساڵ پاش مەرگی کاک نەبی دیسان حیزبەکەی کاک نەبی دووچاری کارەسات بووەو دیسان بۆوە بە دوو، لێک دابرانێک کە بێ گومان بۆ روحی کاک نەبی و بۆ دۆستانی کاک نەبێ ناخۆش و گران بوو. بۆیەش هەوڵی حیزب و دۆستانی کاک نەبی بۆ یەک پارچەیی نیازپاکانەی دیمۆکرات و بەهێزتر کردنی توانایی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەر بەردەوام دەبێ.

قەت لە بیرم ناچێ، کۆبونەوەی کۆمیتەکەمان بوو، لەسەر مەسەلەیەک دەگەڵ کاک نەبی یەک ڕا نەبوین. بۆ چوونی من و کاک حەمەدەمین دەگەڵ هی ئەو فەرقی هەبوو. کاک حەسەنی رەستگاریش کە بەسەردان لە ئوروپا بوو، دەو کۆبوونەوەدا بەشدار بوو. پاش ماوەیەک هەستم کرد کاک نەبی رەنگی گۆڕا، کاک حەسەن لە باسەکەدا کەوتە لای کاک نەبی، من زۆرم بە لاوە سەیر بوو. دەمزانی کاک حەسەن بۆچوونی لەو مەسەلەدا لە من نزیکترە هەتا کاک نەبی، ئەی بۆ وا دەڵێ؟! پاش


ماوەیەک بانگی کردمە گۆشەیەک و پێی کوتم ' بڕێک نەرم بن، بەداخەوە کاک نەبێ توشی نەخۆشی شێر پەنجە بووە". لەجێی خۆم سڕ بووم، دەتکوت کوتکێکی قورسم وەسەری کەوتووە، ئەو هەواڵە بۆ من زۆر قورس و گران وقبوڵ کردنی زەحمەت بوو، یان باشترە بڵێم پێم خۆش نەبوو باوەڕبکەم. بەڵام کاک نەبی خۆیی نەیدەویست ئێمە ئاگادار بین، نەکا شوێن لەسەر کارەکانمان دابنێ و لە و بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانماندا شل بینەوە.

هەر چەند نەخۆشی کوشەندەی شێرپەنجە تەواوێک کەم  توانای کردبوو، بەڵام هەتا دوایین ساتەکانی کە زمانی لە کار کەوت و تاقەتی بزووتنی بڕا، لە کارو تێکۆشان رانەوەستا. بە هەموو ئێش و ئازاری شێڕپەنجەوە ژانی کوردی لەبیر نەچۆوە. لە دوارۆژەکاندا کاک نەبی لەدوو بەرەدا بەربەرەکانی دەکرد، بەرەیەکیان گیروگرفتە سیاسییەکانی نەتەوەکەمان بوو،بەرەکەی دیکەش ململانێ دەگەڵ ئەو شێرپەنجەیە بوو کە لە دەروونـدا پێی هەڵدەزنا و بەرەبەرە کزولاوازی دەکرد.شیرپەنجە جەستەی کاک نەبی لەکارخست بەڵام ورەی پێ بەرنەدا، کاک نەبی کەم ژیا وکەڵ ژیا، ئەو دارێک بوو بە پیوە مرد وچۆکی دانەدا و نەلەرزی.

کاک نەبی بەجێی هێشتین. زۆرمان هەوڵدا چالاکییەکانی حیزبی پاش وی کەم نەبنەوە و لە کورتی نەدەن. رووزەرد نەبوین، بەڵام  نەبوونی کاک نەبی مان زۆر پێوە دیار بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ  -  ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١١

## قسەکانی سەعید بەگزادە بۆ یادی ٢٠ ساڵەی شەهید مەلاڕەسووڵ گەردی



ئاشنایەتی و پەیوەندی من لەگەڵ مامۆستا مەلارەسووڵی گەردی دەگەڕێتەوە بۆ نزیک بیست وچوارپێنج ساڵ بەر لەئێستا. دەگەڵ مامۆستا ئەمن لە دوو لایەنەوە پەیوەندیم هەبوو، یەکەم ئەوەی کە مامۆستا وەک یەکێک لە ئەندامانی ناسراوو قەدیمی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا و یەکێک لە چالاکانی ناسراوی ئەو سەردەمە بوو. منیش کە لە ساڵی ١٣٥٧ پەیوەندیم بە حیزبی دێموکراتەوە هەبوو، چەند ساڵ دواتری ناوی مامۆستا مەلارەسووڵم بیستبوو وەکوو یەکێک لە تێکۆشەرانی ناوچەکانی پیرانشار.

دوای ئەوە ئەو پەیوەندی‌یە و ناسیاوی‌یە بوو بە پەیوەندی‌یەکی نزیک کە من لە نزیکەوە لە شۆرشدا بە خزمەت مامۆستا گەیشتم. مامۆستا ئینسانێکی کراوە، مەلایەکی رووناکبیر، رووناکبیرێکی مەلا، مامۆستایەک بوو کە پیاو لە دانیشتن لە گەڵ ئەودا لەزەتی دەبردو شت فێر دەبوو، رابردووی میللەتەکەی لێ فێر دەبوو، رابردووی خەبات و زەحمەت و تێکۆشانی ئەو کەسانەی کە تا ئەو کات، قورسایی و گرانایی شۆرش و بزووتنەوەیان لە سەر شان بوو لە زمان مامۆستاوە دەبیسترا. مامۆستا لە راستیدا، قوتابخانەیەک بوو بۆ ئەو کەسانەی کە تازە دەهاتن دە رێگاو رێبازی ئەوانەوە.

ناسیاوی دوایی من لە گەڵ مامۆستا و بنەماڵەکەی بە هۆی ئەوەوە بوو کە من لە گەڵ کچی مامۆستا پەیوەندیمان پەیدا کرد و من شانازی ئەوەم پەیدا کرد کە لە گەڵ ئەو خانەوادە ببم بە ئەندامێکی بنەماڵە و من بووم بە زاوای مامۆستا مەلارەسووڵ.

لایەنێکی دیکەی کەسایەتی مامۆستا لەو سەروبەندەدا کە دەکرێ بڵێین لە نێو کەلتوروو فەرهەنگی ئێمەدا ئەو کات بە دەگمەن دەبینرا، لە مەجلیسێکدا کە خوازبێنی کچی مامۆستای دەکرا بۆ من، مامۆستا بۆ خۆی گووتی کە من بۆ خۆم بڕیارم داوە و بەو نەتیجە گەیشتووم کە هەر وەک چۆن پێم خۆشە کە کورەکانم ژیانی خۆیان بە دڵی خۆیان و بە کەیفی خۆیان دامەزرێنن، بۆ کچەکانیشم هەرئاوام پێ باشە، بەڵام بەو فەرقەی کە پێم خۆشە کە کچەکانم، ئەگەر مێردیان بە هەرکەس کرد، مادام بە دڵی خۆیان بێ بۆ خۆم لێیان مارە بکەم، بۆیە مامۆستا بۆ خۆی من و کچەکەی لێک مارە کرد. من ئەو کردەوە و وشە جوانانەی مامۆستام لە بیر ناچێتەوە. مامۆستا لە خەبات و تێکۆشانی دا وەک باسم کرد یەکێک لە چێهرەو سیما ناسراوەکانی بەشێکی زۆرلە ناوەندی کوردستان بوو.

مامۆستا لە گەڵ ئەوەی کە تەمەنێکی زۆری نەبردەسەر، بەڵام ئەو تەمەنەی کە هەیبوو لەو کاتەوە کە دەرک و شعووری ئەوەی پەیداکرد کە کۆمەڵ دەبێ چۆن بژی و دەبێ ژیانی چۆن بێ، ژیانی خۆی بەختی ئازادی و رزگاریی نەتەوەکەی کرد. مامۆستا لە گەڵ دوو سیستەمی حکوومەتی کە بەسەر ئێران و کوردستاندا دەسەڵاتدار بوون خەباتی کرد.
مامۆستا زیندانەکانی شا، شاهیدی بۆ قارەمانەتی ئەو دەدەن. حکوومەتی شاهەنشایی ئێران و ساواکی بە زیپک و زاکوون، لە کوردستان بە چەندین جار مامۆستایان لە زیندان هاویشت و ئەشکەنجەیان کرد و ویستیان بە چۆکی دابێنن، غافڵ لەوەی کە مامۆستا کەسێک نەبوو، خاوەنی ئەو بیروڕایە نەبوو، ئەو کەسە نەبوو، کە ساواکی ئێران پێی وابوو بتووانێ بە چۆکی دابێنێ. مامۆستا پۆڵایەک بوو کە قەت نەچەمی.

ئەسنادی ساواک کە ئێستا رادەیەکی کەمی بەدەستەوەن، شاهیدی بۆ ئەو قسانە دەدەن، شاهیدی ئەوە دەدەن کە مامۆستا لە زیندانەکانیشدا، یەکێک لەو کەسانە بوو کە بڕوای قایمی، ئیمانی پتەوی، ورەو غیرەتی بەرزی، رێی بەوەنەدا کە دەگەڵ ئەوەی مامۆستا شارەزایی‌یەکی زۆری لەسەر تەشکیلات و رێکخراوەکانی حیزبی هەبوو، هیچ شتێکی لێ بدرکێ.

لە سیستەمی حکوومەتی ئەو دوایەشدا کە بە دەست سیستمی مەلاکان و دەستەڵات بە مەلاکانە، مامۆستا لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕشی ئێرانەوە، یەکێک لەو کەسانە بوو کە رێکخەری ئەو حەرەکەت و بزووتنەوانە بوو کە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و بە هیوای ئەوەی کە ئاوات و ئامانجەکانی کە ئەو خەباتی بۆ کردبوو وەدی بێ، خەڵکی رێکدەخست، بەڵام بەداخەوە لەو حکوومەتەشدا چاوەروانی و ئاوات و ئامانجەکانی مامۆستا بەدی نەهاتن، لەبەرئەوە مامۆستا بۆ جارێکی دیکەش و قورس و قایمتریش لە جاران رێی خەباتێکی توندوو تیژتر لە جارانی گرتە بەر.

مامۆستا کەوتە شاخەکانی کوردستان و لە گەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەندەناوبەندەن، گوند گوند و شاخە وشاخ، دیفاعی لە بست بە بستی خاکی وڵاتەکەی کرد. خەڵکی رێک دەخست. قسەکانی مامۆستای لە مزگەوت و لە

کۆرو کۆبوونەوەکاندا، ئێستاش زبان زەدو جێی باسی جیلەکانە، ئێستاش باس دەکرێ لەو ناوچانەی کە شوێنی تێکۆشانی مامۆستا مەلا رەسولی گەردی بووە.

ئەو حکوومەتەش هەر وەک حکوومەتەکەی پێشوو زۆری هەوڵ دا کە مامۆستا بێدەنگ کاو مامۆستا بە چۆک دابێنێ و مامۆستا وەزاڵە بێنێ و بیکشێنێتەوە لە خەبات یان لە بەینی بەرێ. لەوەدا کە مامۆستا بە چۆک دابێنێ و بیکشێنێتەوە، سەرکەوتوو نەبوو. لە چەندین پیلان و بەرنامەشدا کە بۆ لە بەین بردنی مامۆستا دارێژرا، بە غیرەتی و وشیاریی مامۆستا، بەرنامەکانیکۆماری ئیسلامی پووچەڵ کردنەوە. سوپای پاسداران مووەفەق نەبوو کە بەرنامەکانی بەرێوە بەرێ. تا ئاخری لە بەرنامەیەکی گشتی تردا و لە پیلانێکی گشتی تردا کە سوپای پاسداران بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دایرشت، مامۆستا لە گەڵ چەند کەسێکی تردا لە رێگای ئامانج و هیواکانی خۆیاندا فیدا بوون و، بوون بەشێک لە تاریخ و مێژووی خەبات و تێکۆشان و فیداکاری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و میللەتەکەیان.

گومان لەوەدا نیە کەمێژووی خەبات و تێکۆشانی ئەو میللەتە و فیداکاری رۆڵەکانی دەنووسرێتەوە. مەلا رەسووڵی گەردی، یەکێک لەو سیماو چیهرە ناسراو و لەو ئەستێرە پڕ غروورانەیە لە ناوچەی پیرانشار کە بەدیهێنەری بەشێکی بەرزو زێڕینی ئەو مێژوەیە.
مەلا رەسووڵی گەردی سەفحەی زۆر زێڕین و پڕ بایەخی مێژووی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان و رۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ناوچەیە دا لە خۆ دەگرێ.

مەلا رەسووڵی گەردی لە ماڵی خۆشی دا قوتابخانەیەکی درووست کرد بۆ منداڵەکانی. لەگەڵ ئەوەی کە خەبات و تێکۆشان ودڵسۆزی و فیداکاری بۆ میللەتەکەی، کەمی ماوە بۆ هێشتبۆوە کە بەو جۆرەی بابەکان ژیانی خۆیان هەموو بۆ منداڵەکانی خۆیان تەرخان دەکەن، تەرخان بکا، چونکە ئەو بە تەنیا خاوەنی منداڵەکانی خۆی و باب بۆ منداڵەکانی خۆی نەبوو، ئەو دە خەمی هەموو منداڵەکانی کوردا بوو و دە خەمی هەموو نەتەوەکەی خۆی دابوو و بۆ هەموو منداڵەکانی ئەو سەردەمە باب بوو، بەڵام لە دەوروبەری خۆی لە خانەوادەکەی خۆیدا قوتابخانەیەکی درووست کرد کە ئێستاشی لە گەڵ بێ منداڵەکانی بە گەورەو چووکەوە، رێبواری ئەو رێگایەن کە مەلا رەسووڵ پێی دا رۆیی، هەموویان خاوەنی ئەو بیرو بۆچوون و فکرو هەست و کورد خۆشەویستیەن کە بابیان لە رێگای دا خۆی فیدا کرد. هەر بەرزو پیرۆز بێ و پڕ رێبوار بێ و بە ئامانج بگا ئاواتەکانی مەلا رەسووڵی گەردی.

سەرچاوە: نامیلکەی تایبەت بە ٢٠ ساڵەی شەهید مامۆستا مەلا رەسووڵ

## سەعید بەگزادە: هەر پارچەی کوردستان دەبێ خۆی ڕێگای خەبات و چۆنیەتیی سازمانی سیاسی خۆی دیاری بکا



**دیمانە: جەعفەر شەریعەتی**

**بەڵێنییەکانی رووحانی بۆ دابینکردنی چەند مافێکی کەمە نەتەوەییەکان لە ئێران، پێوەندیی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرەبەری پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی، خەباتی چەکداریو هەروەها مەسەلەیەک کە شەقامی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستانی تا رادەیەک ئاڵۆزو هێنایە جۆش، وەک هێرشی سەرۆکی پژاکو ئەندامێکی رێبەریی ئەو پارتە کە حیزبی دێموکراتی بەگشتی کردە ئامانجو بڵاوکراوەیەک بەناوی "کۆمیتەی ساخکەرەوەی حدک. رێبەرایەتیی شۆرشگێر". کۆمەڵە باسێکن کە بۆ تاوتوێ کردنی ئەم بابەتانە لە دیمانەیەک دا لەگەڵ بەرێز سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو جێگری بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی ئەو حیزبە لە دەوەوەی وڵات، دەخرێنەبەر باس.**

**جەعفەر شەریعەتی: لە ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی حەسەنی رووحانی وەک سەرۆک کۆماری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران هەڵبژێردرا، هەر چەند حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد لە هەڵبژاردن دا بەشداریی نەکەن، دوای هەڵبژاردن حیزبی ئێوە سەبارەت بە بایکۆتی هەڵبژاردن بەجۆرێک رەخنەی لە خۆی گرت، ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن دەروانێتە دەوڵەتی نوێی ئێرانو پێتانوایە چ جیاوازییەک لە نێوان ئەم دەوڵەتە نوێیەو**

دەوڵەتەکەی پێشوو هەیە؟ تا ئێستا رووحانی بە دانانی پارێزگارێک بۆ پارێزگای سنە هەنگاوی ناوە، پێتانوایە ئەمە یەکەم هەنگاوی ناوبراوە یان سەرجەم بەڵێنییەکانی لەمەدا کۆدەبێتەوە؟

**سەعید بەگزادە**: پێش ئەوەی بچمە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان بەپێویستی دەزانم تەوزیحێکی هەر چەند کورتیش بێ لەسەر دارشتنی پرسیارەکەتان بدەم.

ئێمە دوای هەڵبژاردنی ئەم دواییانەو تەنانەت زۆر پێش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریش زۆر بەراشکاوی رامانگەیاندوە کە رێزمان بۆ ئیرادەو ویستی خەڵک هەیەو رێز لە تەسمیمو دەنگی خەڵکەکەمان دەگرین. ئەوەی بەلای حیزبی ئێمەوە لەم بارەوە زۆر گرینگە ئەوەیە خۆمان لە سیاسەتو هەڵوێستی کلێشەکراوی رابردوو دەرباز بکەین. حیزبێکین عەمەلیو ئاکتیوو، پێمانوایە دەبێ لەسەر هەر رووداو و ئاڵوگۆرێک لە ئێراندا کە ئێمەش تا ئێستاش هەر بەشێکین لەم وڵاتەو خەباتەکەمان لەم چواچێوە جوغرافیایە دایە، شوێندانەر بین. لەسەر هەموو رووداوەکان، هەم دەبێ تەئسیر وەربگرینو هەمیش ئەوەندەی دەتوانین تەئسیرگوزار بین. ئەوەش کە ئەم هەڵوێستە بە لای ئێوەوە یان بەلای خەڵکی دیکەشەوە ئاوا تەفسیر دەکرێ یان بکرێ کە دوای هەڵبژاردن ئێمە رەخنەمان لە هەڵوێستی پێشووتری خۆمان گرتوە، یان لێی پەشیمان بووینەتەوە، نەتیجەگیری و ئاکام گیرییەکی دەجێدا نییە. هەڵسەنگاندنی حیزبی ئێمە پاش هەڵبژاردنیش ئەوە نەبووە کە خەڵک دڵخوازانە هاتوونو نوێنەری دڵخوازی خۆیان هەڵبژاردوە، بەڵکوو پێمانوایە خەڵک لە دەرفەتەکە کەڵکی وەرگرتووەو دەنگێکی ئیعترازییان بە رێبەری وڵاتو ولایەت داوە. لە نێو هەموو کاندیداکاندا پشتی ئەو کەسەیان گرت کە کەمتر لە ئەوانی دیکە دڵخوازی ئیمام بوو. دەگەڵ ئەوەش ئەوەندە زیاد دەکەم هیچ تاوان نییەو غەڵەتیش نییە ئەگەر سبەینێ پێمانوابێ هەڵوێست یان بریارێکی ئەورۆمان هەڵە بووە یان بمانهەوێ راستی بکەینەوەو پێداچوونەوەمان هەبێ. ئەوە عەینی شەهامەتو بڕوا بە خۆ بوونو سەربەخۆیی سیاسەتی ئێمە دەگەیەنێو ئەو ئیستعدادەش دە حیزبی خۆمدا دەبینم.

لە وەڵامی پرسیارەکەشتاندا دەبێ بڵێم، بەینی رووحانیو ئەحمەدینەژاد جیاوازی هەیەو لانیکەم هەر لە شێوەو چۆنیەتیی دیاریکردنی کابینەکەشیاندا دەردەکەوێ. کابینەی ئەحمەدینەژاد زۆر یەکدەستر بوو لەم کابینەی کە رووحانی پێشنیاری کرد. ئەوەش کە خودی دەوڵەتی ئێستاو رابردوو چ جیاوازییەکیان دەگەڵ یەکتر هەیە، بۆ نەتیجەگیریو هەڵسەنگاندن زوویە. گرینگ خودی کەسەکان یان ئەفکاری شەخسیی خۆیان نییە، گرینگ نەتیجەی کار، تەسمیمو کردەوەکانی دەوڵەتی ئێستایە کە دەتوانێ لە دەوڵەتی پێشووی خۆی، خۆی جیا بکاتەوەو جیاوازی پێکبێنێ. دەگەڵ ئەوەش کە نابێ چاوەروانی موعجزە لەم دەوڵەتە بکەین، چونکە بریاردەری مەسەلە گرینگەکان ئێستاش ئیمامی حکوومەتەو هەموو باسە گرینگەکان دەگەرێنەوە بۆ خامنەیی. بەڵام ئەگەر بێتوو رووحانی بە وادەکانی ئینتخاباتی خۆی عەمەڵ بکاو ئەنجامیان بدا، دەرەتانی کرانەوەی کەمترین فەزای سیاسیی لە وڵاتدا پێکبێ، بەپێی زەرفیەتی سیاسیی خەڵکانی ئێران، درەتانی چوونە پێش بۆ



سەرچاوە Serchawe

هێنانە گۆری ویستی زیاتر عەمەلیتر دەبێ. ئەوەش نابێ پرینگانەوەی لێبکرێ، بەڵام ئەوەی کە کەسێکی کوردی وەک پاریزگار دیاریکردوە،هەنگاوی یەکەمە یان کۆتاییو سەرجەمی وادەکانی! وەڵامەکەی لای من نییە. ئەو پرسیارە کاتێک دروست بوو کە ئێمە دەگەڵ رووحانی سازانو قەرارێکمان هەبوایە. بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارە لای رووحانیو کابینەکەیەتی. هەر چەند لێرەدا ئیشارە بە دوو بابەت گرینگە، یەکەم بێئەوەی هیچ نەزەرێک بە باش یان بە خەراپ لەسەر ئەم کاربەدەستە کوردە بدەم، پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێ کە هەر کوردێک دانرا بە مانای گەراندنەوەی دەسەڵات بۆ کوردو کوردستان نییەو تەنانەت لەم بەشە چووکەی ژێر دەسەڵاتی ئەو کەسەشدا هەموو شتێک نییە. لە لایەکی دیکەشەوە نابێ ئاوا بیر بکەینەوە چونکە هەموو نیازو ئارەزووەکانمان وەدینەهاتوون، کەوابوو ئەگەر کوردێکیش بوو بە پارێزگار هەر خەراپەو نەبێ باشترە.

ئەوەی کە بۆ حیزبی ئێمەو بە گشتی بۆکورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان گرینگەو جێگای موناقشە نییە، بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی میللەتەکەمانە لە تەواوەتی خۆیدا. هەتا گەیشتن بەو مافانەش خەبات بە هەموو شێوەکانی مومکینو گونجاویەوە بەردەوام دەبێ. بەڵام گەیشتن بە ئامانجو مافەکان هەروەک پێشتریش من چەند جار ئیشارەم پێداوە لانی کەم ئێستا وانایەتە بەرچاو کە یەکجێ وەدەست بێنو کارمان کۆتایی بێ. بەداخەوە بەدەستهێنانی ئازادی نیهایی ئێمە پرۆسەیەکی کورت نییە.

**جەعفەر شەریعەتی:** کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی، تا چ رادەیەک بۆتە هۆی توانەوەی سەهۆڵبەندانی پێوەندییەکانی نێوان حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان؟ بە بڕوای ئێوە کۆنگرەی نەتەوەیی تا چ رادەیەک دەتوانێ لە نزیکبوونەوەو کاری هاوبەشی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵەتی کوردستان دا رۆڵی هەبێ؟ بە گشتی بۆچوونی ئێوە لەسەر کۆنگرەی نەتەویی چییە؟

**سەعید بەگزادە**: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێم باشترە لە بەشی کۆتایی پرسیارەکەوە دەست پێبکەم.

لە دونیای ئەورۆدا، هەر چەند وڵات، ئەحزاب، تەنانەت شیرکەتی بازرگانیش کە قازانجی هاوبەشو دوژمنی هاوبەشیان هەیە، لێک نزیک دەبنەوەو نەوعە وەحدەتێک پێک دێنن. ئەوە یەکێتی ئوروپا، ئەوە یەکێتی وڵاتانی عەرەبی، ئەوە یەکێتی وڵاتانی خەلیج، ئەوە ئۆپێک. تەنانەت سێ وڵاتی تورکیە، عێراقو ئێران بۆ قازانجە هاوبەشەکانی خۆیان هاودەنگییان هەبووەو تەنانەت زۆر جار لەم پێوەندیەدا کێشە هەمیشەییەکانی خۆیانیان لە یاد کردووە. ئەوەی کە هەتا ئێستا وەدوا کەوتووە ئێمەی کوردین.

بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان باسو گرینگی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی یان ئۆرگانێک بۆ هەماهەنگیو تا رادەی مومکین یەکدەنگی لە ئاستی دەرەوەیداو پشتگیریو هاوکاریی بەشەکانی کوردستان دەگەڵ یەکتر، شتێکی نوێو تازە نییەو ساڵانێکە داوای دەکەینو کاریشمان بۆ کردوە. بەڵام بە زۆر دەلیل هەتا ئێستا جێبەجێ نەبووە. ئێستا کە بە هەوڵی سەرۆکی هەرێمو حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیمکانی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پێکهاتوە، هەروەک بۆ هەموان ئاشکرایە حیزبی ئێمە لە هیچ شتێک کە بۆ سەرکەوتنو سەرگرتنی ئەم هەوڵە پێویست بێو دەتوانای ئێمەدا بێ، کۆتایی نەکردوە کە هیچ زۆریشی تێدا کۆشایە. دروستبوونی کۆنگرەی نەتەویی بە وەدیهاتنی یەکێک لە مەبەستو بەرنامەکانی خۆمان بۆ ئایەندەو وەسیلەیەکی کارا بۆ بەدەستهینانی ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆمانی دەبینین. ئاواتی ئەوەش دەخوازینو هەوڵیشمان لەم کۆنگرەیەدا ئەوە دەبێ کە ئەم کۆنگرە لەو راستایەدا سەرکەتوو و بە بەرنامەو پڕ دەسکەوت بێ.

ئەوەش کە دانیشتنو کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ئامادەکار بە قەوڵی بەرێزتان چەندە بۆتە هۆی تواندنەوەی سەهۆڵبەندانی نێوان هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بێگومان بێتەئسیرو شوێنەوار نەبووە. هەر ئەوە کە هەموو هیزەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستان پێویستە دەگەڵ یەکتر ساخبوونەوە بکەنو بەرنامەی هابەش بدەنو نوێنەرایەتی دیاری بکەن، خۆی دەخۆیدا نەوعێک هاوکاریو ئیلزامات بۆ هەموان پێکدێنێ. هێزەکانی رۆژهەڵاتیش لەم قاعیدە جیا نابنەوە، ئەوەش دەبێ بە خاڵی ئەرێنی بۆ دۆستایەتیو هاوکاری سەیری بکرێ. دیارە کۆنگرەی نەتەوەیی ناتوانێ هەموو کێشەو لەمپەرەکانی نێوان هیزەکان لاببا. ئەوە هێزەکانی کوردی رۆژهەڵاتن کە خۆمان دەبێ ئیدی ئەوەندە خەمخۆریمان بۆ وڵاتو خۆمان هەبێ کە کێشە لاوەکییەکان وەلا بنێنو هەوڵی لێک نزیکبوونەوەو هاوکاری زیاتر دەگەڵ یەکتر بدەین. ئەوندەی دەگەڕێتەوە بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەم بارەوە بە مەبەستی قازانجو بەرژەوەندیی گشتیو نەتەوەیی، تەواو کراوەیەو، ئامادەی هاوکاریو هاوهەڵویستیو بەرنامەی هاوبەشو لێک نزیکبوونەوەی زیاترین.

**جەعفەر شەریعەتی**: لە چەند رۆژی رابردوودا شەقامی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان شاهیدی چەند لێدوانی توندو هێرشکردنە سەر حیزبی دێموکرات، لەلایەن حاجی ئەحمەدی، سەرۆکی پژاکو ئەندامێکی سەرۆکایەتیی ئەو پارتەو پاشان وەڵامدانەوەی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ئێوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەنجام پژاک چۆن پێناسە دەکەن؟

**سەعید بەگزادە**: زۆر بەداخەوە هێرشی بەریز حاجی ئەحمەدیو جارو بار بەرپرسانی دیکەی پژاک بۆسەر حیزبی ئێمە یان هەر دووک دێمۆکرات، یان گشتیتر بۆسەر هەموو رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان شتێکی نوێ نییەو هەر جارە ناجارێک لە دەرفەتو بەهانە سازێک دەگەڕێنو، هەڵدەکوتنە سەرمان.

زۆر جاران هەوڵمانداوە لە ئاست ئەم پیلە پێگرتنانەدا بێدەنگ بێنو لەبەر قازانجو بەرژەوەندیی گشتی، یان بۆ ئەوەی مەودای دەمتێوەردانی دوژمنی کورد نەدەین لە خۆمانمان مایە داناوە، بەڵام زۆر بەداخەوە جاری وایە ئەو بەرێزانە هێرشەکان دەگەیەنە رادەیەک کە تەنانەت تاقەتو سەبرو بێدەنگی ئێمەش دەپسێنن. زۆر بەکورتی بڵێم کە ئێمە نەک دەستپێشخەری هیچ هێرشێک بۆسەر هیچ هێزێکی کوردی نەبووینو نابین، بەڵکوو تا ئەو جێگایەی کە بتوانین خوازیاری وەڵامدانەوەی توندیش نین، بەڵام نابێ بگاتە ئەو جێگایەش کە واهەست بکرێ قسەمان بۆ کوتن نییە، بەڵکوو بەرژەوەندیو هەست بە بەرپرسایەتییە کە بێدنگمان دەکا. ئەو وەڵامە کورتو کەمەی سکرتێری حیزبی ئێمەش تەنیا بۆ وەبیر هێنانەوەی ئەوە راستییە بەو بەرێزانە بوو کە بکەوێتەوە یادیان کە هێرشو دژایەتی کردن لە راگەیەنە گشتییەکانیشدا دەبێ سنووریان هەبێو پاراستنی ئەو حەدو مەرزەش لەسەر هەموانە.

ئەوەش کە ئێمە چۆن پژاک دەبینین، نە تەنیا جارێک بەڵکوو زۆر جاران لە زمانو گوتاری سکرتێری حیزبی ئێمەوە بە گوێی هەموو کەس گەیشتوە کە پژاک ئەمری واقیعەو لە کوردستان وجوودی هەیەو ئێمەش ئینکارمان نەکردوە، بەڵام ئێستاشو هەمیشەش بڕوامان وابووە کە هەر پارچەی کوردستان دەبێ خۆی رێگای خەباتو چۆنیەتیی سازمانی سیاسی خۆی دیاری بکا. هاوکاریو رێنوێنیو پشتگیری حیزبی پارچەکان یان بەگشتی خەباتی هەرکام لە پارچەکان لەسەر شانی هەموو لایەکە، بەڵام دروست نییە ئەو پشتگرییە بگاتە رادەی تەسمیمگیریو نەدیتنی هێزەکانی ئەو پارچەیە.

پێمخۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە قەت حیزبی ئێمە پێیوانەبووە کە بەتەنێ ئەسپ سواری مەیدانی خەباتی کوردستانەو کەسی دیکەی لێ نییە، یان بۆی نییە جێگای هەبێ. هەرکەس دروویەکی بۆ لە قالبی زامداری ئەو میللەتو وڵاتە زامدارو زوڵملێکراوە بۆ دەربێ، ئێمە بەشبەحالی خۆمان سپاسگوزاری دەبین.

**جەعفەر شەریعەتی:** ئەو بار گرژییە کە دوای لێدوانەکانی پژاکو دێموکرات لە ئارادایە، تا چەند کاریگەریی لەسەر پێوەندییەکانی ئێوەو پارتی کرێکاران بووە؟

**سەعید بەگزادە:** پارتی کرێکارانی کوردستان یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی گەورەترین پارچەی کوردستانەو ئێمەش پێوەندیمان دەگەڵیان هەیە. بەهیچجۆر نەمان ویستوە ئەو هێرشە نادۆستانەی پژاکیش شوێن لەسەر هەڵوێستو روانینمان دابنێ. دیارە ناشاردرێتەوەو حاشاش ناکرێ کە چاوەروانیمان نییە ئەم هەڵوێستانە هەروا بەردەوام بن. ئێمە هەوڵمان ئەوە بووە کە دۆستایەتیو پێوەندییەکانمان دەگەڵ هێزەکانی کوردستانی لە هەموو پارچەکان برایانە بێ.

**جەعفەر شەریعەتی:** ئێوە چەکدارنو خەباتی چەکداری ناکەن، خەباتی مەدەنی دەکەنو لە رۆژهەڵاتی کوردستان مەیدانی

**تێکۆشانێکی لەم چەشنەتان بە ئازادی پێنادرێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێستادا چۆن خۆی پێناسە دەکا؟**

**سەعید بەگزادە**: کەی ئێمە کوتومانە خەباتی چەکداری ناکەین؟ یان لە کوێدا باسێکمان هەبووە کە ئەوە بگەیەنێ کە تەنیا خەباتی مەدەنی دەکەین؟

ئێمە بۆ دیفاع لە مان و بوونی میللەتەکەمان قەت لە فیدا کردنی گیانی خۆمان سڵمان نەکردوە. هیچ حیزبێک لە هیچ کوێی ئەم جیهانەدا شک نابەم بە ئەندازەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە رادەی سەرووی خۆیدا شەهیدی بۆ میللەتەکەی دابێ. لە پێشەوا قازی محەممەدەوە بگرە هەتا ئێستا تەواوی بەرپرسانی یەکەمی حیزبی ئێمە کە لە ژیاندا نەماون، بەدەستی دوژمنو لە خەباتدا شەهید کراون. بەڵام زۆر بەراشکاوی دەڵێم کە ئێمە هەرگیز ئاشقی کوشتن و خۆ بە کوشتدان، خوێنو خوێنرشتن نەبوینو نین. ئەوەی کە خەباتی توندمان هەبووە، کوژراوین یان بۆ دیفاع خەڵکمان بەدەست زایە بووە، تەنیاو تەنیا دوژمن ناچاری کردوینو بەسەریدا سەپاندووین.

ئێمە مافی نەتەوایەتیمان زەوتکراوەو هەتا بەدەستهێنانەوەی خەباتی بۆ دەکەین، زۆرمان پێ باشو دروستە ئەو مەسیرە بەبێ خوێنرێژی ببڕین، بەڵام لە هەمانکاتدا هیچ ڕێگاو تاکتیکێک لە خۆمان حەرام ناکەینو لە هەموان کەڵک وەردەگرین. هەر کاتو زەمانێک کامیان گونجاوتر بێ دەکاری دەکەین، بەڵام زۆر سروشتییە کە پێمانخۆشە ئەو رەوتە بەبێ کوشتارو خوێن بێ، دەنا هەروەک کوتم، لە گیانو ماڵ فیدا کردندا بۆ بەختەوەری میللەتمان هەروەک رابردوو، پێویستیمان بە وەبیر هێنانەوە نییە، بەڵام ئەو ڕێگایە هەڵبژاردەی تەرەفی ئێمەیە، نەک ئێمەی کورد.

**جەعفەر شەریعەتی: پێتانوایە بە خەباتی مەدەنی لە کاتێکدا ڕۆژانە دەیان چالاکی مەدەنی دەستبەسەر دەکرێن، دەتوانن کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خەباتێکی جەماوەریی بەرفراوان بۆ ناچار کردنی حکوومەتی ئیسلامی بۆ قبووڵ کردنی مافەکانیان بێنە مەیدان؟**

**سەعید بەگزادە**: ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ تەواوی مافەکانی گەلی کوردی بۆ قبوول بکرێ یان بۆی هەزم ببێ، زەحمەتەو، ئەورۆی کۆماری ئیسلامی بۆ مەیدانداریەکی لەم چەشنە لە شەقامەکاندا کراوە نییە، بەڵام هێزو توانای خەڵک قەت نابێ بە کەم بگیرێ. ئیرادەی خەڵک بەهێزترین دەسەڵاتەکانی بە چۆک داهێناوە. ئەگەر کۆمەڵانی خەڵک نەک بەتەنێ لە کوردستان، بەڵکوو لە شارە گەورەکانی ئێرانەوە ئامادە بکرێنو بڕژێنە شەقامەکان بێگومان زۆر شوێندانەرو کاریگەر دەبێ. راستە ئێمەو نەتەوەکانی دیکەی ئێران کێشەی نەتەوەییمان هەیە، بەڵام خەبات بۆ ئازادیو دێمۆکراسیو دەوڵەتی غەیری مەزهەبی گشتیو ویستی هەموو دانیشتوانی ئێرانەو دەبێ وێکرا بێو دەتوانین لێرەدا بە یەکەوە بێینە

مەیدانو شەقامەکان.

بەڵام زۆر بۆنەو شتی تایبەتی هەن کە جارێ گشتی نینو گرینگیان هەر بۆ کورد هەیە، کە لەم رۆژانەدا ئەگەر بەتەنێش بین نابێ گرینگی پێنەدرێو نارەزایەتی نیشان نەدرێ. کورد لە فیدا کردنی گیانی بۆ نیشتمانو ئازادی قەت دریغی نەکردوە هەتا لە ترسی زیندانو ئەشکەنجە لە دوژمن بپرینگێتەوەو، نەیەتە شەقامەکان. بۆیە ئەم شێوە خەباتە زۆر کارێو ئەورۆییەو وەک هەموو شێوەکانی دیکەی خەبات نابێ لەبەرچاو نەگیرێو گرینگی خۆی نەدرێتێ.

**جەعفەر شەریعەتی:** ئێوە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە خەباتی چەکداریتان راگرتوە، با لەوە گەرێن کە هەموو جارێ دووپاتی دەکەنەوە، ئێستا کاتی خەباتی چەکداریی نیە، پێتانوایە هەلومەرج بۆ خەباتی چەکداری کەی لەبار دەبێ، ئەمە لەکاتێکدایە کە هەواڵەکان باس لە چوونە سەری رێژەی لایەنگرانی ئەم جۆرە خەباتە لە حیزبەکەی ئێوە دەکەن؟

**سەعید بەگزادە:** سازبوون و سەرهەڵدان یان دیاریکردن و دەستپێکردنی شێوەیەکی خەبات نابەسترێتەوە بە فلان مانگو وەرز، هەتا بڵێم مانگی رەزبەر یان زستانی ئەم ساڵ، یان... دەستپێکردنی شەڕی چەکداری خەلەو خەرمانو ترێ نییە بڵێی لە فلان وەرزدا خەرمانەکەمان هەڵدەگرینەوە یان رەزەکەمان دەرنینەوە. ئەوە بەستراوەتەوە بە هەلومەرجی سیاسی ناوچە. بێ لەبەرچاو گرتنی بارو دۆخی ئەمنیەتی ناوچە نابێ. پێویستی بە پشتی جەبهەی قایم هەیە. بەڵام ئەوەی بۆ وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بە پێویستی دەزانم ئیشارەی پێ بکەم ئەوەیە ئێمە هەر کات بە پێویستمان زانیبێو کاتی بووبێ، ئەم شێوەمان دەکار خستوەو لەم رێگایەدا شەهیدیشمان داون، کە زۆریش کۆن نین. خەباتی چەکداری هەتا ئێستا بۆ حیزبی ئێمەو بەگشتی بۆ کوردو خەباتەکەی دەگەڵ ئەوەی کە کورد خۆی زۆری خوازیار نەبووەو زیاتر داسەپاوی دوژمن بووە، بەڵام کارایی زۆر باشی هەبووە، لاپەرەکانی پرشنگداری مێژووی کورد ئەو شێوە خەباتەیەتی کە دروستی کردوە. تەنانەت ئەگەر بڵێم مانەوەو پاراستنی کوردو کولتورەکەی قەرزداری شاخو پێشمەرگەکانیەتی کەمم کوتوە. ئێستاش خەباتی چەکداری وەک شێوەکانی دیکەی خەبات لە دەستووری کاری حیزبی ئێمەدا جێگای خۆی هەر هەیە، بەڵام ئەگەر دەرەتانمان بدرێ هەروەک پێشتر کوتم پێمانخۆشە رێگای دیکەو هاسانتر بگرینە پێش. دەنا شاخو پێشمەرگەو حیزبی دێمۆکراتو فیداکاری یاری لێک دانەبڕاون.

**جەعفەر شەریعەتی:** حەوتووی رابردوو راگەیەندراوێک لەژێر سەردێری "کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان- رێبەرایەتیی شۆرشگێر بڵاو کرایەوە. بە ناوێک کە ئەم کۆمیتەیە بۆ خۆی دەستنیشان کردوە، واوێدەچێ ئەو کەسانەی راگەیەندراوەکەیان بڵاو کردۆتەوە، لە تەشکیلاتی حیزبی ئێوەن، دەکرێ بە کورتی باسی سەرهەڵدانی ئەم باسە لە تەشکیلاتەکەتانو هۆکارەکەی بکەن؟



سەرچاوە
Serchawe

**سەعید بەگزادە**: حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر کە نەتیجەو بەرهەمی کێشەکانی کۆنگرەی ٨ حیزبەکەمان بوو، خاوەنی ٨ ساڵ خەباتو فیداکاریو بڕیاری سیاسیی زۆر گرینگو خەباتێکی سەختی پێشمەرگانەیە. ئەو حیزبە لەماوەی حەیاتی سیاسی خۆیدا لە قەدەر توانایی خۆی مێژوویەکی زۆر بە ئەرزیشو فیداکارانەی بۆخۆی تۆمار کردوە، ڕۆڵەی زۆر بەکارو ئازاو وشیاری فیدای ئازادیو سەربەستیی میللەتەکەی کرد.

پاش کۆنگرەکانی ١٠ی هەر دووک حیزبی دێمۆکراتی ئەوکات بە بڕیارێکی زۆر مەسئوولانەی هەر دووک لا ئەو دوو حیزبە بوونەوە بە یەک حیزبو خەباتی فیداکارانەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێریش بوو بە بەشێک لە مێژووی گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو لەو کاتەوە هەموو لایەکمان لە یەک حیزبو تەشکیلاتدا درێژەمان بە خەبات داوە هەتا کۆنگرەی ١٣. پاش کۆنگرەی ١٣ کە دیسان بەداخەوە حیزبی ئێمە تووشی لێکدابڕان بۆوە، ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات بەگشتی چ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێرو چ بەشەکەی دیکەی حیزب دیسان بەسەر هەر دووک لا دابەش بوونەوە، تەنانەت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێری پێشووش، لەم دابەشبوونەدا موستەسنا نەبوونو ئەوانیش دابەشبوون، بەڵام لایەک زیاترو لایەک کەمتری بەرکەوت. هەر چەند ئێرە نە جێگایەتیو نە دەشکرێ ئەو پرسیارە ئەوەندە درێژ بکرێتەوە، بەڵام مەبەستو شێوەی تێکەڵبوونەوەکەی پاش کۆنگرەی ١٠ هیندێک خاڵی لاوازی تێدا بوون کە دوایی زیاتر دەرکەوتن. ئەگەر کاتێکی دیکە پێویست بێ‌و دەرەتانی ئەو باسانە بێتە گۆڕێ زیاتر دەچمە ناو باسەکان، بەڵام ئەگەر کەس یان کەسانێک جا چ لەم بەشەی حیزب دابووبن یان نەخێر ئەسڵەن هەر حیزبی نەبووبنو بە مەبەست بیانهەوێ ئەو قەزییە بکەنە دەستئاویزو کەڵکی لێوەربگرن، هەڵەیەکی گەورەیەو بەمجۆرە هیچ خزمەتێک نە بە ڕابردوو و نە بە داهاتووی خەڵکو حیزبەکەمان ناکەن.

ئەوەندەی بۆ حیزبی دێمۆکرات دەگەڕێتەوە، هەرکەس بیهەوێ حیزب دروست بکا یان نەخێر دروستی بکاتەوە کەیفی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر ئەوانە ئەندامی حیزبی ئێمە بن، بەپێی ئەساسنامەی حیزب کە هەمومان پەسەندمان کردوە، هیچ ئەندامێکی حیزبی ناتوانێ هاوکات ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بێ‌و لە حیزبێکی دیکەی کوردیشدا چالاکی بکا. دەبێ یەکیان هەڵبژێرێ. ئەگەر ئەندام یان مەجموعەیەک ئەندامی حیزبی بیرێکی جیاواز لە حیزبو سیاسەتو تاکتیکەکانیان هەبێ، بە پێی یاسا ڕێگایان پێدراوە لە حیزبدا رایبگەیێننو کاری بۆ بکەن.
ئەو ڕاگەیندراوە منیش دیتومە، بەڵام من لە دەرەوەی وڵات بەرپرسایەتی تەشکیلاتەکانی حیزبم پێیەو تارادەیەکیش هەم تەشکیلاتەکە دەناسمو هەم خەڵکەکەمان. تا ئێستاش من نە کەسانێکی جیدیم بۆ ئەو مەسەلە دیتووە نە بە هەوڵێکی جیدیشی دەزانم. هەروەک باسیشم کرد هەر کەس بە هەر مەبەستێک بیهەوێ هەر حیزبێک بۆخۆی دروست بکا مافی خۆیەتی، بەڵام ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە دوو حیزبی کوردیدا کار ناکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## سەعید بەگزادە: هەموو لایەک وەک یەک خاوەندارەتیی حیزبی ئایەندە بکەن‌و خانەخوێ‌و میوانی تێدا نەبێ



**دیمانە: جەعفەر شەریعەتی**

**لە چەند حەوتووی رابردوودا باسی یەکگرتنەوەی حدک‌و حدکا لە چوارچێوەی حیزبێکی دێموکراتدا مانشێتی هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە رۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ خۆی تەرخان کردوە، بۆ تیشک خستنە سەر چەند بابەتی پەیوەست بەم مژارە، لە دیمانەیەک دا سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و جێگری بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان روانگەی حیزبەکەی دەخاتە روو.**

**جەعفەر شەریعەتی: لەناو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا باسێکی گەرم سەبارەت بە یەکگرتنەوەی هەردووک لاتان دەگەڵ یەکتر لە ئارادایە، پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە چ قۆناخێک دایە؟**

**سەعید بەگزادە**: گەرمبوونی ئەم باسە زۆر باشەو نیشانەی بەهەست بوون‌و بەخەمبوونی ئەندامانی هەردووک حیزبە بۆ ئایەندەی هاوبەشی دێمۆکراتی یەکگرتوو. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەندامانی حدکو بەگشتی ئەم حیزبە، ئەم باسەی ڤەت

کز نەکردوەو هەمیشە هەوڵی ئەمە بووە کە باسەکە بەگەرمی رابگرێو هەوڵەکان سەرەرای هەموو کۆسپو بێوەڵامی یان کەم بەدەنگەوە هاتنی لایەنی بەرانبەر، بە زیندوویی و چالاک رابگرێ. ئێستا کە هاورێیانی حدکاش ئاوا بەگەرمی بەدەنگەوە هاتوون راست ئەو مەبەستەیە کە دەبوو زۆر پێشتر روویداباو هەوڵەکان رژدتر کرابان. بەڵام ئێستاش ئەوەندە کافی نییەو ئەندامانی هەردووک لا دەبێ بەتایبەت لە کۆبوونەوەکاندا زۆر راشکاوانەو بێپەردە بەرپرسانیان بێننە نێو ئەم باسانەو داوای چارەسەرییان لێبکەن. دەبێ مەبەستو چۆنیەتیی تێکەڵبوونەوەی هەردووک لا بەجۆرێک کە حیزبی دێمۆکراتی پێ بەهێز ببێو هەموو لایەک وەک یەک خاوەندارەتیی حیزبی ئایەندە بکەنو خانەخوێو میوانی تێدا نەبێ بێتە ئاراوەو رێگاکانی دەست نیشان بکرێ. پێم سەیرە کاک مستەفا سەرنجی نەداوەتە ئەم بەشە کە ژیانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەگشتی زیاتر لەماڵی برا بووە هەتا ماڵی خۆی! ئەگەر بەشێکی ئەم حیزبە هەوڵبدا ماڵی خۆی ئاوەدان کاتەوە خەراپییەکەی لە کوێیە؟

هیچ لامان بەو جۆرە قۆناخ بەندی پرۆسەکەمان نەکردوە کە ئەمە قۆناخی یەکەمەو ئەمەیان چوار، هەتا بڵێم لە کوێن.! بەڵام هەتا ئێستا ئێمە تەرحیکمان پێشکەشی ئەو هاورێیانە کردوەو ئەوانیش باسێکی شفاهیان هێناوە. ناڵیم کەمەو ناکرێ ببێتە بناخەو باسەکانی لەسەر دروست بکرێ، بەڵام بۆ تێکەڵ کردنەوەیەکی بەهێزو بە ئەزموونی تێکەڵبوونەوەی سەقەتی پێشوو لە کۆنگرەی ١٠ کە هەردووک لامان ئێستاش بە چاوی خۆمان ناکاراییی ئەم موهەندیسیە دەبینن، زۆر کەمە.

**جەعفەر شەریعەتی**: مستەفا هیجری لە دوایین وتووێژیدا لەگەڵ "تیشک" دەڵێ کە ئێوە لە هەڵوێستەکانتاندا شکستان خواردووە لە حاڵێکدا ئارمی حیزبەکەتان نیشانەی دابەشکراویی کوردستانی بۆ چوار بەش تێدایە، بەڵام ئێستا بۆ خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەراونەتەوە، وەڵامتان بۆ ئەو بۆچوونەی ناوبراو چییە؟

**سەعید بەگزادە**: ئەوەی کە بەریز کاک مستەفا راست هاوکات لەو سەروبەندەدا هەم باسی یەکگرتنەوە دەکاو هەم باسی شکستی ئێمە دە هەڵوێستەکانماندا، خۆی زۆر جێگای باسەو قسە هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەی ئێمە لە هەلوێستێکماندا شکستمان هێنابێ من دەگەڵ بەریزیان نیم. ئێمە بروامان لەسەر ئەوە بووە کە کورد یەک میللەتو کوردستان یەکپارچەیە، بەڵام هەمیشە گوتوومانە کە ئەم وڵاتە دابەشکراوەو دەگەڵ ئەوەی کە چارەنووسی هەمویان بە یەکتر مەربووت دەبێ، بەڵام چارەو جێگای باسەکان لە هەر چوار پارچە جیاوازن لە یەکتر. دەبێ هەموو هەوڵی خۆمان ئەوە بێ کە ماڵی خۆمان ئاوەدان بکەینەوەو بچینەوە شوێنی ئەسڵیی خەباتو چالاکیمان. ئەوەش هیچ دژایەتییەکی دەگەڵ هەڵوێستەکانی تا ئێستامان، یان دەگەڵ نەتەوەیی بوونی ئێمە نیەو بەڵکوو راست لە چوارچێوەی بەهێزکردنی ئەم بۆچوونەمان دایە.

**جەعفەر شەریعەتی**: دەگەڵ ئەوەی کە هەموو پشتیوانو هاودەردو چارەنووسین، دەبێ هەر کامەش کارو چالاکیی خۆی لە

شوێنی خۆی بێ. پێم سەیرە بەرێزیان سەرنجی نەداوەتە ئەم بەشە کە ژیانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەگشتی زیاتر لە ماڵی برا بووە هەتا ماڵی خۆی! ئەگەر بەشێکی ئەم حیزبە هەوڵبدا ماڵی خۆی ئاوەدان کاتەوە خەراپییەکەی لە کوێیە؟!

**سەعید بەگزادە**: بەشیکی زۆری کێشەو موشکلاتی حیزبی دێمۆکرات ئەوەیە کە لە شوێنی ژیانو تێکۆشانی خۆی نییەو دوور لە جێگای سروشتی خۆی خەبات دەکا. ئەوەندە بە کێشە سیاسیو کۆمەلایەتییەکانی وڵاتی خۆیەوە سەرقاڵ نەبووە کە بە کێشەی چووک و نەحاوانەوەی ئۆرگانەکانی خۆیە گرفتارە، بەشی زۆری نەحاوانەوە دەگەڵ یەکتریش هەر لەوەرا سەرچاوەی گرتوە. ئێمەش پێمانوایە نەک ئێستا، بەڵکوو پاش ئەوەی کە تێکەڵیش بووینەوە دەبێ هەموو هەوڵی خۆمان ئەوە بێ کە ماڵی خۆمان ئاوەدان بکەینەوەو بچینەوە شوێنی ئەسڵیی خەباتو چالاکیمان. ئەوەش هیچ دژایەتییەکی دەگەڵ هەڵوێستەکانی تا ئێستامان، یان دەگەڵ نەتەوەی بوونی ئێمە نیەو بەڵکوو راست لە چوارچێوەی بەهێزکردنی ئەم بۆچوونەمان دایە.

**جەعفەر شەریعەتی**: لەناو ئەندامانی حیزبەکەی ئێوەدا باسی دارشتنەوەی دێموکراتی یەکگرتوو لە سەرجەم ئۆرگانەکانی حیزبدا دەکرێ، بۆ وێنە، راگەیاندن، ناوی حیزب، ئارمو تەنانەت دارشتنەوەی شێوەی خەباتتان بۆ داهاتوو، ئەو باسانە بوونەتە بەشێک لە تەوەری کۆبوونەوەکانتان تا ئێستا لەگەڵ حدکا؟

**سەعید بەگزادە**: راستیت بووێ، زۆر کەم. هەر بۆیەش پێشتر گوتم کە هاوڕێیان تەرحێکی شفاهیان هێناوە، بەڵام ئێمە لە روانگەی خۆمانەوە تەرحی خۆمان هەیەو بەشێکیشی تەحویلی ئەوان دراوە. بەڵام تەرحی لایەک بەتەنێ ناتوانێ هەموو گرێکوێرەکان بکاتەوە. دەبێ ئەوانیش بەوردی نەزەری خۆیان باس بکەنو لەسەر تەرحی هەر دووک لا حیزبی دێمۆکرات داڕێژرێتەوە. بەڵێ چۆنیەتیی ئیدارەی حیزب لە داهاتوودا زۆر گرینگە، چۆنیەتیت تەعامول دەگەڵ یەکترو تەحەمولی یەکترو دێمۆکراسی ناوخۆییو، لەهەموان گرینگتر شێوەی ئیدارەی حیزب بە جۆرێک کە پێش بەسەرهەڵدانەوەی کێشەی نێوخۆیی بگرێ زۆر گرینگە. ئەوانە دەبێ تەوافوقی بنو ساخبوونەوەیان لەسەر بکرێ، دەنا بە هیندێک وشەی گشتی کە تێکەڵ دەبینەوە، هەر کێشەو باسەکە لەکۆڵ خۆ کردنەوەیە هیچی دیکە. ئێمە تەرحیکمان پێشکەشی ئەو هاوڕێیانە کردووەو ئەوانیش باسێکی شفاهیان هێناوە. نالێم کەمەو ناکرێ ببێتە بناخەو باسەکانی لەسەر دروست بکرێ، بەڵام بۆ تێکەڵ کردنەوەیەکی بەهێزو بە ئەزموونی تێکەڵبوونەوەی سەقەتی پێشوو لە کۆنگرەی ١٠ کە هەردووک لامان ئێستاش بە چاوی خۆمان ناکاراییی ئەم موهەندیسیە دەبینن، زۆر کەمە.

ئەو حیزبە ئەوە جاری یەکەمی نییە کە تووشی لێکترازان دەبێ، ئەوەڵ جاریش نییە کە باسی تێکەڵبوونەوە دەکا. دەبێ قبووڵ بکەین کە ئەو حیزبە کەمایسی هەیە لە ئیدارەو دێمۆکراسی نیوخۆییدا بۆیەش تووشی کێشەو لەتبوون دەبێ. ئەگەر



سەرچاوە
Serchawe

بمانهەوێ تێکەڵ بینەوەو بۆ ئەوەی لێکجیا نەبینەوە، ئەوەش دەبێ قبوول بکەین کە تێکەڵ بوونەوەکانی پێشوومان سەقەتو ناسەرکەوتوو بوون. دەبێ قبووڵمان بێ کە ئەو تێکەڵبوونەوەی پێشوو بە نییەتی باشو بۆ بەهێز کردنی حیزبی دێمۆکرات موهەندیسی نەکراو تەنیا خۆڵەمێشێک بەسەر پۆلووی زۆر بەهێزداکرانو، ئاگرەکە نەکوژێندرایەوە. ئەوەش شتێک نییە کە هیچمان تێی‌نەگەیشتبین، هەم لایەنی حدکاو هەم ئێمەش باش ئەوە دەزانینو پێموانیە هیچیشمان خوازیاری دووپات کردنەوەی تەجرەبەیەکی ئاوا فەشل ببین. بۆیەش دەبێ هەردووک لامان زۆر دڵ گەوریو بەو نییەتە کە هەموومان خاوەن ماڵ، هەموومان ساحەبی هەڵەو سەرکەوتنەکانی رابردووینو بە نییەتی بەهێز کردنی حیزبو رێبەری کردنی جولانەوەی کورد لە رۆژهەلات، بەرەو تێکەڵ کردنەوەی ئەم حیزبە بچین. ئەوەش دەبێ زۆر بە وردیو وەستایانە بکرێ. دەبێ هەموو ئیدارەکان تەواوفوقی بن.

**جەعفەر شەریعەتی**: ئەو کولتوورەی کە بە سەرچاوەی سەرەکیی لێکترازانتان لەگەڵ حدکای دەزانن، چەندە گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە ئێستا گەیشتوونەتە ئەو دۆخە کە بەرەو یەکگرتنەوەتان دەبا؟

**سەعید بەگزادە**: خەڵکەکە بەشێکی زۆری هەر ئەوانی پێشوون، بەڵام خوێنی تازەش دە رێبەری هەر دووک لا داهەن، ئەوەی کە کولتووری لێکترازانەکان ئاڵوگۆری بەسەردا هاتوە یان نا، زەحمەتە ئاوا وەڵام بدرێتەوە. بەڵام شەرایەتو هەلومەرج زۆر گۆڕاوە. زەروورەتی حیزبێکی بەهێز زۆر زیاترە لە جاران، پێویستی چڕتر کردنی خەبات لە ناوخۆی وڵات زیاترە لە جاران. بۆ ئەوەی بتوانین لە موعادلاتی ئێرانو ناوچەکەدا هەبینو بمان بیننو بەشی خۆمان حیسابمان بۆ بکەن، دەبێ زۆر بەهێزو تواناتر بین لە ئێستا. زۆر بەراشکاوی بڵێم بە هەر دووکمان زۆر بەهێز نین قسەی کوردی ئێران بکەین، چ بگا بە لەتێکمان. ئەم راستییانە دەتوانن کاریگەریان لەسەر گۆڕانی کولتووره نەعاملاوەکە هەبێ. دەبێ مەبەستو چۆنیەتیی تێکەڵبوونەوەی هەردووک لا بەجۆرێک کە حیزبی دێمۆکراتی پێ بەهێز بێو هەموو لایەک وەک یەک خاوەنداره‌تیی حیزبی ئایەندە بکەنو خانەخوێو میوانی تێدا نەبێ بێتە ئاراوەو رێگاکانی دەست نیشان بکرێ.


**جەعفەر شەریعەتی**: باسی کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیی هەر دوو دێموکرات دەکرێ کە بەم زووانە بۆ تاووتوێی کێشەکانی نێوانتان ئەنجام بدرێ، ئەم کۆبوونەوەیە یەکەم کۆبوونەوەی فەرمییە یان لەو دانیشتنەدا رێککەوتنێکیش دێتە ئاراوە؟

**سەعید بەگزادە**: بەڵێ راستە، قەرارە بەم زووانە دەفتەری سیاسی هەردووک لا بە حزوری هەردووک بەریزانی سکرتێر، کۆببنەوەو بە راشکاوی ئەم باسانە بێینە گۆرێ. نازانم مەبەستی بەریزتان لە یەکەم کۆبوونەوەی رەسمی چییە، بەڵام هەتا ئێستا چەند جار هەیئەتی هەردووک لامان بەرەسمی دەگەڵ یەکتر دانیشتوون، دیارە دەکرێ بڵێم کۆبوونەوەی لەو ئاستەدا بەڵێ ئەوە یەکەمجارە.

هیوادارم ئەم کۆبوونەوەیە زۆر شت چارەسەر بکاو زۆر گرێ کوێران بکاتەوە، بەڵام پێموانییە بە یەک کۆبوونەوە هەموو شتێک تەواو ببێ. ئەو کۆبوونەوە دەتوانێ ڕێگا بۆ هەیئەتەکانی هەردووک لا کە پێویستە لە فکری تێکەڵکردنەوەو، کۆنگرەی داهاتوو و ئۆرگانەکانو تەوافوقی ئیدارەی داهاتووی حیزب، خۆش بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٥

## ئێران راست دەکا؛ یەکگرتوویی دژبەران سەردانی روحانی بۆ ئوتریشی هەڵوەشاندەوە



بڕیار بوو ئەمڕۆ چوارشەممە ٣٠ی مارسی ٢٠١٦ حەسەنی روحانی سەرۆک کۆماری ئێران بە یاوەریی وەفدێک سەردانی وڵاتی ئوتریش بکا. بەڵام کەمتر لە ٢٤ سەعات پێش لەو وادەیە، وتەبێژی دەفتەری سەدری ئەعزەمی ئوتریش رایگەیاند کە روحانی بە هۆکاری ئەمنیەتی سەردانەکەی هەڵوەشاندۆتەوە.

رێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەمتر وا هەیە لە پێوەندیەکانیان دا لە گەڵ خەڵک و لە گەڵ بەرامبەرەکانیان راستگۆ بن. بەڵام ئەمە رەنگە لەو دەگمەن جارانە بێ کە راستگۆیی لە قسەی ئەواندا دەبیندرێتەوە. ئەویش نە بەو مانایە کە روحانی و وفدە یاوەرکەی لە ئوتریش گیانیان دە مەترسی دەکەوت بەڵکو ئەمە وەک هەموو جاران دەرەنجامی بە ئاکام نەگەیشتنی داخوازیی ئەوان لە دەوڵەتی ئوتریشە بۆ ئەوەی رێگا نەدا دژابەرانی ئەم رێژیمە دژ بە سەردانی روحانی بڕژێنە سەر شەقام و ناڕەزایەتی دەربڕن. روحانی هەر ماوەیەک لەوە پێش و لە سەردانەکەی بۆ فەرانسە، شاهیدی خۆپێشاندانی بەرین بوو و ئەزموونێکی تاڵی وەرگرت.

بە پێی عورفی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی، کاتێ دوو وڵات سەبارەت بە سەردانی بەرپرسی پایەبەرزی وڵاتێک بۆ وڵاتەکەی دیکە رێک دەکەون، پێشوەخت هەموو لایەنە ئابووری، سیاسی و تەنانەت ئەمنیەتیش تاوتوێ دەکرێن و دوا جار کە لە سەر هەمووی ئەوانە ساخ بوونەوە، وادەی سەردان دیاری دەکرێ و رادەگەیەندرێ. بۆیەش ئەمن پێم وا نییە کێشەی هاتنی روحانی، وەک هێندێک کەس بۆی دەچن، پێوەندی بە رێکنەکەوتنێکی ئابووری یان شتی لەو بابەتە بێ.

ئەگەرچی بۆ ئێمەی کورد وڵاتی ئوتریش و شاری ڤیەن هەمیشە بیرهێنەرەوەی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، کاک عەبدوڵا قادری ئازەر و دوکتور فازل رەسوڵە و لەوەش خراپتر داڵدە دان و ناردنەوەی تیرۆریستەکان بۆ ئێران و دوا جار داخستنی کەیسی ناکامی روونبوونەوەی ئەم تیرۆرە ناجوامێرانەیە، بەڵام سەرەڕای بەند و بەستە ژێر بە ژێرەکانی نێوان سیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتە لە گەڵ سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، وڵاتی ئوتریش یەکێک لە وڵاتانی دێموکراتیکی ئوروپایە. لە هەموو وڵاتانی دێموکراتیکیشدا خۆپێشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی بە پێی یاسا رێگە پێدراوەو دەوڵەت ناتوانێ بە ئاسانی بە سەر یاسادا باز بدا. بۆیەش هۆکاری سەرەکیی هەڵوەشانەوەی ئەو سەردانە دەتوانێ راست بۆ ترس لە بەربنیی ئەو خۆپێشاندان و نارەزایەتیە بگەڕێتەوە کە زیاتر لە ٢٥ رێکخراو و دەیان کەسایەتی ئامادەکاریان بۆ کردبوو. لە ناو لیستی ئەو رێکخراوانەدا ٦ رێکخراوی کوردیش دەبیندرێن.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە و دەمهەوێ پەنجەی بۆ رابکێشم، ئەوەیە کە ئەوەی حەسەنی رووحانی لە سەردان بۆ ئوتریش پاشگەز کردەوە، یەکگرتوویی هەموو دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و نەیارانی ئاکارەکانی ئەم رێژیمە بوو. ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای لایەنەکانی دیکە خۆیان بۆ بەشداریی چڕ و پڕ لە خۆپێشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی لەو سەردانە ئامادە کردبوو. هاوکاریی مەیدانی ئەندامانی دوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەشداری لەو خۆپێشاندان و نارەزایەتیانە، سەرەڕای ئەم فەزایەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک فەیسبوکدا لە لایەن هێندێک کەسەوە بۆ نێوانی ئەم دوو حیزبە ژاراوی کراوە، جێگای سەرنج و دەستخۆشیە. ئەوش پێمان دەڵێ کە تاکە رێگای وەستانەوەو بەچۆکداهێنانی ئەم رێژیمە غەیری یەکگرتن، هیچ رێگایەکی دیکەی نییە.

ئەم ئەزموونە دەبێ بۆ ئێمەی دژبەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرینگ بێ. دەبێ لە سەر هەست و لە سەر پێ بین. لەمە بە دوا دەبێ یەکگرتوانە هەوڵ بدەین هیچ وڵاتێکی ئوروپایی، ئوستralیا یان ئەمریکا بۆ سەردانی سەرانی کۆماری ئیسلامی بە وڵاتی "ئەمن" و "ئارام" حیساب نەکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠١٦

## تا "حدکا" لەنێو خۆیدا لەسەر پرسی یەکگرتنەوە بە قەناعەتی هاوبەش نەگا، یەکگرتنەوە ئەستەمە



رۆژهەڵات تایمز: لە ماوەی رۆژان و هەفتەکانی رابردوودا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت لەسەر فەیسبووک، هێرش و بێڕێزییەکی رێکخراو لە لایەن ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە روو بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامانی ئەو حیزبە لە ئارادا بووە. ئەوەش دوای پەیامە نەورۆزییەکەی مستەفا هیجری بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری و وتەکانی خالیدی عەزیزی لە وڵامی پرسیارەکانی کاناڵی تەلەڤیزیۆنیی "کوردستان ٢٤" و پێشتریش وڵامی پرسیارێک لە پەراوێزی ئەو ئێوارەکۆڕەدا بوو کە لە لایەن نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاریس بۆ خالیدی عەزیزی و وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستان رێک خرابوو. وڵامدانەوە، روونکردنەوەو تەنانەت هێرشەکان تەنیا لە ئاستی ئەندامانی خوارەوە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نەماونەتەوە، هەتا ئێستا حدکا بە ٥ لێدوان لە ئاستی کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی، جێگری سکرتێر و سکرتێر، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وڵامی داوەتەوەو دوو راگەیەندراوی فەرمیشی لەم بارەوە بڵاو کردووەتەوە. بەرامبەر بەوە "حدک"یش وڵامی دوا راگەیەندراوی "حدکا"ی داوەتەوە. بۆ زیاتر بەدواداچوون لەم بارەوەو بۆ هەڵوەستەکردن سەبارەت بەو سیاسەتانەی حدک کە حدکا تۆمەتی خستوونە سەر، "رۆژهەڵات تایمز" ئەم دیمانەیەی لەگەڵ سەعید بێگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە:

**ڕۆژهەڵات تایمز**: حدکا بەوە تۆمەتبارتان دەکا کە گۆیا ئێوە خەباتی چەکداری ناکەن و دژی دەوەستن، بۆ؟

**سەعید بێگزادە**: چوونەوەی پێشمەرگە بۆ شوێن و وڵاتی خۆی و بەرزراگرتنی ورە و هەستی نەتەوایەتی و، دەگەڵ خەڵکدابوون، بۆ موزایەدە نابێ. دەگەڵ ئەوەی کە قەت پێم باش نییە، پێشمەرگە دەبەرانبەر یەکتردا دانێم و ئازا و کەم ئازا، جا لەهەر حیزب و ڕێکخراوێک بێ دەستنیشان بکەم، بەڵام خۆ دەتوانم بڵێم، کەسیش لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و پێشمەرگەکانی، لەم بوارەدا ئازاتر نەبووە، کە دلێری و ئازایەتی لێ فێر بین! لەم چەند ساڵەی دوایشدا، هیچ حیزبێکی خۆرهەڵاتی کوردستان ناناسم کە زیاتر لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هێزی پێشمەرگەی ناردبێتەوە نێو خەڵک.. دەگەڵ ئەوەی کە ئارەزووم دەکرد قەت یەک شەهیدیشمان نەبێ، بەڵام هەر لەم چەند ساڵەدا "حدک" زیاترین شەهیدی بۆ ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان لە خۆرهەڵاتی کوردستان داوە.بە هەموو ئەم باسانەشەوە، خەباتی چەکداری یەکێک لە ڕەهەند و شێوەکانی خەباتە بۆ ڕزگاری کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان قەت حاشای لێ نەکردووە و ڕەتی نەکردووەتەوە. بەڵام گوتوومانە ئەم ڕێگایە تاقە ڕێگا نییە و دەبێ لە دەرفەتەکانی دیکەی خەباتیش کە زیاترین خەڵکی کوردستان خۆیان لەو خەباتەدا ببیننەوە، بۆ گەیشتن و هەموارکردنی خەبات و بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی کەڵک وەربگرین. خۆ ئەگەر درفەت هەبێ قەت نابێ بیر لە هەزینەی ئینسانی و شەهیدبوون بکرێتەوە. دەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆڵەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەمێژووی پڕ لە سەروەری و شانازیی ئەم حیزبەدا، قەت لە فیداکاری و گیانبەختکردن بۆ میللەتەکەیان دریغیان نەکردووە و هەر کات پێویست بووبێ سەردارانی ئەم حیزبە لە گیانی خۆیان گوزەراون. کەوابوو، بوێری، ئازایەتی و فیداکاری وەک خەسلەت هەمیشە دەگەڵ پێشمەرگەی دێموکراتدا بووە و ئێستاش هەیە، بەڵام ناشاردرێتەوە کە شەڕ و خەباتی چەکداری دەگەڵ هەموو ئازایەتی و قارەمانەتییەکانی، بۆ سیاسەتمەدار و ڕێبەریی هەر حیزبێک هاسانترین ڕێگای خەباتە. گرینگ ئەوەیە حیزبێکی سیاسی و ڕێبەرییەکی سیاسی بتوانێ لە شەقام، لە پەرلەمان، لە دیالۆگ و شەڕی سیاسی و فیکریشدا دەگەڵ دوژمن کێبڕکێ بکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم توانایانەی لە سەنگەرڕا هەتا مێزی دیالۆگ و شەڕی سیاسی، دەخۆیدا دەبینێ و دەخۆی رادەبینێ لە هەموو بوارەکاندا بۆ مافی میللەتەکی بکەوێتە بەربەرەکانێ و خەباتەوە.هەرکات، دەرفەت و ئیمکان بۆ هەرکام لە شێوەکانی خەبات، بە پێی هەلومەرجی سیاسی و ناوچەیی یان نێوخۆیی ئێران فەراهەم بێ، ئەگەر شەڕی چەکدارییش بێ، حیزبی دێموکرات دەیقۆزێتەوە.

**ڕۆژهەڵات تایمز**: ئەی باشە ئەگەر ئەوانە روانگە و جیهانبینیی ئێوەن، بۆچی حدکا هەوڵ دەدا ئەو تۆمەتە بداتە پاڵتان؟

**سەعید بێگزادە**: دۆستانی بەڕێزی حدکا، قەت نەدەبوو لەم هەڵومەرجەدا، کە کۆنگرەی ئێمە لەم دوو مانگەی دواییدا

پەیامی برایەتی، نزیکبوونەوەو بەرەو یەکگرتنەوەی بۆ دووپاتکردوونەتەوە و بۆی ناردوون، بەم شێوە نادۆستانە و مەبەستدار، هەڵکوتنە سەر حیزبی دێموکرات و سکرتێرەکەی. کۆی ئیتیهام و هێرشەکەیان ئەمەیە کە گۆیا بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە وتەکانی ئەمدواییانەی خۆیدا ویستوویەتی، لە پەیامی بەڕێز کاک مستەفای هیجری سکرتێری حدکا کە پەیامی دڵخۆشکەری دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری بە خەڵکی کوردستان دا، کەم بکاتەوە! باشە بۆ ئەوان ناپرسن بۆچی ئەو پەیامەی کە لە زمان بەڕێز کاک مستەفاوە خەڵکی کوردستانیان پێ دڵخۆش کرد، هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبووە گوێی خەڵکی کوردستان، کە باقی بەرپرسانی سەرەوەی حدکا، خۆیان و حیزبەکەیان لەم پەیامە بێبەری کرد! تەنانەت بەڕێز کاک "مستەفای هیجری"ش زۆری نەگرت، لەم وتە و پەیامە نەورۆزییە دڵخۆشکەرەی خۆی پاشگەز بووەوە! ئەوەش دەردەخا کە بەڕێز هیجری، لە لایەک دەرەتانی ئەوەی نییە بێ ئیزنی باقی هاوڕێیانی سەرکردایەتی پەیامی لەم چەشنە بڵاو بکاتەوە و لە لایەکی دیکەش پێمان دەڵێ هەر لە بنەڕەتڕا ئەم پەیامە هەڵگری قەناعەت و تەسمیمێک نەبوو.ئەم بەیان و ڕەتکردنەوە خێرایە، جیا لەوەی کە پێمان بڵێ حدکا بێ کێشە نییە، دەرخەری هیچ ڕوانگەیەکی دیکە نەبوو. کەوابوو مەبنای ئەم هێرشە بە هیچ جۆر دەگەڵ ئیدیعاکەیان یەک ناگرێتەوە. چونکە خۆشیان دەگەڵ پەیامەکە نامۆ بوون. بۆیەش دەبێ بڵێم زۆر بەداخەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، توشی کێشە و ناکۆکی و کزبی ئیدارەی خۆیی بووە. پاش لەتبوون و لێکترازانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، هەموو سەروەت و سامانی گشتی ئەم حیزبە کەوتە دەستی هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لێرەدا نامهەوێ لەم بارەدا باسێک بهاروژێنم، بەڵام دەگەڵ ئەوەی کە هیچ جێگای خۆشحاڵی نییە و دەبێ زۆر بەداخیش بم تەنانەت، وەک نەدارترین حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانیش کە حیزبەکەی ئێمە یەکیانە، نەیانتوانی سیما و ڕەنگی خۆیان بپارێزن و "تیشک تیڤی" کە کاتی خۆی میوانی زۆر ماڵان بوو و بەزەحمەت و کار و ماندووبوونی هەمووماں، بە یارمەتیی ئەندامان و بە سەروەت و سامانی مێژووی حیزبەوە دامانمەزراندبوو، لەبەر ناموڕیرییەتی و کێشەکانی خۆیان زۆر بەداخەوە، داخرا.مەسەلەیەکی دیکەش تێکەڵکردنەوەی دوو حیزبی دێموکراتە کە، ئیستاش لە لایان ئەم دۆستانەوە بە تەواوی هەزم نەکراوە و نەیانتوانیوە لەم پرسەدا بە قەناعەتێکی هاوبەش بگەن. لە لایەکی دیکەشە دۆستانی حدکا خۆیان بۆ کۆنگرەی ١٦ ئامادە دەکەن، کۆنگرەیەک کە بەم هەڵسوکەوت کێشە گرفتانەوە، زەحمەتە بێ زیان بێ. هەر بۆیەش بۆ ئەوەی ئەم ئاڵۆزییانە و، کێشەکانی خۆیان ون و پرسی یەکگرتنەوە پەک بخەن، دەست بە داوێنی ئەم هێرش و هەڵکوتانانە بوون. زۆر بەداخەوە بۆ ئێمە یان بۆ هەر کەسی دیکە جیا لە خۆیان، زۆر زەحمەتە کە بتوانێ لە کێشەکانی نێوخۆیاندا دەخالەت بکا، یان یارمەتیدەریان بێ. چار نییە و دەبێ بۆخۆیان، خۆیان و حیزبەکەیان لەم ئاڵۆزییانە دەرباز بکەن.

**ڕۆژهەڵات تایمز**: ئەی پرسی یەکگرتنەوە لەو هەڵلا و هەرایەدا چی بەسەر دێ؟

**سەعید بێگزادە**: بۆ مەسەلەی تێکەڵبوونەوە و یەکماڵیی دێموکراتەکان، من پێم وایە حدکا هێشتا بەو قەناعەتە

نەگەیشتووە کە پێویستە ئەو دوو حیزبە ببنەوە بە یەک حیزب. بۆیەش ئێمە ناتوانین خەباتی خۆمان لەسەر ئەوان و ئیشتیای ئەوان رابگرین. ئێمە تێکۆشان و پرۆژەکانی خۆمان دەبەینە پێش و ئەگەر رۆژێک ئەوانیش دەنێوخۆیاندا بەو قەناعەتە گەیشتن کە بۆ بەهێزبوونی بزووتنەوەی کورد لە خۆرهەلات، بۆ کەمکردنەوەی کێشە نێوخۆییەکان، بۆ بەهێزکردنی سەنگەری کورد دژی نەیاران، پێویستە دیموکراتەکان یەک بگرنەوە و ببنەوە بە یەک حیزب، دیسان بێگومان ئێمە بۆ ئەم یەکگرتنەی کە بە قەناعەتەوە دەکرێ، لەسەفی پێشەوەی برایەتیدا دەبین. ئەوەش دەبێ کاتێک بێ کە ئەو هاوڕێیانە بە قەناعەت و تەسمیمی هاوبەشی خۆیان گەیشتوون. ئەوکات دەکرێ هیوادار بە یەکگرتنەوە بین و خەڵکیش دڵخۆش و هیوادار بکەین.

**رۆژهەڵات تایمز:** بەو پرسیارە کە بۆ زۆر کەس و تەنانەت بۆ بەشێک لە ئەندامانی خۆشتان لە ئارا دایە دیمانەکە کۆتایی دێنم کە بۆچی سەبارەت بە پرسی کورد و رووداوەکانی پێوەندیدار بە کورد لە رۆژئاوا هەڵوێستتان نەگرت؟

**سەعید بێگزادە:** کلاسە سەرەتاییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ ئەو لاوانەی تازە دێنە ریزی شۆڕش و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشن، فێرکردنی مێژووی کورد و جوڵانەوەکانی، بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی ئەو لاوە خوێنگەرمانە، فیداکاری و هەستی پێشمەرگانەیە. هەموومان فێر کراوین کە نەتەوەکەمان لەهەر شوێنێک لەهەر پارچەیەک، کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەمەترسیدا بێ، یان هێزەکانی ئەم پارچانە، داوای پشتیوانی و پێشمەرگە بکەن، بێگومان هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سەنگەرەکانی هەرە پێشەوە دەگرن. هەروەک لە کاتی رزگارکردنی شارەکانی باشووری کوردستان لەدەست حکومەتی پێشووی عیراق، هێزی پێشمەرگەی دێمۆکرات، لەهەر دووک باڵی ئەوکاتی حیزب، سەنگەر بە سەنگەر حەماسەیان دەخوڵقاند. لەم دواییانەشدا رەسمەن بە حکومەتی هەرێمی کوردستانمان راگەیاند کە بۆ شەڕ دەگەڵ داعش و پارێزگاری لە نیشتمانی کورد، ئامادەین لە هەرکام لە جەبهە و سەنگەرەکان کە بۆمان دیاری دەکرێ. دیفاع و شەڕ بکەین. کەوابوو مادام ئێمە ئامادەی گیانبەختکردن بۆ هەرکەم لە پارچەکانی کوردستانین، مادام خۆیان خوازیار بن، تۆ بڵێی لە نووسینی بەیانییەکی پشتیوانی نیگەران بین؟!سیاسەت و هەڵوێستی ئێمە لەسەر کورد و چارەنووسی کورد لە هەر پارچەیەک زۆر روون و ئاشکرایە. وەک چۆن رزگاریی گەلی خۆمان لە خۆرهەڵات پێ خۆشە و خەباتی بۆ دەکەین، هەر بەم ئەندازەش خۆشحاڵ و پشتیوان دەبین بۆ رزگاری هەر پارچەیەکی کوردستان بەو جۆرەی کە خۆیان لەم پارچەدا بریاری لەسەر دەدەن. ئێمە زۆر لە مێژە گوتوومانە دۆست و پیشتیوانی خەباتی خەباتکارانی هەموو پارچەکانی کوردستانین بۆ رزگاری و ئازادی و مافی بەرانبەر، یان هەر شێوەیەک لە رزگاری کە خۆیان بۆ پارچەی خۆیانی بە سەڵاح دەزانن و دەخوازن، بەڵام هەمیشە ئەوەشمان گوتووە کە پێمان خۆش نییە هێزی کوردیی هیچ پارچەیەک، بۆ چارەنووسی سیاسیی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان تەسمیم بگرێ. کەوابوو دەبێ ئەو مافەش بە هەموو پارچەکانی دیکە بدەین کە خۆیان لەسەر چارەنووسی خۆیان ساخ ببنەوە. ئێمە بە هیچ جۆر ناتوانین واریدی کێشە نێوخۆییەکانی هێزەکانی

کورد لە هیچ پارچەیەک ببین. ئەوان دەبێ خۆیان بەیەکەوە کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن. ئارەزوومان دەکرد، کوردی هەموو پارچەکان بەتایبەت کوردەکانی رۆژئاوا، یان کوردستانی سوریە، هەموو یەکدەست و یەکهەڵوێست بایەن و هەرچی دەستکەوتیان دەبوو وێکرا پارێزەر و پشتیوانی بان.بە کورتی دەتوانم بڵێم، ئەوەندەی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە، پێمان وایە باشترە هێزەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان، بۆخۆیان بڕیار لەسەر بەشەکەی خۆیان و داخوازییەکانیان بدەن و لەسەر ویستەکانیان ساخ ببنەوە. لەسەر ئێمەش پێشتیوانیکردنە نەک دەخالەت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٦

## هەڵوێستەیەک لەسەر گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



سیاسەت، هەڵوێست و گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و پرسی نەتەوایەتیی کورد، بە بەراورد لەگەڵ رابردووی چالاکی‌یەکانمان، شێوەی سیاسەتکردنمان و جۆری خەبات و گوتارمان، جیاوازی هەبووە. لەو ماوەیەدا هەوڵمان داوە خۆمان لە سیاسەتی پاسیڤ و ناکارای رابردوو دەرباز بکەین. ئاسانترین شێوەی سیاسەتکردن ئەو سیاسەتە کلێشەیە داڕێژراوە بووە کە لە ٢٠ - ٣٠ ساڵی رابردوودا کارمان پێ کردوە و بە داخەوە هیچ دەرەنجامێکیشی نەبووە. ئامانجی سیاسەت و گوتاری حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە سیاسەتێکی چالاکتر و کاراتر لە جاران بێنینە کایەوە و هەوڵ بدەین مەیدانی خەبات و چالاکیی نەتەوایەتیمان بەرینتر بکەینەوە. نە ماف و ئازادیی کورد تەنیا بۆ ئەو ژمارە خەباتکارەیە کە خەباتی ئاشکرا دەکەن و نە کوردی رزگاریخواز و خەباتکاریش تەنیا ئەو ژمارەیەن کە لە سنوورەکان و لە دەرەوەی وڵاتن. خەباتی نەتەوەیی ئەرکێکی نیشتمانی و گشتی‌یە و حزبێک کە خەباتی نەتەوەیی دەکا دەبێ هەوڵ بدا مەیدان بۆ بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی خۆی خۆش بکا. رزگاریخوازی ئامانجێکی هەمەلایەنە و رزگاریش بۆ هەمووانە. کەوابوو خەبات وەک ئەرکیش، ئەرکی هەمووانە. بەڵام هەلومەرج و دۆخی ژیانی هەموو خەڵک وەک یەک نییە. شوێن و هەلومەرجی ژیانی خەڵک، شێوە و چۆنیەتیی خەبات دیاری دەکا. ئەوەش ئەرکی حزبی سیاسی‌یە کە ئەو مەیدانە بۆ هەمووان بە شێوەی گونجاوی خۆیان هەموار بکات. هەوڵی ئێمە ئەوە بووە و هەرواش دەمێنێ کە ئەوەندەی دەرەتان دەبێ مەیدان بۆ چالاکانی‌تریش کە هەلومەرجی ژیانیان وەک هێزی ئاشکرای حزبەکان نییە، پێک بێ. ئەوانیش بە پێی شەرایەت و توانا، بتوانن لەم خەباتەدا بەشدار بن تەنانەت

ئەگەر خواستەکانیشیان لانیکەمی مافەکانی خەڵکی کوردستان لە خۆ بگرێ.

لەم نێوەدا هێندێک لایەن بە مەبەستی تایبەتی خۆیان، دەستیان بە چەواشەکاری کردوە و هەوڵیان داوە ئەم سیاسەت و ڕوانگانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لاگری لە ریفۆرمخوازانی دەسەڵات لە قەڵەم بدەن. ڕوونە کە خەباتی ئێمە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی میللەتەکەمانە. هەر بۆیەش هەموو هەڵوێست و ڕوانگەو کردەوەیەکیشمان لەو ڕاستایەدا دادەڕێژین. ئەو خەباتەش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان بە هەموو شێوەکانی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجەکان، بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو نیاز و ئامانج و ویستە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی دەگات. دۆستایەتی و پشتیوانیشمان لە هەر لایەنێک بە ڕادەی پشتیوانیی ئەو لایەنە لە مافە نەتەوایەتیەکانمان بەستراوەتەوە. ئەوەش تا ئێستا نە لە بەرنامەی باڵی ڕیفۆرمخوازی ڕێژیمدا بووە، نە قەتیش خۆی لێ داوە و نە بڕواشی پێی هەیە. بەڵام هەموو ڕووداوەکانی ئەو وڵاتە لە کورتخایەن و درێژخایەندا لەسەر چارەنووسی ئێمە، کاریگەری خۆیان هەیە. هیچ وشیارانە نییە کە لە ئاستیاندا سیاسەتێکی مونفەعیل و پاسیڤمان هەبێ. لاباڵێک لە ڕێژیم خۆی ئیدعای ئاڵوگۆڕ لە وڵات و وڵاتداریدا دەکا. جا چەندەی بۆ جێبەجێ دەبێ کەیفی خۆیەتی. لاباڵەکەی دیکە دروشم و قسە و کردار و تەنانەت هەڕەشەکانیشی هەروەک ڕابردوو و بگرە توندتریشە. ئەگەر هێندێک جار لە ململانێی باڵەکانی ڕێژیمدا دژایەتی زیاترمان ڕوو لە باڵی پاوانخواز بووە، لەو ڕوانگەوە بووە کە پێمان وایە هەتا پاوانخوازی و دەسەڵاتی توندوتیژ زیاتر پاشەکشە بکات، دیکتاتۆری هەنگاوێک زیاتر پاشەکشەی کردوە و مەیدان بۆ خۆ دەرخستنی ئۆپۆزسیۆن و ئازادیخوازانیش هەنگاوێک کراوەتر و دەرفەتی مانۆڕیان زیاتر بووە.

لە پاڵ پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی و هێمنانەی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو شێوازەکانی دیکەی خەبات و لەوانەش خەباتی پێشمەرگانە و خۆسازماندانی چەکداری غافڵ نییە. ڕەنگە کەسانێک پێیان وا بێ ئەم دوو گوتارە پارادۆکس دروست دەکەن. بەڵام سیاسەت عیلمی شیمی و ماتماتیک نییە کە تەنیا یەک ڕێگاحەل و یەک دەرەنجامی هەبێ. ئێمە حیزبی میللەتێکی ماف زەوتکراوین و بۆ مافی نەتەوایەتیی خۆمان خەبات دەکەین. ڕەنگە بۆ حیزبێک کە بە ئامانجی دەستەبەرکردنی زیاتری ئازادی لە وڵاتەکەیدا خەبات دەکا و داخوازییەکانی زیاتر ئازادییە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە خۆ دەگرێ، وەک ئازادیی ژنان، حەقدەستی زیاتر، ئازادیی بەیان و فەرهەنگ و... کەلک وەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات دروست و پێویست نەبێ بەڵام بۆحیزبی نەتەوەیەک کە گەلەکەی هەمیشە هەوڵی فەوتانی دراوە و دەدرێ، ئەو قەید و بەندە نایگرێتەوە. بۆ ئێمە هەموو شێوە خەباتێک، چ بە جیا و چ بەیەکەوە، تەواو مەشروع و دروستە و هیچیشیان نابێ پشتگوێ بخرێن. ئیرادەی بەربەرەکانی، چەک و پێشمەرگە و چیاکانی کوردستان، هەتا ئێستا ئەو میللەتەیان ڕاگرتووە و پێشیان لە فەوتان و توانەوەی گرتووە. لە ناوچەی ئێمەدا نەتەوە و دەسەڵاتی زۆر گەورە هەبوون کە ئێستا تەنیا ئاسەوارە مێژووییەکانیان ماون. ئەوەی ئێمەی پاراستووە ئیرادە و چیاکانی کوردستان و خەبات و



سەرچاوە
Serchawe

قارەمانیەتی پێشمەرگە بووە. ئیستاش بوونی پێشمەرگە و خەباتی چەکداری بۆ ئێمەی کورد وەک یەکێک لە شێوە گرینگەکانی خەبات هەر پێویستە و نابێ هیچ گومانێکمان لەم بارەوە هەبێ. بەڵام مەیدانی خەباتی پێشمەرگە بەرتەسکە و پێشمەرگە بەشێک لە خەڵکە و دەتوانێ بەشێک لە خەباتە نەتەوەییەکە ئەنجام بدا. مەیدانی خەبات بەرفراوانە و خەڵکێکی زۆری دیکەش هەن کە بەجۆری دیکە ئەمڕۆ پێشمەرگەن. بۆ ئێمە دروست و زۆریش رەوایە کە ئەو مەیدانە بکەینەوە. چاوپۆشی و کەمتەرخەمی لەم بوارەدا تەنیا زیانەکەی بۆخۆمانە و بەدەستی خۆمان هێزێکی زۆری هەروای خەڵک لە مەیدانی خەبات دوور دەخەینەوە. قازانجی سیاسەتی پێشگرتن و کەڵک وەرنەگرتن لە کۆی هێز و پۆتانسیەلی کۆمەڵگە بۆ خەباتی نەتەوەیی و بەرگری لە کردنەوەی ئەو مەیدانە بەرینەی خەبات، لە بەرژەوەندیی کورددا نییە. ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین لە هەموو هێز و توانای نەتەوەییمان کەلک وەربگرین و هەموو مەیدانەکانی خەبات ئاوەدان رابگرین، تێچووی خەباتمان کەمتر، ئاکامی خەباتمان باشتر و رێگای سەرکەوتنمان نزیکتر دەکەینەوە.

لە ژمارە ٦٩٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## سەعید بێگزادە: حدک: بۆ یەکگرتنەوەمان لەگەڵ حدکا دانوستنەکانی ئەمجارەمان جیاوازترە



### "کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت هێز و تواناییەکانی یەک بخات"

**چاوپێکەوتن: هێمن سالح**

**ئەم ڕۆژانە باسی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی (حزبی دیموکرات)ی کوردستانی ڕۆژهەلات، لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت لە ئاستی لێدوانی بەرپرسانیشدا گەرم بووەتەوە، لەم دیمانە تایبەتەی (باس)دا سەعید بەگزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی کوردستان، وەڵامی چەند پرسیارێکی پەیوەست بە یەکگرتنەوەی ئەو دوو هێزەی دیموکرات دەداتەوە.**

**باسنیوز: ڕەوتی دانوستانەکان بۆ یەکگرتنەوە لە چ ئاستێکدایە؟**

**سەعید بێگزادە**: لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە هەر لەسەرەتای لێکدابرانڕان و لەتبوونمان بە ئەمرێکی بەسەرداسەپاو زانیوە و خوازیاری بەیەکەوە تێکەڵبوونەوە بووین، بەڵام بەداخەوە ڕەوتەکە بەم جۆرە نەچووەتە پێش کە ئێمە خوازیاری بووین، دانوستنەکانی پێشوو زیاتر هێورکردنەوەی دۆخی ئاڵۆز و گرژیی نێوان ئەم دوو لایەنە و ڕەواندنەوەی ئەو بارە ڕەوانیە نێگەتیڤە بوو کە لەنێوانماندا هەبوو. لەبەرئەوەش بە ڕادەی پێویست نەچووبووینە ناو باسە جیدیەکان، ئەوەش بەو مانایە نا کە ئێستا گەیشتبینە لووتکەی چارەسازی و هەموو شتێک هەموار بووبێ. بەڵکوو کاری زۆر و گرانمان ماون.



سەرچاوە
Serchawe

**باسنیوز**: بەڵام، پێشتریش دانوستانەکان ساردی و گەرمییان تێ کەوتووە. چ شتێک رەوتی ئەمجارەی بەرەوپێشچوونی وتووێژەکان بۆ یەکگرتنەوە، لە رابردوو جیا دەکاتەوە؟

**سەعید بێگزادە**: ئەوەندەی باسەکە ئێمە وەکوو حدک بگرێتەوە، چ پێشتر و چ ئێستا سیاسەت و هەڵوێستمان بۆ یەکڕیزی و یەکگرتنەوە نەگۆڕاوە. بەڵام هەلومەرج و شەرایەت چ لەنێو خۆماندا و چ لە دەوروبەرمان، بۆ هەردوو لامان جیاوازیی پەیدا کردوە.

**باسنیوز**: ئەمجارە هەردوولاتان چۆن دەڕواننە یەکگرتنەوەکە؟

**سەعید بێگزادە**: ئێمە چ پێشتر و چ ئێستاش پێمانوایە کە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هێز و تواناییەکانی یەک بخات، بە هێز و توانایی زیاتر و بە هەڵوێست و سیاسەتێکی یەکدەست لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندیدا، لە گۆڕەپانی خەباتدا بێ. بە لایەنی کەم ئەو هێزانەی خاوەنی یەک ریشە و رابردوون، مادام سیاسەت و هەڵوێستی لێک نزیکن باشترە بینەوە بە یەک. ئەگەر ئەوەش مسۆگەر نەبوو، لەسەر خاڵە هاوبەشەکان لەگەڵ یەکتر رێک بکەون و بزووتنەوەکە بەهێزتر بکەن.

**باسنیوز**: بەڵام، لەوە دەچێ لە هەردوو لادا روانینەکان بۆ یەکگرتنەوە و چۆنیەتیی یەکگرتنەوە وەک یەک نەبن. تەنانەت بەڕێز کەمال کەریمی باسی لە بوونی جیاوازیی بۆچوون سەبارەت بە چۆنیەتیی یەکگرتنەوە لە (حدک)دا کرد، ئەم جیاوازییانە چین؟

**سەعید بێگزادە**: بەڵێ ئەوە زۆر راستە، لەنێو هەردوو لاماندا روانینی جیاواز بۆ یەکگرتنەوە هەیە و زۆریش سەیر دەبێ ئەگەر هەموومان هەموو روانگەکانمان وەکوو یەک بن. ئەوە کە روانگەی ئەوان چۆنە و چۆن بیر دەکەنەوە، بۆ خۆیان دەتوانن قسەی لێ بکەن، بەڵام ئەوەندەی حزبی دیموکراتی کوردستان دەگرێتەوە، هەموومان لەسەر یەکگرتنەوەی ئەم دوو حزبە و بەهێزکردنی جوڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆک و هاودەنگین، بەڵام لەسەر چۆنیەتیی تێکەڵکردنەوە و بردنە پێشەوەی پرۆسەکە لە ئەگەری یەکگرتنەوەدا، رای جیاواز هەیە. ئەوەی بە لای ئێمەوە گرینگە ئەم پرۆسەیە دەبێ دەنگ و پشتگیریی بنکە و ئەندامانی چالاکی حزبەکەمانی لەگەڵدا بێت. هەر رێککەوتن و یەکگرتنێک بەبێ راوێژ لەگەڵ ئۆرگانەکان و ئەندامانی حزب، بەبێ پشتگیریی ئەوان، سەرکەوتنی ئاستەم دەبێ. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە چاوەڕوانیمان هەبێ هەموو بۆچوونێکی تاک بەتاکمان لە رێککەوتنێکی ئاوادا بێتە دی. گرینگ ئەوەیە کە بە جۆرێک یەک بگرینەوە کە هەمووان خۆمان لە حزبێکی یەکگرتوودا ببینینەوە و هەموو لایەک بە یەک رادە خۆیان بە خاوەنی ئەو حزبە بزانن و کەس کەسی پێ کەمتر لە خاوەن ماڵ نەبێ.

**باسنیوز**: بەڵام ئێستا بەپێی زانیارییەکان لەناو (حدکا)دا هەوڵی جیدی بۆ گۆڕینی چۆنیەتیی ئیدارەی ئەو حزبە هەیە. بەو جۆرەش کە لە تەرحی سەرەکی بۆ ئەم مەبەستەدا دەبینـدرێ، حزبەکە دەیەوێ دەسەڵاتی زیاتر لە دەست کەسی یەکەمدا کۆ بێتەوە، ئەمە چ شوێنەوارێکی لەسەر یەکگرتنەوە هەیە، ئایا ئێوەش بەوە رازیین؟

**سەعید بێگزادە**: هەتا ئێستا کە ئەم وتووێژە ئەنجام دەردێ، ئەو دوو حزبە قەوارە و ئیدارەی وەکوو یەکیان هەیە، باسی هەتا ئیستاشمان تێکەڵکردنی ئەم دوو قەوارەیە بەم جۆرەی کە هەین. تا ئەو کاتەی ئێمە تێکەڵ بە یەکتر نەبووین و نەبووینە یەک حزب، ئەوان تەواو بەخۆیانەوە پەیوەستن کە چ قەوارەیەک بۆ حزبی خۆیان دیاری دەکەن. بەڵام ئەوەی کە بەلای کۆی ئەندامانی ئێمەوە گرینگە، ئیقتیداری فەرد لە حزبدا نییە، بڕیار بەکۆمەڵ دەدرێ و ناوەندی بڕیاریش کۆمیتەی ناوەندیی حزبە.

**باسنیوز**: سەرەڕای گرینگیدانی ئێوە لە قسەکانتان بە رۆڵی قاعیدە بۆ یەکگرتنەوەی ئەمجارەتان، لە ئێستاوە نارەزایی و نیگەرانی لەناو بنکەی (حدک)دا ئەوەندەی ئاگەدار بین سەبارەت بە یەکگرتنەوە بەرچاوە، چی دەکەن بۆ ئەوەی ئەو نیگەرانیانە بڕەوێننەوە؟

**سەعید بێگزادە**: شاردنەوە و سەرپۆش دانان لەسەر ئەم گلەیی و چاوەروانیانەی کە بنکەی حزب هەیەتی، خێری بۆ کەس تێدا نییە. ئێمە بۆ ئەوەی لە لایەک هەڵەی رابردوو دووبارە نەکەینەوە و لە لایەکی دیکەش وەکوو ئیدعا دەکەین گرینگی بە ڕای قاعیدە جەماوەریەکەمان بدەین، پێویستە ئەو باسانە روون و راشکاو لەگەڵ بنکەی خۆمان تاوتوێ بکەین. وەکوو پێشتریش گوتم لەلای ئێمە لەگەڵ یەکگرتنەوەیەکی سالم هیچ کێشەیەک نییە، بەڵام هەموو لایەک دەبێ بەشدار بکرێن. تەنانەت لە ئاستێکی بەرینتردا ئەو تێکۆشەرانەش کە نیگەرانن و دیموکرات بە هی خۆیان دەزانن.

**باسنیوز**: ئەوەندەی زانیاریمان هەبێت، زیاتری نارەزایی و نیگەرانیەکان دوای ئەو وتەیەی کەمال کەریمی سەرۆکی لیژنەی دانوستانکاری (حدک) هاتنە ئاراوە کە رای گەیاند "ئەگەر بە تەوافوق گەیشتین هەتا کۆنگرەیەکی هاوبەش بە یەکەوە لەژێر ناوی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بە تێکۆشان دەدەین". بەپێی ئەم بۆچوونە کۆنگرەی هاوبەش دوای یەکگرتنەوە دەگیرێ لە حاڵێکدا هەڵوەشاندنەوەی حزبێک بەپێی پەیرەو تەنیا لە دەست کۆنگرەدایە نەک کۆمیتەی ناوەندی.

**سەعید بێگزادە**: ئەوەی کە قسە لەسەر ناوی حزب بەتەنیا هات، لای ئێمەش قسەی لەسەرە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێت سەرنج بدرێتە کۆی باسەکەی کاک کەمال، نەک یەک وشە یان یەک رستە. کاک کەماڵ دەڵێ، ئەگەر هەردووک حزبی دیموکرات لەسەر هەموو خاڵەکانی جێگای موناقەشە، بە تەوافوق گەیشتین، ئەوکات هەتا کۆنگرەی هاوبەش بەو ناوە کار



سەرچاوە
Serchawe

دەکەین. واتا ئێمە باسمان لەگەڵ یەکتر زۆرن، بۆ وێنە، ناوی کەناڵی داهاتووی تەلەڤزیۆنیمان چی دەبێ؟ بە کام لۆگۆ کار دەکەین؟ سکرتێر کێ دەبێت، جێگری کێ دەبێت؟ تەرکیبی بەڕێوەبەری هەتا کۆنگرە، چەند بەچەند دەبێ؟ ئەگەر سکرتێر لە ئێمە بێ، ئەوان چەند کەسیان، لە سەرکردایەتیدا دەبێت، یان پێچەوانەکەی چۆن دەبێ؟ یان ئەو تاکتیکە جیاوازانەی، هەمانن وەکوو رۆژهەڵات تەوەری و خەباتی فرەڕەهەند و راسان، چۆنیان تێکهەڵکێش دەکەین؟ چۆن واریدی کۆنگرەی هاوبەش دەبین؟ چۆن سیاسەت و ئەساسنامەی هاوبەش، دادەڕێژینەوە؟ ئەوانە هەموو باسن و دەبێ تەوافوقیان لەسەر بکەین. ئێمە ئیستا دوو حزبین و دوو ناومان هەیە، ئەگەر بۆ ماوە زەمەنێکی دیاریکراویش بێ دەبێ یەکمان ناوی ئەوی دیکەمان قبوڵ بکەین. پاشان ئەم ناوە پێشتریش باسی کراوە و نوێ نییە. ئەوەش کە باسی هەڵوەشانی حزب دەکرێ، من بەم جۆرەی بۆ ناچم. قسە لەسەر هەڵوەشان نییە، بەڵکوو قسە لەسەر یەکگرتنێکە کە کۆنگرەی ئێمە رێگەی بەم رێککەوتنە داوە، پاشان ئەگەر مەبەست تێکدانی قەوارەی حزب بێ، ئەوە راستە، بەڵام ئەو بەشەش لەلایەک رێگەپێدانی کۆنگرەی ١٦ی ئێمەی لەسەرە، لە لایەکی دیکەش، ئەگەر تێکدانی قەوارەی رێبەری حزب بێ، بۆ لایەنی بەرانبەریش ئەو باسە تەواو راستە، ئەوانیش قەوارەی رێبەریان وەک ئێستا نامێنێ. واتە رێبەری هەردوولا بە یەکەوە هاوبەش هەتا کۆنگرە، حزبی یەکگرتوو ئیدارە دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - رێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ کاک هاشم کەریمی!




وابزانم ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بوو، من و کاک سەید عەبدوڵای حوسێنی ئەو کات هەردووکمان ئەندامی رێبەری یەکێتی لاوان بووین لە مەهاباد. هەردووکمان بە هێندێک هۆکاری رێکخراوەیی لە ناوچەی مەهاباد نەماین و، وەک کادری تەشکیلاتی دراین بە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی گشتی حیزب. لەوێشرا هەردووکمان دراین بە ناوچەی بانە.

من پێشتر کاک هاشمی کەریمیم نەدیت بوو، بەڵام ناویم زۆر بیست بوو. ئەو سەروبەندە بیری چەپ و کۆمۆنیستی، دەنێو لاو و روناکبیراندا چ لە ئێران و چ لە کوردستاندا زۆر باو بوو. تۆ بەم بیرو بۆچوونە تەیار نەبای، یان لانیکەم بەشی خۆتت نەزانیبا و لێی بەئاگا نەبای، زۆر گێژ و نا وشیار، یان لانی هەرەکەم دواکەوتوو دەردەکەوتی. بۆیە زۆربەی مەمانانی گەنجی ئەوکات، خۆمان دەوگێژاوە هاویشتبوو. هەر بۆیەش بۆ زۆر لە ئێمەی کە دەحیزبی دێمۆکراتدا کارمان دەکرد، گرینگ بوو، بزانین کێ دەحیزبدا، بەتایبەت لە رادەی سەرودا هەڵگری بیری چەپە!. یەکێک لەو کەسانەی بە زۆری ناوی دەهات، کاک هاشم کەریمی بوو.

سەید عەبدوڵا و من هەردووکمان لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە شیوجۆ بووین و چاوەڕوانی بەرێ کردنمان بووین. هەردووکیشمان بەین و پەیوەندیەکی زۆر باش و خۆشمان دەگەڵ رەوانشاد کەریمی حیسامی کە پێشتر بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بوو، هەبوو. رۆژێک هەردووکمان چووینە خزمەت کاک کەریم کە ئەوکات لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حیزبدا کاری دەکرد. هەروا دەبەینی قساندا بۆمان باس کرد کە دەچین بۆ کۆمیتەی شارستانی بانە، پێی خۆش بوو، کوتی

بەرپرسی بانە کاک هاشم کەریمییە، پیاوی چاکە و زۆریش کورد و پاکە، بەڵام لەبیرتان نەچێ، ئەو زیاتر لایەنگری لە تێزەکانی مائۆ دەکا!

ئەوکاتە چەپەکانی نێو حیزبی دێمۆکرات، زۆریان کەیف بە تێزەکانی مائۆ و، شێوەی ئینقلابی چینی نەدەهات، زیاتر بیری چەپی سۆڤیەتی، کە حیزبی تودەی ئێران بڵاوی دەکردەوە، بەسەریاندا زاڵ بوو. ئێمەش ئیستسنای ئەم قاعیدەیە نەبووین. بۆیەش پێمان خۆش نەبوو، کە کاک هاشم ئاوا بیر دەکاتەوە!.

دوایی سێ رۆژێک مانەوەمان لە بارەگای سەرەکی حیزب، بەرێز کاک جەلیلی گادانی بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی ئەوکاتی حیزب بانگی کردین و، پێی کوتین کە، سبەی کاک دوکتۆر قاسملوو دەچێ بۆ ناوچەی بانە. منیش دەگەڵم باس کردوە کە ئێوەش بۆ ئەوێ دەچن، کوتویە با هەردووکیان دەگەڵ من بێن. ئێمەش زۆرمان پێ خۆش بوو. بۆ بەیانی کاک ئەمیری قازی کە ئەوکات بە کارەکانی دەبیرخانەی حیزب رادەگەیی بانگی کردین و کوتی بچن سواری ئەو ماشێنەی پاش ماشینی دوکتور قاسملوو بن. کاک دوکتور کە ئێمەی دیت، بانگی کردین و کوتی نا لەوێ سوار مەبن، پێم خۆشە دەگەڵ خۆم بن. ئەوەندەی دیکەشمان پێ خۆش بوو. کاتی خۆی دوکتور قاسملوو بە ناوی شەریف لە ناوچەی بانە کادری حیزبی بووە، لەو ماوەدا کە دەگەڵی دەماشیندا بووین، و لە قەراخ جادە و دێهاتەکان، لاماندەدا و رادەوەستاین، گوێمان دەدا بە قسەکان و، رابردوی حیزب و پەیوەندیەکانی کاک دوکتور دەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە لە گوندەکانی ئەو دەڤەرە ئەو دەیناسین و کاری نهێنی حیزبی و سیاسی دەگەڵ کردبوون. ئەوەش خۆی کاتێکی زۆر هەڵدەگرێ و بۆ ئێمەش زۆر شیرین و پڕ بایخ و گرینگ بوون، کە لێرە جێگای باسیان نییە.

کە گەیشتینە کۆمیتەی شارستانی بانە، چونکە دەگەڵ دوکتور قاسملوو بووین، ئێمە دووکەس هەرون بووین، بەرپرسانی حیزب لە بانە دەگەڵ کاک دوکتور چوون بۆ کۆبوونەوە و دانیشتنی حیزبی و من و کاکە عەبدوڵاش بێ ساحەب لە مزگەوت کە بنکەی حیزب بوو، ماینەوە. منیش ئەوکات گەنجێکی شایی بەخۆ و تارادەیەکیش مەغرور، زۆرم لێ گران هات کە کەس گوێی نەداینێ.

ئەوەش خۆی داستانێکی زۆر خۆشی هەیە، کە من بە لاساری، کاتی نوستن، چووم جێگا و نوێن و پێخەفێکی جوان کە پێم وابوو هی کاک هاشمە، رامخست و تێدای خەوتم. ئەویش دوایی شەر و دەمەقاڵەیەکی باشی بەین من و خاوەن پێخەف کە زۆر بەرێز قاقەی کەریمی، برا گەورەی کاک هاشم بوو، لێ کەوتەوە بەڵام بۆم بوو بە بناخەی دۆستایەتێکی پتەو و خۆش دەگەڵ ئەو رێزدارە.

دوایی دووسێ ڕۆژ کاریان بۆ دیاری کردین، کاک سەید عەبدوڵا درا بە کۆمیتەی ناوچەی ئارمردە و منیش، بۆ هاوکاری کارەکانی کۆمیتەی شارستانی بانە، لە بنکەی سەرەکی کە کاک هاشم خۆشی هەرلەوێ دەبوو مامەوە. بەم جۆرە هەموو ڕۆژێ و هەموو کارەکانم هەردەگەڵ خۆی و کە نزیک خۆی بوو.

دەگەڵ ئەوەی کە کاک دوکتۆر و کاک کەریمی حیسامی، زۆر جار لە لای کەسانی خوارتر تەوس و پلاریان تێک دەگرت و زۆر دەگەڵ یەکتر گونجاو نەبوون، من قسەکەی کاک کەریمم لەسەر کاک هاشم و بیری مائۆیی بۆ کاک دوکتور گێرابۆوە. چونکە زۆرم بوو گرینگ بوو بزانم ئەو چۆنی لەسر بیر دەکاتەوە! ئەوەیش ڕاست، هەر قسەکەی کاک کەریمی تەئید کردوە و کوتی بەڵێ کاک هاشم زیاتر بەلای خەتی سێ دایە.

دوایی کە برێک بیرم بەرخۆ هاتەوە، خۆم لە خۆمم دەپرسی ئەرێ ئەو چ بوو من هێندەم خۆ بەو مەسەلەوە ئالۆز کردبوو، کە بزانم کاک هاشم لایەنگری لە کام بەرەی چەپ دەکا یان نایکا! ئاخرە ئەوە چ دەردێکی کوردی پێ عیلاج دەکرا!! دوایی کە برێک تەمەنم چوە سەرێ قسەیەکی پیاوێکی سیاسی باشوریم خوێندەوە و زۆریشم پێ خۆش بوو کە دەڵێ، گەنجی کوردی خەباتکار لەسەرەتاکاندا چەپ نەبێ سەیرە، کە بەساڵێشدا چوو، چەپ بمێنێ، هەر سەیرە.!

وردەوردە بەینی من کاک هاشم زۆر خۆش بوو، زیاتر هەردەگەڵ خۆی دەیگێرام و هەمیشەش من کۆمەڵێک قسە و پرسیارم هەبوون کە وەڵامم دەویستن. کاک هاشم زۆر بە عەلاقەوە گوێی دەدامێ، وڵامی دەدامەوە، ڕێنوێنی دەکردم. لەم باس و موناقیشیانەدا، هەرچی دەم هێنا و بیرم لێ دەکردەوە، بیر و هەڵس و کەوتی کاک هاشم، دەگەڵ ئەو تێروانینانەی کاک دوکتور و کاک کەریم لەسەری هەیان بوو، نەیدەخوێندەوە. ڕۆژێک لێم پرسی، کوتم کاک هاشم بۆ جەنابت لە لای هاوڕێیان بە مائۆیی ناسراوی؟!

بەشێوەی خۆی قاقایەکی لێدا. کوتی ئەو مەسەلە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە شۆرشی ئێران. من دەمزانی ئێران بەرەو ئالۆزی دەروا، بۆیە زۆرم هەوڵ دەدا هاوڕێیانی ڕێبەری حیزب بەو قەناعەتە بگەیەنم کە ئێمە دەبێ بە شێوەی چەکداری و چریکی خۆمان بخزێنینەوە نێو خەڵکەکەمان و لە گەرمێنرا بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەشم ماوەیەکی زۆر کارم لەسەر ئیدە و بەرنامەکانی لێنین کە لە فینلاندرا کاری لەسەر نێوخۆی روسیە دەکرد و هەروەها هەموو ئیدە چریکیەکانی مائۆ و هوشیمین و کاسترۆ و چێگوارا دەکرد. هەموو ئەو فاکتایانەم کۆکردبوونەوە، لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیدا باسم کردن و، زۆریش پێداگر بووم، بەڵام ئەوان دەگەڵ ئەم بۆچوونەی من نەبوون، بە گاڵتە کوتی ئەوە برێکیشی غیرەتی زیادەی دەویست! بۆیە لەم کاتەوە پێیان وابوو چونکە من دەم کوت دەتوانین لە گوندەکانرا هێندێک حەرەکەتی چەکداری و چریکی بکەین و، خەڵک باشتر ئامادە بکەین، من بە لایەنگری خەباتی مائۆیی دەزانن، دەنا هیچ

وانییە.

من ماوەیەکی باش لە بانە و لە لای کاک هاشم مامەوە، زۆری لێ فێر بووم. پیاوێکی چەپی بە بڕوا بە یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی، کوردێکی پاکی خزمەتکاری نەتەوەکەی، کەسایەتێکی جێگای ڕێزی هەموو ئەو کەسانەی کە دەیان ناسی، پیاوێک کە زۆر مەسەلەی وەک یەکسانی ژن و پیاو، دامەزرانی حکومەتێکی عادلانە و دادپەروەرانە کە هەموو چین و تووێژەکانی کۆمەڵ بگرێتەوە، و دەهەمانکاتیشدا دەسەلاتی کوردی و بێچمی کوردی بێ، دەمێشکیدا گەرای کردبوو. کاک هاشم کەسێکی مەزهەبی نەبوو، بەلام قەت نەمدی لە جێگایەک بێڕێزیکی بە دیندارێک کردبێ، ئەو کەسێکی شارەزا بە کەلتور و داب و نەریتە کۆمەلایەتیەکانی میللەتەیەکەتی، بۆیەش هەم ڕێزی لە هەموان دەگرت و هەم، هەموانیش ئیستاش ڕێزی لێ دەگرن. چ دەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا و چ دەنێو ریزەکانی حیزبیدا، قەت تاقە وشەیەکی ناشایست لەسەر کاک هاشم، چ لەباری سیاسی، چ لەباری پاکی و سەداقەتی دەگەڵ هاوڕێیان و دەوروبەری نەبیسترا.

با قسەیەکی خۆشیش بگێرمەوە، جارێکیان زێنەب خانمی شەریکە ژیانی کاک هاشم، بە کاک عەلی سوسەنی و کاک هاشمی کوتبوو، ئەو دوو گەنجە مەهابادیە ڕۆژێک بۆ نەهار خواردن بانگ بکەن و لێشیان بپرسن بزانن چیان پێ خۆشە با بۆیان ساز بکەم!. خۆ ئەوکات ئیمکاناتێکی ئاواشمان نەبوو. بۆیە پێمانخۆش نەبوو توشی عەزیەتیان بکەین، بەلام زێنەب خانم قبوڵی نەکرد، بۆیە کوتمان باشە دیین، با شۆرباوێکمان بۆ لێبنێن. من بە حیسابی شۆرباوی مەهاباد و نەشمدەزانی لە بانە شۆربا شتێکی دیکەیە. ئەویش هەر رایدەسپارد بابە چۆن شتی وادەبێ شۆرباوی چی،؟! با شتکی باشتر و خۆشتر بلێن! ئێمەش لەسەر شۆرباو خواردنی خۆمان هەر سور بووین، کە چوین، ئەو خانمە بەڕێزە شۆرباوی بانەیی بۆ لێنابوین کە هەر خوایان دەگەڵ شۆرباوی مەهابادی یەک بوو. لەوێ زانیم نەخێر شورباو لێرە ئەوە نییە، کە ئێمە جاری وایە بە گۆشتاوی دەلێیین!. زێنەب خانمیش هەر سەیری دەکردین و گومانیشی لا دروست ببوو کە دەبێ لێک حالی نەبوونێک بوبێ.! پاش چەندین ساڵ ڕۆژێک خۆی لە بنکەی دەفتەری سیاسی دەعوەتی خانمێکی مەهابادی دەبێ بە شۆرباوی مەهابادی، لەوێ بیری دێتەوە کە ١٠ ساڵ پێشی ئەو هەلیماوەی دابوی بە ئێمە ئەوە نەبووە کە ئێمە داوامان کردبوو، بۆیە هەر خۆی بەقەرزدار دەزانی و ئاخری لە لەندەن لە ماڵی خۆی و لە هەندەران شۆرباوی داینێ.

کاک هاشم، دەگەڵ ئەوەی خۆی کوری بنەماڵەیەکی تارادەیەک دەست ڕۆیشتوو بوو، بەلام هەمیشە بە کەمترین ئیمکاناتەوە ژیاوە.

کاک هاشم دەگەڵ پیران، پیر، و دەگەڵ گەنجان، گەنج و لەکۆری ساحەب قەڵەماندا خاوەن قسە، و لە کۆری شاعیران و ئەهلی ئەدەبدا ساحەب نەزەر و زانیارییە.

بەداخەوە ئیستاشی دەگەڵ بێ لە ناوچە و وڵاتی ئێمە نەیارانی سیاسی، یان دوو جەریان، یان دوو کەسایەتی سیاسی کە بۆ ئیدە و دوارۆژی وڵات و چین و توێژەکانی کۆمەڵ، بیری لێک جیایان هەیە، زۆر کەم باشیی یەکتر دەڵێن. بەڵام لە ناوچەی بانە، زۆر ڕێکخراوی سیاسی دیکەی لێ بوو، لە زۆر چەپی رایکاڵترەوە بگرە هەتا حیزبی ئیسلامی، هەموو ئەوانە رێزی زۆر تایبەتیان لە کاک هاشم دەگرت.

کاک هاشم لە لای زۆرێک لە حیزبە سەرانسەریەکانی ئێران و تەنانەت، دەنێو حیزبە کوردستانیەکانی باشوری کوردستانیش دا زۆر جێگای رێز و حورمەت بوو. باش لە بیرمە کاتێک لە کۆنگرەی ٨ کاک هاشم نەبۆوە بە ئەندامی رێبەری حیزب، دەفتەری سیاسی ئەوکات راست لەسەر راسپاردەی شەهید دکتۆر قاسملوو، هەیئەتێکی بۆ تەوزیح و روونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی کاک هاشم نەبۆتەوە ئەندامی رێبەری ناردە، لای یەکێتی نیشتمانی، بە تایبەت بۆ لای بەرێز جەلال تاڵەبانی. کاک هاشم بە لای یەکێتی نیشتمانیەوە کەسایەتێکی بەرجەستە و دۆستێکی بزوتنەوەی باشوری کوردستان و یەکێتی نیشتمانی بوو، بۆیەش داهاتوی سیاسی بەرێزیان بۆ هەموو لایەک بەتایبەت بۆ مام جەلال و یەکێتی نیشتمانی گرینگ بوو.

کاک هاشم کەسێکی خوێندەوار، و ساحەب قەڵەم و ئەهلی نوسن و خوێندنەوەیە، هەمیشەش دەوروبەری و نیزکانی بۆ فێر بوونی زیاتر هان دەدا. یەکێک لە بەرابردوترین ئەندامانی رێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە.

نزیکی و دۆستایەتیم دەگەڵ کاک هاشم هەتا ئیستاش هەر درێژەی هەیە و، ساڵانێکی زۆریش دەگەل بەرێزیان لە رێبەری حیزبدا، هەر شانازی دۆستایەتی و، لێ فێر بوونم هەر درێژەی هەبووە. تەنیا کێشەیەکی کە هەمان بووە، جارو بارە لاتاوێکی پێدا دەدام و دەیکوت سەعید تۆ پێشتر چەپ بووی، بەڵام ئیستا گۆراوی و ناسیۆنالیستیەکەت تەواو بەرچاوی گرتوی و بیری عەداڵەتی کۆمەڵایەتیت زۆر کز بووە!

کاک هاشم لە بنەماڵەیەکدا گەورە بووە، کە خۆی و دوو برای دیکەی ئەندامی بەرجەستەی دێمۆکرات بوون، شەهید عوسمانی برای بۆ پێک هێنانی تەفاهوم لە بەینی تورک و کورد دا لەشەری نەغەدەدا شەهید بوو، کاک محەممەدی برای گەورەی واتا قاقە کە لە دامەزرێنەرانی کۆمیتەکانی حیزبیە لە ناوچەی بانە و یەکێک لە کۆنترین چالاکان و ئەندامانی دێمۆکرات بوو، لە هەندەران کۆچی دوایی کرد و هەروەها برایەکی بەرێزی دیکەشی، حاجی رئۆف کە راستە ئەندامی چالاکی حیزب نەبوو، بەڵام لە زۆر نزیکان و خەمخۆرانی کورد و دێمۆکرات بوو، ئەوەیش لە سوئێد کۆچی دوایی کرد.

کاک هاشم، تێکۆشەرێکی گەورەی کورد، خاوەن قەڵەمێکی زانا، سیاسیەکی پاک و راست و سادق، بڕوادارێک بە یەکسانی و عەداڵەتی جینسی و کۆمەڵایەتییە. لە روانگەی منەوە کاک هاشم لەزۆر بارەوە بۆ لێ فێر بوون دەبێ و خەسلەت و

کەسایەتی بەرزی ئەو بۆ نەوەکانی داهاتوش هەر دەمێنێ.

هیوا دەخوازم بەچاوی خۆی وەدی هاتنی ئاواتەکانی واتا بەختەوەری میللەتەکەی ببینێ.

سپاس کاک هاشم بۆ هەموو ئەوانەی لێت فێر بووم.

سوئێد

سەرچاوە: نامیلکەی رێزگرتن لە کاک هاشم کەریمی - ڕێکەوتی: ٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

* تێبینی: ئەم بابەتە لەسەر داوای من ئامادە کراوە.

## سەعید بەگزادە: کورد یان دەبێ ئەوەندە بەهێز بێ بەرژەوەندییەکان بپارێزێ یان ئەوەندە بە پلان کە بتوانێ مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکان دروست بکا



### وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان"

**دیمانە: شەونم هەمزەیی**

ڕووداوەکانی ئەم دواییانە و ئەم ڕۆژانەی ناوچە گرینگ و هەستیار و چارەنووسسازن. لەلایەک بزووتنەوەی کورد لەبەر دەم تاقیکارییەکی مێژوویی دایە و، لەلایەکی دیکەش دەستێوەردانی سەربازی و قەیرانخوڵقێنیی ئێران دۆخێکی نالەباری بەسەر ڕەوشی کورد لە باشووری کوردستاندا سەپاندوە. لەو نێوەدا ستراتیژیی ناڕوونی ئەمریکاش کە زۆر گومان و پرسیاری دروست کردوە.

«کوردستان» ئەم بابەتانە و چەند باسێکی دیکەی کردۆتەوە تەوەری وتووێژێک لەگەڵ کاک سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**شەونم هەمزەیی: کاک سەعید با لە گۆڕانکارییە گرینگەکانی ناوچەڕا دەست پێبکەین. بە پیلانێکی نێودەوڵەتی بەشی زۆری دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان لەبار چوون. بۆ وای لێهات؟**

**کۆمەڵێک فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی بوونە هۆکاری ئەو کشانەوە گرانە.**

**سەعید بەگزادە**: بە ڕووی دەرەوەدا پشتیوانیی دەرەکیی باشی بۆ ئامادە نەکرابوو. لەو ماوەیەدا زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیان کردوە و حکومەتەکان گۆڕاون؛ دەگەڵ ئەوەشدا کە هەتا ئیستاشی دەگەڵ بێ زلهێزەکان سیاسەت و پلانی ڕوونیان بەرامبەر بە ڕۆژهەلات، بە تایبەت وڵاتانی دەوروبەری کوردستاندا نییە. سەرکردایەتی کورد زیاتر لەسەر هەڵوێستی کاربەدەستانی پێشووی وڵاتانی دەرەوە، کاری کردبوو. بەتایبەت پاش ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە واشینگتۆن، لەسەر ئیدارەی نوێ، بەمجۆرەی دەرکەوت بە قەرا چاوەڕوانییەکان کاری پێویست نەکرابوو. پشتیوانانی ئورووپاش زیاتر ئەو کەسایەتییانە بوون کە ئیستا لە دەسەڵاتدا نین. بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە کوردستان زیاد لە پێویست، حیسابی لەسەر کرابوو. دەور و پیلانی وڵاتانی جیرانیش خوێندنەوەی دروستی بۆ نەکرابوو و، کەمتر لە ڕادەی خۆی گرینگی پێدرابوو. بەتایبەت نەخشی کۆماری ئیسلامی کە ڕابردوویەکی درێژ و جێ پێی قایمی لە عێراق و کوردستاندا هەیە، بەرادەی پێویست ئەم مەترسییە کاری لەسەر نەکرابوو.

بەڕووی نێوخۆدا، بڕیاری بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆم کۆدەنگیی لەسەر نەبوو. دەسەڵاتی هەرێم یەکدەست نەبوو. ناوەندی بڕیار لە هێزی پێشمەرگە یەک نەبوو. پێشمەرگە وەک تەنیا باسکی بەرگری و پاراستنی دەسکەوتەکان، دەبوو زۆر پێشتر تێکەڵ کرابا و ناوەندێکی بڕیاردانی هەبا، ئەو ڕێکخستن و دەسەریەک کەوتنە نەکرابوو و ناوەندی فەرمانیش فرە بوون و ئەو هێزە لە چەندین جێگا و کەس و شوێنەوە فەرمانی پێ دەدرا. قەراری پەیمان و سازان دەگەڵ ناوەندی عێراق و وڵاتانی جیران، لە جیاتی ئەوەی یەکدەست و ئەویش بە حکومەت بێ، لە دەست حیزبەکان و کوتلەی حیزبەکاندا ماوەتەوە، ئەوەش هەروەک دیترا مەترسیدارە. کێشەی ئیداری و کەڵکی نادروست لە دەسەڵات و گەندەڵێ، گوێی نەدرایە. حکومەت و ئیدارەی وڵات، سەرەڕای جیاوازیی زۆر و باشتری دەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، دیسانیش، ناڕەزایەتی زۆری لەسەر بوو. هەروەها بەرژەوەندییەکان جێگۆڕکێیان پێکرا و قازانجە کاتی و حیزبی و تاکی و کوتلەییەکان لەسەرووی بەرژەوەندی نەتەوەیی دانران.

**پرسیار**: دەنگێک هەیە و لە نێو کوردستان و لە زمان کوردیشەوە دەبیسترێ کە بڕیاری ڕیفراندۆم لە جێدا نەبوو، یان ئەوەی لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان لە سۆنگەی ڕیفراندۆمەوە بوو. ئێوە لەو بارەوە دەڵێن چی؟

**سەعید بەگزادە**: من ئاوای بۆ ناچم. پێموایە ڕێفراندۆم، مافی ڕەوا و قانوونی و سروشتیی ئەو میللەتەیە و لەهەمانکاتیشدا کورد لەم پارچەدا، بە دێموکراتیکترین شێوەی ڕاستەوخۆی دەنگ، ئیرادەی سیاسیی خۆی بە گوێی هەموو



سەرچاوە
Serchawe

جیهان دادا. بە ڕێژەیەکی زۆر لەسەرێ، ڕایگەیاند کە دەیهەوێ چ داهاتوویەکی سیاسی بۆخۆی بنیاد بنێ. هیچ لەو بڕوایەشدا نیم کە ئەم هێرشانە بە هۆی ئەم ڕیفراندۆمەوە کرابن. ناشاردرێتەوە کە ئەم گشتپرسیە، پرۆسەی هێرش بۆسەر دەستکەوتەکانی کوردستانی خێراتر کرد، بەڵام ڕیفراندۆم نەشکرابا، ئەم پیلانانە بۆسەر کوردستان هەر دەئارادا بوون. ڕەنگبێ ئەوکات، ڕادەی دەستئاوالایی حکومەتی عێراق و هاوپەیمانە ئیقلیمیەکانی، ئاوا بەرین نەبا و بەجۆرێکی دیکە دەرکەوتبان. پێشتر باسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیش نەبووە و، زۆر خەراپتریان بەسەر هێناوین.

**پرسیار**: ئەگەر بێینە سەر ڕۆڵی چالاک و بەرچاوی ئێران لەو دەستێوەردان و هاوکێشەیەدا. ئێران لە چی دەگەڕێ، ئایا مەبەستی هەر دژایەتیی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بوو، یان ئامانجی گەورەتر و گرینگتری لە پشت بوو ئەم دەستێوەردانە؟

**سەعید بەگزادە**: ئەوەی کە ئێران دەسەڵاتی کوردی، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بە زیانی دەسەڵاتی خودکامەی خۆی دەزانێ، هیچ جێگای شک نییە. بەڵام لەم گێژاوەی سیاسەت و بازاڕی شێواوی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، ئێران زۆر گەمەی دیکەشی هەن. ئێران یەکێک لە کایەکەرانی زیرەک و بێ پرێنسیپی ناوچەیە و بەشوێن بەرینترکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی. لەم بوارەدا لەهەموو ئامرازەکانی مەزهەب، تیرۆر، فریو و پارە، بۆ بەهێزترکردنی بازنەی دەسەڵاتی خۆی کەڵک وەردەگرێ. ئەوان دەخوازن، ئیمپراتۆرییەکی بەرین لەسەر بنەمای ئایدیاکانیان لە بازنەیەکی بەرینتر لە ئێراندا لە هەموو ناوچەکەدا، پێک بێنن. دەگەڵ ئەوەش کە هەموو ڕۆژئاوا دەزانن، کۆماری ئیسلامی، چ مەترسییەکە بۆ داهاتوی ئەوان و ناوچە، هەتا ئێستا بەرنامەیەکی ڕوونیان بۆی نییە. هەرلەبەر ناڕوونی سیاسەت و پلانەکانی ڕۆژ ئاوا بەتایبەت ئەمریکا، هەتا ئیستا ڕۆژ بەرۆژ کۆماری ئیسلامی جێگا و پێگەی خۆی لە ناوچەدا قایمتر کردوە.

**پرسیار**: ئێران و کاربەدەستانی سەرووی کۆماری ئیسلامی لە مێژ ساڵە لافی دۆستایەتیی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان لێ دەدەن، وەک حاڵەتی موشەخەس باشووری کوردستان. خۆ دەبینین کۆمەڵێک کەس کە خۆیان وەک ڕوناکبیر و نووسەر و ئالیتی کوردی باشوور دەناسێنن، باس لە دۆستایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن، یانی بۆیان بۆتە باوەڕ. تۆ بڵێی ئێستا ڕوخساری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا دەرکەوتبێ؟

**سەعید بەگزادە**: ئێران و کاربەدەستانی ئێران، سیاسەت دەکەن، دە سیاسەتی ئەم جۆرە سیستمانەشدا دۆست بوونی نییە، بەڵکوو بەرژەوەندی لە پێش هەموو شتێکەوەیە. ئەوەی کە زۆر فریودەرانە و هەڵخەڵەتێنەرە، بەیانی نەرم و ڕاکێشەری ئەو کاربەدەستانەیە کە بەداخەوە بۆ ئەوانەی باشیان ناناسن، زۆر سەهل و ئاسان دەداوی زمانی لوس و هەڵخەڵەتێنەریان دەکەون. دەسەڵاتدارانی ئێران لە هیچ سەردەمێکی مێژوودا دۆستی کورد نەبوون، هەتا ئیستا دۆست بن. زۆر سەیرە بەچاوی



سەرچاوە
Serchawe

خۆت ببینی، بەشێک لە میللەتەکەت لەمبەری سەد کیلۆمێتریی تۆ، بە دڕندانەترین شێوەی مومکین سەرکوت بکرێ، ڕێبەرانی تیرۆر بکرێن بە سی و چەند ساڵ دەسەڵات، زیاتر لە شەست هەزار کەسی بەدەستی ئەم ڕێژیمە کوژرابێ، بەڵام ئیستاش تۆ لەمبەری سنور بە دۆستی خۆتی بزانی! ئەوەش کە هێندێک روناکبیر و نوسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دۆستی خۆیان دەزانن، دەبێ لەم ڕوناکبیرییە ورد ببینەوە، کە ئایا بەڕاستی ڕوونی دەبینن؟! زۆر بەداخەوە ئێمەی کورد، زۆر جار لەبەر ڕق و تووڕەیی و کینە، بەرچاومان تەواو تاریک دەبێ و ڕاستییەکانمان لێ دەشێوێن، بۆیە ئیستاش بەگومانم کە هەموو لایەک باش دە سیاسەت و وێرانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتبن.

ئەوەش کە وەک حکومەت و دەوڵەت بە هۆی جیرانەتی، کۆمەڵێک پەیوەندیی ئابووری و موناسباتی سیاسی دادەمەزرێ، زۆر ئاسایی، و پێویستیشە ببێ. بەڵام کردنەوەی دەرگای پەیوەندیی دیپلۆماتیک نابێ قەت ڕێگا بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتی دیکە بەتایبەت کە سیاسەت و پیلان و نییەتیشی دەزانێ، خۆش بکا. کۆماری ئیسلامی چ وەک دەوڵەت، چ وەک دۆست کە نییە، دروستە لەبەر جیرانەتی پەیوەندی سیاسی و بازرگانیت دەگەڵی هەبێ، بەڵام قەت نابێ ئیزنی ئەو هەمووە ڕایەڵکەی پێ بدرێ.

**پرسیار**: کورد دیسان بەسەر هەواری خاڵیدا کەوت. پشتیوانیی نێودەوڵەتی کە کورد هیوای لەسەر هەڵچنیبوو نەک وەدی نەهات، بگرە باڵانسەکە خەریکە بەولادا دەشکێتەوە. کورد لە کوێدا هەڵەی کرد؟

**سەعید بەگزادە**: من پێموایە خوێندنەوەمان لەسەر پشتیوانی نێودەوڵەتی، دروست نەبووە. کەس هەتا ئیستاشی دەگەڵ بێ، بەمجۆرە کە ئێمە ئێشتیای دەکەین پیشتیوانیی لە ئێمە نەکردوە. دەگەڵ ئەوەش، کورد نسکۆ و شکانی زۆری بەخۆوە دیوە. ڕاستە ئەمجار زۆر لە ئامانجەکانی نزیک ببۆوە، بەڵام ئەمن هەواری کورد بە خاڵی نابینم. هەڵەمان هەبوون، گرینگ ئەوەیە، بە هەڵەکانی خۆمان بزانین و لێیان دوور بکەوینەوە. گەمەکانی ئەم ناوچەیە هەم زۆرن و هەم زۆر ئاڵۆز و بەشێکی زۆریشی نادیارن. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە، ئەگەری ڕووداوی چاوەڕواننەکراو فرەن.

**کورد هەڵدەستێتەوە. جارێ هیچ باڵانسێک بەتەواوی نەگۆڕاوە و بۆ بڕیاری کۆتایی زووە.**

**پرسیار**: باشە خۆ ئەگەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندیشەوە چاوی لێبکەین، دەوڵەتی کوردستان بەو ئەزموونە باش و تاقیکارییە سەرکەوتووەی لە چارەگە سەدەی ڕابردوودا دەیتوانی باشترین دۆست و هاوپەیمان بۆ دنیای دەرەوە بێ. چۆنە ئەوان ئەمە نابینن؟



سەرچاوە
Serchawe

**سەعید بەگزادە**: بەشێکی ئەم بۆچوونە ڕاستە. حکومەتی کوردستان، لە بەرانبەر حکومەتەکانی ئەم ناوچە و جیرانەکانیدا، لە هەمووان باشتر و دیمۆکراتیکتر ئیدارە کراوە و، نمونەیەکی باشی ئازادی و دیمۆکراسیی دەرخستوە. پێشی بە زۆر هێزی بناژۆ و مەترسیداری مەزهەبی و تیرۆریستی گرتوە و بۆتە شوێنێکی ئەمین بۆ حاوانەوەی خەڵکی دەروجیرانیش. سەرەڕای زۆر لە گرفتە چارەنەکراوەکانی خۆی، پێشکەوتنی باشیشی هەبووە، بەڵام ئەمە بۆ پشتیوانی نێونەتەوەیی بەس نییە.

لە دونیای ئەمڕۆدا زۆر زۆر گرینگە یان ئەوەندە بەهێز بی کە بەرژەوەندیی زلهێزەکان بپارێزی، یان ئەوەندەت توانا هەبێ و ئەوەندە بە پلان و وشیار بی کە مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکان دروست بکەی. ئەوکات دەکەویە نێو بازنەی موعادلاتەوە، بەڵام ئێمە نەگەیشتوینێ. هیچ وڵاتێک لەبەر چاوی جوانی ئەم و ئەو لەسەدان هەزار کیلومێتر ئەولاترە، نایا بە هەزاران سەرباز لە وڵاتێکی وێرانی وەک عێراق بەکوشت بدا، لەبەر مافی مرۆڤ و دیمۆکراسیش ئەم کارە ناکا. ئەوان بەدوای قازانجی خۆیانەوەن، لە کام لا زیاتری دەست بکەوێ، ئەو هەڵدەبژێرێ. ئێمەش نابێ بەوە تورە بین. دەبێ بزانین، چۆنی خۆدەگەڵ ڕێک دەخەین، یان چۆنی مەترسی بۆ دروست دەکەین. هیچ فاکتۆرێکی دیکە غەیری ئەم دوو حەرەکەتە، دروست دەرنایا وبێجگە لەم گەمە سیاسیە، تەنیا چەکی ئێمە بۆ وەدەستخستنی ویستی ڕەواو و بەحەقی خۆمان، یەکدەنگی و یەک هێزی و بڕوای قایم بە ڕزگاری و دەمەیداندا بوونی هەموو جەماورەکەمانە، بێ ترس و سڵەمینەوە لە هەزینەکانی.

**پرسیار**: یانی پەرەسەندنی دەسەڵات و نفووزی ئێران لە ناوچەیان لەوە پێ باشتر بوو؟

**سەعید بەگزادە**: قسە لەسەر باشتر بوونی ئێران نییە. ئێران شەڕی دەسەڵات دەکا، دەتوانێ کێشە و ژانەسەر دروست بکا. چەکی مەزهەبی پێیە، پوڵی هەیە و بە هەرجۆرێک بێ، لەو بۆشیاییەی بێ بەرنامەیی ڕۆژئاوادا بۆ ئێران و داهاتوی ئەم وڵاتە، ئەو مەیدانە باشتر بۆ کایەکانی ئەوان کراوەتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، زلهێزەکان هەتا ئیستاشی دەگەڵ بێ بەرنامەیەکی ڕوونیان بۆ ئایندەی ئێران نییە. ڕۆژئاوا بەرنامەکانیان لەهەردووک وڵاتی عێراق و ئەفغانستان بەو جۆرەی دەیان ویست سەرکەوتوو نەبوو. تەنانەت لە عێراقدا زۆر ئاشکرا، کۆماری ئیسلامی هەتا ئیستا زیاتر براوەیە، تەئکید دەکەمەوە، هەتا ئیستا. ڕۆژئاوا خوێن و هەزینەی ماڵی و ئینسانی دا، کۆماری ئیسلامی بەرهەمەکەی دەدروێتەوە.

**پرسیار**: پێتان وانییە ئەمریکا و دنیای دەرەوە خەریکی دوپاتکردنەوە و پێداگری لەسەر ستراتیژییەکی هەڵەن؟

## سەرەڕای ناڕوونی سیاسەت و پلانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، بۆ ڕۆژهەڵات.

**سەعید بەگزادە**: ئەمریکا و ڕۆژئاوا، ناتوانن، ئێران و تورکییە و ئەوهەموو وڵاتە عەربییە لەبەرچاو نەگرن. ئەگەر پێمانوابێ دونیا هەموو ئەو وڵاتانە بۆ بەرژەوەندیی لەو ناوچە بەرتەسکەی ئێمەدا، کە تەنانەت کورد هەتا ئێستا خۆشی وەک ڕێبەرییەکەی سەرەڕای دەنگی بەهێزی سەربەخۆییخوازیی خەڵک، ویستەکانی ڕوون نین، فرێ دەدا، خۆمان فریو دەدەین و بۆچوونێکی هەڵەمان هەیە. ئێمە دەبێ پێش ئەوەی چاوەڕوانی پشتگیری و لێکگرێدانی بەرژەوەندیەکانمان دەگەڵ ڕۆژئاوا بین، خۆمان ساخ بکەینەوە، کە بە شوێن چییەوەین، چیمان دەوێ، دەمانهەوێ بگەینە کوێ و کام بەرژەوەندی دەگەڵ کام زلهێز لێک گرێ دەدەین؟ ئێمە ئێستاش هێزێکی زۆری نێونەتەوەییمان بە کێشەکانی خۆمانەوە خەریک کردوە. ئەوان جارێ هەر دەبێ کارمان لەسەر بکەن کە دەگەڵ یەکتر بەشەڕ نەیەین و شەڕی نێوخۆیی دروست نەکەین، چ بگا بەوەی سەرمایەی گەورەمان لەسەر دابنێن.

**پرسیار**: وەک چاوەدێرێکی سیاسی کورد باشوور چۆن خۆی دەگرێتەوە؟

**سەعید بەگزادە**: کورد لە باشوور نەشکاوە، بە گەلەکۆمەکییەکی ئیقلیمی ودەرەکی تا ڕادەیەکی بەداخەوە زۆر، پاشەکشەی سیاسی و نیزامیی پێ کراوە. خۆشی یارمەتیدەری ئەم نەهامەتیە بووە، بەڵام ڕۆژی کۆتایی و، ڕۆژی ڕەشی کورد نییە. سیاسەت لەم ناوچەدا، خەریکە گەرموگوڕتر دەبێ. نەتەنیا نابێ دەستەوئەژنۆ بین، بەڵکوو، پێویستە زۆر بەبێ پەرواتر و قایمتر، تەنیا بەچەکی، یەکدەنگی و یەکماڵی خۆیانەوە، بێنەوە مەیدان.

بۆ هەستانەوە و خۆ گرتنەوە، پێش هەموو شتێک پێویستە بەسەر کێشە نێوخۆییەکاندا زاڵ بن و دەسەڵاتی سیاسی بەرینتر بکرێتەوە. خەڵکی ئەم پارچە دە هەموو سەروەت و سامان و داهاتی وڵاتدا سەهیم کرێن. کۆمەڵگا لە کۆمەڵێکی مەسرەفی ڕزگاری بێ. کار و بەرهەمهینان زیاتر هەمەگیر بکرێ. زۆر بە کورتی، ژیانی خەڵک ئەوەندەی دەکرێ و مومکینە خۆشتر بکرێ، شکاف و فاسیلەی ژیانی دەسەڵاتداران دەگەڵ خەڵکی دیکە کەمتر بکرێتەوە. جۆرێک کە خەڵک ڕێبەران و خۆیان وەک یەک ببینن.

ڕێبەرانی وڵات باشتر ئەولەوییەتەکان لە جێگای خۆیان دابنێن و، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان فیدای حیزب و تاک و کوتلە نەکرێن. خەڵک و ڕێبەری زیاتر لێک نزیک بکرێنەوە، ئەوکاتەیە کە، سەرکردایەتیی کورد پشت ئەستور بە بڕیاری گشتی، دەتوانێ هەموو کارتێک بۆ ڕزگاری بەکار بێنێ.

**پرسیار**: ئەدی چۆن دەتوانێ قەرەبووی ئەو شکستە نیزامی و هەروەها دەرونییە بکاتەوە، بە تایبەت کە ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش وازی هێناوە و بە کردەوە ئەو دەزگا شەرعی و ئیدارییە لە هەرێمی کوردستان نەماوە؟

**سەعید بەگزادە**: بەداخەوە ئێمەی کورد، زۆر زوو بە کەمترین سەرکەوتن، لەخۆبایی دەبین و بە کەمترین پاشەکشەش، بۆ ماوەیەک هیوا بەردەدەین. بەڵام بەخۆشییەوە، زۆر زووش خۆدەگرینەوە. یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی و کەمکردنەوەی کێشەی هێزە سیاسییەکان دەتوانێ باری ڕەوانیی ئەم پاشەکشەیە کەم بکاتەوە. کەمکردنەوەی دەستی جیرانەکان کە ئیستا سیاسەت و بەرنامەکانیان بۆ هەموو لایەک باشتر و زیاتر دەرکەوتوون، دەتوانێ یارمەتیدەر بێ. هەتا ئەو دەستە دەرەکیانە مەودای چالاکی و ئاژاوەنانەوەیان بمێنێ، ئیمکانی دڕدۆنگی دروستکردن، نائومیدی و دڵساردی هەر دەمێنێ. ئەوەش کە دەگەڕێتەوە بۆ کشانەوەی سەرۆکی هەرێم، کە دروستترە بڵێین قبوڵنەکردنی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، ڕاستە ئەوەش بۆشاییەکی گرانە کە دروست دەبێ. بەڵام واش نییە، کەدەردی بێ عیلاج بێ. بەهاوکاریی گشتی و دابەشکردنی دروستی دەسەڵاتەکان و هاودەنگی هێزە سەرەکییەکان، بەشێکی زۆری ئەم بۆشایەش دەکرێ چارە بکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە، سەرۆکی هەرێم، لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کشاوەتەوە، بەڵام ئیستاش سەنگینترین کەسی کوردستان و سەرۆکی یەکێک لە هێزەسەرەکییەکانی ئەم پارچەی کوردستانە و لە گۆرەپانەکە نەچۆتەدەرێ. بۆیەش دەهەموو کایە سیاسیەکاندا قورسایی خۆی هەر هەیە. کەوابوو ڕۆڵ و جێگای بارزانی، لە ساحەی سیاسیی باشووری کوردستاندا هەر هەیە و، بەرچاویش دەمێنێ.

**پرسیار**: دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، واتە سڕکردنی ڕێفراندۆم، لەکیس چوونی بەشێکی زۆر لە خاک و دەسکەوتەکانی کورد کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا لەو بەشەی کوردستان وەسەریەک نرابوو، بە گشتی پێشهاتەکانی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستان چ شوێنکارێکی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ؟

**سەعید بەگزادە**: سڕکردن، یان دەکار نەخستنی ئاکامی ڕێفراندۆم، کە مافێکی زۆر سروشتی و دێمۆکراتیانەیە، هیچ لە حەقانیەت و ڕەسایی ئەو دەنگە کەم ناکاتەوە. ئەوەش لێرە زیاد بکەم کە خەڵکی باشوری کوردستان بەم دەنگە ۹۳ لەسەدەی خۆیان بە سەربەخۆیی و، دروستکردنی کیانی کوردی، ئیرادە و ویستی خۆیان نیشان دا کە خوازیار نین دەگەڵ عێراق بمێننەوە. جا ئیستا کاتی دەکارکردنی ئەم بڕیارە بێ یان نا، هیچ لەم ڕەسایی ئەم ئیرادەیە، ناگۆڕێ. ئەگەر هەتا پێشتر بە بێ ویستی کورد کوردستان بە عێراقەوە لکێندرابوو، ئیستا بۆ جاری دووهەم بە زۆر ئیرادەکەی دەشکێندرێ و دیسانەکەش دەکرێتە پینەیەکی نارێک. ئەوەش مەگەر بە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیی هاوبەش، دەنا ئەم زوڵمە سەرناگرێ. بەڵام لەسەر شوێندانەریی کۆی ئەم پرۆسەیە بە سەرکەوتن و پاشەکشەکانیەوە، شوێنی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و کاریگەریشی هەر دەمێنێ. ڕۆژهەڵاتی کوردستان جاری یەکەمی نییە دەخۆشی و ناخۆشییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، بەتایبەت باشووردا، چالاکانە بەشدار دەبێ. ئەوەش ڕاست نیشانەی هەستی بەرزی

نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانە و زۆریش جێگای ڕێز و پێزانینە. لە لایەکی دیکەشەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە دەگەڵ ئەوەی کە هەر پارچەی کوردستان هێندێک سروشت و تایبەتمەندی و ڕێگەچارەی سیاسی جیاوازیان بە پێی هەڵکەوتی خۆیان هەیە، بەش و لەتی یەک نەتەوەی گەورەی بێ وڵات و یەک دەرد و خاوەنی یەک چارەنوسن. دەگەڵ ئەوەش ئەم ڕووداوانە زۆر دەرسی بۆ ئێمەی ڕۆژهەلاتی تێدابوو، کە ناکرێ لەبەرچاوانمان ون ببن.

**پرسیار**: کوردی ڕۆژهەلات کەمی بۆ باشوور نەکرد. ئێستاش دەیان کەس لە ڕۆڵەکانی کورد بە تاوانی پشتیوانی دەربڕین بۆ ڕیفراندۆمەکەی باشووری کوردستان لە زیندان دان. لە ئێستادا ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵێک ئەرک پێناسە و دەستنیشان بکەین، خەڵکی ڕۆژهەلات و حیزبەکانیان چییان دەکەوێتە ئەستۆ؟

**سەعید بەگزادە**: پێشتریش کوتم، ڕاستە ئێمە یەک نەتەوەین، بەڵام دەبێ قبوڵ بکەین کە دابەش کراوین و جیاوازیمان دەبەیندا بە پێی هەڵکەوتی ئەو وڵاتانەی بەسەریاندا دابەش کراوین تێدا پەیدا بووە. بۆیە ئەوەی دەبێ تەسمیمی نیهایی بۆ باشور بگرێ خەڵک و نوێنەرانی ئەم پارچەی کوردستانن، نەک ئێمەی ڕۆژهەلاتی یان پارچەیەکی دیکە. لەسەر ئێمە پشتگیری، ئەگەر ویستیان هاوفکری و هاوکارییە. بەڵام ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر پارچەی خۆمان و خەڵک و هێزە سیاسییەکانی، دەبێ زۆر وشیارانە ئەم ڕووداوانەی باشور بکەین بەدەرس و لێیان فێر بین. ئەوەی دەرخەری ئیرادە باش و حەرەکەت و کردەوەی دروست بوون، بە باش وەری بگرین، ئەوەش کە ماڵوێرانکەر بوون، ڕێگای خۆدزینەوەیان پەیدا بکەین و، لە ئێستارا نەهێڵێن توشمان ببن. ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر ئیستای خەڵکی ڕۆژهەلات، دەگەڵ ئەوەی کە ئەم دەرکەوتن و نارەزایەتی و پشتیوانیانەی بۆ شوێنەکانی دیکە دەیکا، زۆر دروست و نیشاندەری هەستی بەرزی نەتەوەیین، نابێ بە پێی هەلومەرج و، کاتە گونجاوەکان بۆ گەیاندنی داواکان و مافەکانی خۆیان، کەمتەرخەمی بکەن، کورد لە ئێراندا کێشەی کەم نین و دەهەر دەرفەتێکدا دەکرێ بەشێکیان بە پێی هەل و مەرجەکە بەیان بکرێن.

**پرسیار**: وەک دواپرسیار، لە ئێستادا کە ئەو وتووێژە دەکەین هەرێمی کاتالۆنیا بڕیاری جیابوونەوە لە ئیسپانیای داوە و پارلمانی ئەو هەرێمە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندوە. پەیامەکانی ئەو بڕیارە چین؟ ئایا ئەوە نییە کە هێشتا کات بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکان ماوە؟

**سەعید بەگزادە**: هەتا کاتی وڵامی ئەم پرسیارە، کێشەی کاتالۆنیا و سپانیا، بەرەو ئارامی نەرۆیشتووە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە کوردستان و عێراق، ئیسپانیا و کاتالۆنیا نین. ئەوان زۆر لە ئێمە لەپێشترن، سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازییەش، چونکە ئیسپانیا بە دابڕانی کاتالۆنیا زۆر زیانمەند دەبێ، ئامادە نەبووە، قبوڵی دەنگ و ویستی ئەم خەڵکە بکا و لایەنی دێمۆکراتیکی ئەم ویست ڕەوایە و کۆی پرۆسەکەی، گەلێک سەنگینتر کردوە، مەترسی زۆری بۆ ناوەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بۆیەش من پێچەوانەی پرسیارەکەی بەڕێزتان، دەمهەوێ بڵێم کە هێشتا کاتی سەربەخۆیی نەتەوەکان نەهاتوە! ئەمن پێموایە خەبات بۆ سەربەخۆیی وەک جاران هاسان نەماوە. لێکدابڕانی سنوورەکان کێشەی زۆری لێ دروست بووە. پەیوەندی و بەرژەوەندییەکان زۆر بەرین و ئالۆز و تێکچرژاو بوون. ئێستا بۆ تێکدانی سنوری وڵاتێک، تەنانەت سنووری دەستکردیش بێجگە لەو هەموو بەند و تێکەڵاوی و پەیوەندییە نێوخۆییانە، دەبێ کۆمەڵێک پارامێتری نێو نەتەوەییش دەنەزەر بگری و تان وپۆی زۆر وڵاتان لێک هەڵپچڕێنی. بۆیە ئەمە مەسەلەی سەربەخۆیی میللەت و وڵاتێک و، لێکدابڕانی سنور و میللەتانی زۆر ئاستەمتر کردوە.

(لە ژمارەی ٧١٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# بەرژەوەندخوازیی دەوڵەتان ڕێخۆشکەر بووە بۆ بەردەوامیی تیرۆریسمی کۆماری ئیسلامی



**دیمانە: شلێر باپیری**

**دوای ڕووداوی تیرۆری شەهید قادر قادری بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دوابەدوای تیرۆر و شەهیدبوونی سەباح ڕەحمانی لە هەولێر و لە ماوەی دوو حەوتوودا ڕوویان دا، ژووری «بۆ ڕۆژهەڵات» لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرام تێلگەردێکی بەبەشداریی سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ باس لەسەر تیرۆر و سیاسەتی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بزووتنەوەی کورددا پێک هێنا.**

**«کوردستان» پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی ئامادە کردووە و دەیخاتە بەر سەرنجی ئەوان:**

**شلێر باپیری: ڕاتەکان لە هەرێمی کوردستان دیسان دەستی پێکردۆتەوە. ئایا گۆڕانکارێک ڕوویداوە کە تاران سیاسەتی تیرۆری لە باشوور چالاک کردۆتەوە؟**

**سەعید بەگزادە**: لەپێوەندی لەگەڵ پرسیارەکەتدا هەروەکوو بۆ خۆت ئیشارەت پێکرد، دەوڵەتی ئێران لە واقێعدا و لەحاڵی حازردا هیچ دەوڵەتێکی لە حەدی ڕقیبیی خۆیدا نیە بۆ کردوە تیرۆریستییەکانی، دەگەڵ ئەوەش پێم باشە ئیشارە بە خاڵێکی دیکەش بکەم، ئەویش ئەوەیە کە بەداخەوە حکوومەتەکانی پێش کۆماری ئیسلامیش لە ئێران ئەم سیاسەتەیان

هەر بووە و و تێرۆر و تۆقاندن بەشێک لە بەرنامەکانی سەرکوت و کوشتاریان بووە. واتا مێژووی تیرۆر لە ئێران بەدەست دەوڵەتەکانی ئێران زۆر بۆ کۆن دەگەڕێتەوە. زۆر پێش حکوومەتی ئیسلامیش سیاسەتی تیرۆر و کوشتن و قڵتوبڕ و توقاندن لە ڕۆژەڤی بەرنامەی کاری دەوڵەتەکانی پێشووی ئێرانیشدا بووە و ئەوکاتیش کورد بەداخەوە لە ڕیزی پێشەوەی قوربانیانی تیرۆر و کوشتندا بووە. ئەوەش کە دەگەڕێتەوە ئێستا ڕاستە کۆماری ئیسلامی لە پاش تیرۆری میکۆنووس و دادگایی میکونووس هێندێک لەو حەرەکەتانەی ڕاگرتبوو،و بەتایبەت ڕوو بەدەرەوە هەوڵی دەدا سیمایەکی دیکە لە خۆی پیشان بدا، بەڵام ئەگەر بڕوانین بۆچی ئەم تێرۆرانەی چالاک کردۆتەوە دەکرێ ئیشارە بەوە بکەین کە کردەوەکانی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی زیاتر ڕەنگدانەوە یا دژ کردەوەیەکن کە لە موقابیل حەرەکەتەکانیدا لە نێوخۆ ڕوو بە دەرەوە نیشانی دەدا. واتا کۆماری ئیسلامی زیاتر هەوڵ دەدا کێشەکانی نێوخۆیی ئێران وەک ناڕەزایەتیی خەڵک کە لە مەیدان و لە شەقامەکاندا ڕوو دەدەن، ئەو باسانە و سەرنجەکان بگوازێتە بۆ دەرێ تا لەلایەک هەم داخڵی پێی ئارام کاتەوە، هەم کێشە و باسەکان لە نێوخۆڕا بگوازێتەوە دەرەوەی سنورەکان و، لەلایەکی دیکەش بەو شێوەیە بتوانێ هەڵسوکەوت و کۆنترۆڵی هێزەکانی موخالیفی خۆی بکا. واتا تا ئەو جێگایەی بۆی بلوێ هەوڵ دەدا لە تۆقاندن و لە کوشت و کوشتار لە ئیعدام و تیرۆر ئیستفادە بکا بۆوەی خەڵکی پێ بتۆقێنێ.

ئەو تێرۆرانەی ئەم دواییانەش کە لە باشوری کوردستان کراون، پەیوەندییان بەم چالاکییانەی ئەو ماوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە و حکومەت پێی وایە بەم جۆرە دەتوانێ، ڕێگای چالاکییەکان لە نێوخۆ بگرێ. لەلایەکی دیکەشەوە لە باشووری کوردستان بەداخەوە پاش ڕووداوەکانی کەرکووک بۆشاییەکی سیاسیی زیاتر بۆ نفوز و چالاکیی کۆماری ئیسلامی کراوەتەوە و مەیدانی تەڕاتێن بۆ کۆماری ئیسلامی بەرینتر بۆتەوە.

**شلێر باپیری**: کاک سەعید فەرمووت دادگای مێکونووس بووە هۆی خاوکردنەوەی ئەو هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی. ئێستا لێرە لە دەرەوەی وڵات چۆن دەکرێ ڕێگا نەدرێ بە کۆماری ئیسلامی کە ئاوا ئاسان درێژە بە پیلانە تێرۆریستییەکانی بدا؟

**سەعید بەگزادە**: ئاگادارکردنەوەی کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و، وڵات و دزگاکانی پێوەندیدار بە پێشگیری یا بڵێین دەوڵەتان بۆ ئەوەی فشارێک بخرێتە سەر کۆماری ئیسلامی؛ وەک ئاگادارکردنەوە باسێکە و، وەک وریگانەدان و ڕێگرتن لە تێرۆر باسێکی دیکەیە کە دەکرێ بەجیا قسەیان لەسەر بکەین. ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاگادارکردنەوە ئەو بەشەی لانیکەم چاکمان کار لەسەر کردووە و بەشی پێوەندییەکانی حیزب لەو بارەوە زۆر چالاک بووە. بەڵام ئەوەی دیکە پێوەندیی بە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی سیاسی و پێوەندیی دیپلۆماتیک هەیە لە نێوان ئێران و وڵاتاندا کە ئایا مەسەلەن ئورووپا، ئامریکا یا وڵاتەکانی دیکەی دەوروبەر چەندە ئامادەن بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە مەترسی باوێن یا دوورکەونەوە لە قازانج و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان و، وەدەنگ بێن. ئەو بەشە بۆ خۆی بەستراوەتەوە بە زۆر پاڕامێتر و فاکتوری

دیکە کە ئاوا ڕاحەت ناتوانین ئێمە کاریگەریمان لەسەریان هەبێ. بۆخۆتان دەزانن و هەموو دونیا دەزانێ کە لانیکەم لە ئاڵمان، دادگای ئاڵمان تا ئەو جێگایە ڕۆی کە ڕێبەرانی هەرە سەرووی کۆماری ئیسلامی کە بڕیادەری تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بوون، ئەو دادگایە بە تاوانباری ناساندن و حوکمی لەسەر دان. بەڵام دواجار ناچارن بەشی زۆری وڵاتان کە تەنانەت سەرەتا باڵوێزخانەکانی خۆشیان داخست و، باڵوێزەکانیان لە تاران کشاندەوە، دوایە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان کێبرکێی گەڕانەوەیان هەبوو بۆ تاران. دیارە بەو حاڵەش ئێمە دەبێ هەوڵەکانمان زیاتر بێ و فشارەکانمان لەسەر ئەو بابەتە بخەینە سەر یەک.

**شێر باپیری**: **کاک سەعید کاری بەڵگەیی بۆ کۆکردنەوە و بە دیکۆمێنتکردنی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کراوە؟ ئێوە لەو بارەوە چیتان کردوە؟**

**سەعید بەگزادە**: کۆماری ئیسلامی کارنامە تێرۆریستییەکەی هێندە ڕوون و هێندە بەڵگە نەویستە کە لەو بارەوە پێویست بە توێژینەوە و بەدواداچوون و خۆماندووکردنی زۆر نیە.

ئێمە دەوڵەتێک لە دونیادا شک نابەین بە قەرا کۆماری ئیسلامی تیرۆری کردبێ و دەستی لە تیرۆردا هەبێ و دەستی لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان و کردەوە تێرۆریستییەکان لەو وڵاتانەدا هەبێ . ئێمە وەک خۆمان و وەک حیزبی دێموکرات لەو بارەوە ئەوەندەی بۆمان کراوە وردەکاریی کوشتار و تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کورد و حیزبی دێموکراتمان کۆکردووەتەوە و بەڵگەمەندمان کردوون. هەر بۆ نموونە عەرزی جەنابت بکەم کە نیزیک بە ٤٠٠ کەس لە تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧١ هەتا ١٣٧٦ واتا لە ماوەی ٧ ساڵدا بەدەست کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراون کە بەشی زۆری وردەکارییەکانی ئەو تێرۆرانەمان بە تەواوی هەن. ئاماری ئەوەشمان هەیە کە لە ئورووپا، لە ئەمریکا، لە فیلیپین، پاکستان، لە هیندوستان، لە ئیمارات، قبریس، ژاپن و تورکیەشدا کۆماری ئیسلامی تیرۆری کردوە و لەوانە ئێمە ئاماری ٦٠ کەسمان لە بەردەستدا هەیە.

**شێر باپیری**: **کاک سەعید تومەتبارانی ڕووداوەکەی شەوی یەلدا بێتاوان دەرچوون، هێرشی تیرۆریستی بەرامبەر حدکا کرا و سەباح ڕەحمانی شەهید بوو، دواتریش کە شەهید قادری تێرۆر کرا. ئەوانە لە ڕووی کات و بابەتەوە پێکەوە پێوەندییان هەیە؟**

**سەعید بەگزادە**: ئەمن پێم خۆشە شتێک ڕاست کەمەوە، ئەوانەی لە پەروەندەی تێرۆری شەوی یەلدا بەردراون بێتاوان نین. ئێستاش لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوانە تاوانیان لەسەرە، بەڵام ئەوەی کە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ڕوانگەی خۆیانەوە

دەلیلی کافی بۆ ڕاگرتنی ئەوان نابینن ئەوە باسێکی دیکەیە. ئەوان شێوەی کار و ڕۆتینی کاریی خۆیان هەیە، بەڵام ئێمە ئێستاش ئەوانە لەگەڵ ئەوەی کە ڕەنگبێ ئەسڵی ئەو کەسەی کە تیرۆرەکەی کردووە و جینایەتەکەی خۆڵقاندوە نەبن، بەڵام هاوکار و هاودەستیان بوون، بۆیە لە ڕوانگەی ئێمەوە ئێستاش ئەوانە تاوانبارن و کاری دادگاش هێشتا بە یەکجاری تەواو نەبووە و پەروەندەکەش دانەخراوە.

ئەوەش کە هەر بەدوای بەردانی ئەو چەند کەسەدا دوو تیرۆری دیکە کراون و پێوەندییان بەیەکەوە هەیە یان نا، دەبێ بڵێم، هیچ حەرەکەتێکی کۆماری ئیسلامی بێ بەرنامە نیە. هەموو تێرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ یەک مەبەستە و ئەویش بەقا و مانەوەی ڕێژیمە و هەموو ئەو تیرۆرانەش بە یەکەوە بەستراونەوەتە و بە پێی بەرنامە دەکرێن.

**شلێر باپیری**: کاک سەعید پێشتر گوتراوە کە چەند حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کاروباری ئەمنییەتی پێوەندی و هاوکارییان هەیە، بەڵام ئایا ئەوە دەتوانێ بە تەنیا وەڵامدەر بێ ئەگەر ناوەندە ئەمنیەتییەکانی هەرێمی کوردستان هاوکاریی ئەو لایەنانە نەکەن؟

**سەعید بەگزادە**: ئەو پرسیارە دەکرێ دابەش بکەین بە دوو بەش، ئەوەی ئێمە وەک خۆمان چ دەکەین و لایەنێکی دیکەش وەکوو باست کرد دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی باشووری کوردستانن کە چۆن لە بەرامبەر جموجۆڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەم پارچەیەی کوردستاندا بەرنامە و پلانیان چیە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێمە وەک هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە هەموو لایەکمان لەوە گەیشتووین کە بەو بارودۆخەی نوێیەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەداخەوە مەیدانێکی کراوەتر لە جاران بۆ کۆماری ئیسلامی و بۆ حەرەکەتە تیرۆریستییەکانی ڕێژیم کراوەتەوە. ئێمە دەبێ هاوکاریمان لەگەڵ یەکتر زیاتر بێ و وردتر ئاگامان لە جموجۆڵی دوژمن بێ. بەشەکەی دیکەی دەگەڕێتەوە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی دژە تیرۆر و زانیاری و پاراستن، کە ئەمن پێم وایە ئەو هێزانەش هەم بۆ پاراستنی ئیقتداری خۆیان و هەم بۆ پاراستنی کەرامەتی سیاسیی کورد لەو پارچەیەدا و، هەم بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ئەم وڵاتە خاوەنی خۆی هەیە و پێوەندیی سیاسی و ئابووریی نێوان دوو وڵات بەمانای تەڕاتێنی لایەک لە خاکی لایەکەی دیکە نیە و، ئەوانیش کاری خۆیان دەکەن و بۆیە پێم وایە ئەوانیش دەبێ حەد و سنوورێکی زیاتر بۆ کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی دابنێن.

**شلێر باپیری**: حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا پێداگریی زۆری لەسەر خەباتی مەدەنی کردووە. ئێستاش پێتان وایە بەرامبەر بەو ڕێژیمە دەبێ کار لەسەر خەباتی مەدەنی بکرێ یان بە گوشاری چەکداری بەرەورووی ببنەوە؟

**سەعید بەگزادە**: لەسەر ئیجازەت دەڵێم پرسیارەکەت کەمێک ئاڵۆزە و ناکرێ کاری سیاسی و سەربازی لە بەرامبەری یەکتردا ڕابگیرێن.

ویستی کورد ویستێکی سیاسییە و کورد بۆ گەیشتن بەو ماف و ویستە هەموو مێتۆدەکانی خەبات ڕەچاو دەکا و کردوویەتی. سیاسەتی خەباتی مەدەنی و خەباتی پێشمەرگانە لە هەموو مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بووە و ئەوەی کە دەفەرمووی لەو ساڵانەی ڕابردوودا زیاتر قسەی لێ کراوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو ساڵانەدا ئەو بابەتانە زیاتر مەوزووع بوون.

ئەساسەن حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە و لە بنەڕەتدا قەناعەتی لەسەر ئەوە بووە کە بۆ گەیشتن بە مافە سیاسییەکانی خۆیان، بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان ڕێگای دیالۆگ و وتوویژ و سازان و ڕێککەوتن ڕەچاو بکا و خۆی لە توندوتیژی و شەڕی چەکداری بەدوور بگرێ. بەڵام ئەوە تەنیا ئێمە نین کە شێوەی خەبات دیاری دەکەین و بەداخەوە بەپێی بارودۆخی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، کورد زۆر کەم دەتوانێ لەسەر مێتود و شێوەکانی خەباتی خۆی بڕیار بدا و بە داخەوە تا ئێستا زیاتر ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا بەش بووە و یەک لەوان ئێران و کۆماری ئیسلامی، بەداخەوە زیاتر ئەوان مێتودی خەباتیان بەسەرماندا سەپاندووە.

ئێمە لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمە باوەڕمان وابووە و هەوڵمان ئەوە بووە کە ڕێگای وتوویژ بگرینە بەر. هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کوردمان پێک هێنا و هەوڵماندا لە ڕێگای دیالۆگ و سازانەوە بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆمان بگەین، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەو زەرفییەتەی تێدا نەبوو بۆیە شەڕی بەسەر کوردستاندا سەپاند و ئێمەی ناچار کرد بۆ بەربەرەکانی و بۆ پاراستنی خۆمان و بۆ مانەوەی خۆمان دەست بۆ چەک بەرین. لە داهاتووشدا ئێمە تەواوی ئەو ڕێگایانەی کە بۆگەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانمان دەبێ ڕەچاویان بکەین، هیچیان لە دیدی ئێمە و لە بەرنامەی ئێمە لە پرۆژەی ئێمەدا وەلا نانرێن. باوەڕمان بەوەش بووە کە لە گرتنەبەری هەر مێتۆدی خەباتدا ئەوەندەی دەکرێ دەسکەوتەکان زیاتر و زیانە ئینسانییەکان کەمتر بن، بەڵام ئەگەر کۆماری ئیسلامی پێی وابێ بە کوشت و کوشتار و بەشەڕ دەتوانێ پێش بە ویستەکانی ئێمە بگرێ ئەو خەیاڵەش خاوە و ئەگەر قەرار بێ ڕۆژێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان زیاتر لەوەی کە ئێستاش هەزینەمان داوە پێویست بێ هەزینە بدەین، لەوە دریغی ناکەین.

**شێر باپیری**: ئایا سیاسەتی تێرۆر بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتی بووە و تێکۆشەران و شۆڕشگێرانی کوردی تووشی ترس و تۆقاندن و پاشەکشە کردووە؟

**سەعید بەگزادە**: ئەگەر کورد لە کوژران ترسابا دەبوو زۆر پێش ئێستا لە خەبات دەستی هەڵگرتبا کاتێک سمایل ئاغایان دەکوشت و تیرۆر دەکرد، کاتێک پێشەوایان لەدار دا، کاتێک ڕێبەرانی دیکەی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیعدام دەکرد و لەزیندانەکانیان دەهاویشتن، کاتێک دوکتور قاسملوویان تیرۆر کرد، کاتێک دوکتور سەعیدیان شەهید کرد و کاتێک ئەو هەموو کادر و پێشمەرگەی ئێمەیان گرت و لە باشووری کوردستان و شوێنەکانی دیکە تیرۆریان کردن؛ ئەگەر لەوە ترسابایەن زۆر لە مێژ بوو دەبوو ئەو مەیدانەمان چۆڵ کردبایە وخەباتمان بەجێ هێشتبایە. نەخێر کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە سەرکەوتووو نەبووە و، دەبینی هەتا یەکمان لێ شەهید کراوە دەیان نەفەری دیکە هاتوونە نێو مەیدانەکە؛ بۆیە ئەم کوشتنانە و ئەم ترس و وەحشەتەی ئەو پێی وایە دەتوانێ لە ڕێگەیانەوە خەباتەکەی پێ کز بکا و خەڵکەکەی پێ بتوقێنێ و لە میدان بەدەری بکا؛ خەیاڵێکی خاوە و بۆی سەر ناگرێ. بەڵام لە عەینی حاڵدا ناکری حاشا لەوەش بکەن کەسانی گەورە مەسەلەن وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی کە تیرۆر دەکرێن و شەهید دەبن بێگومان لەسەر کۆی بزووتنەوەکە شوێندانەر دەبێ و کاریگەریی خۆی هەیە، بەڵام بۆ لە مەیدان دەرکردن و بۆ توقاندن و بۆ ترس دروستکردن بە هیچ جۆر وانیە.

(لە ژمارەی ٧٢٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---

## سەعید بەگزادە: هەوڵ دەدەین قەت حیزبی دوو نەبین و هەمیشە قسەی کۆتایی بکەین، بەڵام ئەوەش دەبینین کە لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا هێزی دیکەش هەن




### پوختەیەک لە وتووێژی دەنگی ئەمریکا لەگەڵ سەعید بەگزادە

**دەنگی کوردیی ئەمریکا: چەند ڕۆژ پێش دەرچوونی ئەم ژمارەیەی «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ کاک سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات پێک هێنا. لەو وتووێژەدا پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڤی ئێران و کوردستان، پێوەندیی حیزبە سیاسییە کوردییەکان و شوێنکاریان لەسەر کۆی گۆڕانکارییەکان، چەند تەوەرێکی باسەکە بوون.**

**"کوردستان" کورتەیەک و پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستووەتەوە:**

**دەنگی کوردیی ئەمریکا**: کاک سەعید خۆپێشاندانەکانی ئێستای ئێران ڕەهەندی سیاسییان زۆرترە یا ئابووری؟

**سەعید بەگزادە**: ئەوەی کە بگەڕێینەوە بۆ درووشمەکان و درووشمەکان لە نەزەر بگرین، هەر شارەی بەپێی ئەو مەوقعیەت و ئەو وەزعیەت و ئەو دەرفەتەی بۆی دێتە پێش، لە وەسیلەیەک و لە دەرفەتێک ئیستفادە دەکا و هیندێک درووشم سەبارەت بەو حالەتە دێنێتە گۆڕێ کە بتوانێ ناڕەزایەتیی خۆی دەربخا، لە واقعدا کۆی ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک پرس و بابەتی سیاسی و ئابووری کە کۆمەڵگە بەهۆی کۆماری ئیسلامییەوە تووشی بووە. بەڵام لە دەرفەتەکان کەلک وردەگرێ،

وەکوو باسم کرد لە تاران دەبینی باسی بازاڕ دێ و بازاڕییەکان دێنە مەیدانەوە و باسی ئابووری دێتە پێشێ، لەلای بەشی سوننە نشینی ئێران مەلایەک تیرۆر دەکرێ و ئەوە دەبێتە دەرفەت و خەڵک دێنە دەر و ناڕەزایەتیی خۆیان دەردەبڕن، لەڕاستیدا خەڵک لە جۆرەها درووشم و شێوە کەڵک وەردەگرن و پێی دێنە مەیدان، بەڵام لە پشت هەمووی ئەوانە کۆی ناڕەزایەتییەکە کە بە نیسبەت ڕژیم پەنگی خواردووەتەوە.

ئەوەی کە درووشمی جۆراوجۆر خەڵکی هێناوەتە سەر شەقامەکان، ئایا بەو مانایە دێ کە ڕێبەرایەتییەک نییە بۆ تەواوی ئەو خۆپیشاندانانە کە هەمووی کۆ بکاتەوە و بتوانێ لە داهاتوویەکی نیزیکدا بیانکاتە خاوەنی درووشمێکی هاوبەش؟ باسی ئەوە کە ئایا ڕێبەرایەتێک بۆ بزووتنەوە و حەرەکەتەکان هەیە، خۆی باسێکە و، باسێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەساسەن حکوومەت چۆن هەڵسوکەوت دەکا و خۆپێشاندانەکان چۆن مەهار دەکا یا خود لەبەرابەریاندا ڕادەوەستێ. ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خۆپێشاندانەکان، دەبینین کە هەموویان خۆڕسک و ڕەمەکی نین کە لە گۆترە بێنە سەر شەقامەکان. ئەوانە هیندێک هۆکاریان لەپشتە، هیندێک ڕێکخراویان لەپشتە، بەڵام ئەوەی کە کۆی بزووتنەوەکە کۆنترۆڵ بکرێ، تا ئێستا بەو جۆرە ئۆرگانیزە نەکراوە، بۆیە زۆربەی درووشمەکان کە تا ئێستا هاتوونە گۆڕێ، وەکوو خۆشتان ئاماژەتان پێکرد، بە پێی مەوقعیەتەکان دێنە پێش و زیاتر شتی ئابووری بوون و تا ئێستا چوارچێوەیەکی گشتگیری سیاسیی وەک دەرخستن بەخۆوە نەدیتووە.

**دەنگی کوردیی ئەمریکا**: لە بەستێنی ئەو ناڕەزایەتییانەی ئێستای خەڵکی ئێراندا حیزبە سیاسییەکانی ئێران دەتوانن ڕۆڵی زیاتر ببینن یان ڕێکخراوە مەدەنییەکان؟

**سەعید بەگزادە**: ئەو دووانە ناکرێ لێکیان جیا بکەینەوە، چ ڕێکخراوە سیاسییەکان کە وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەت حیسابن، چ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە هەریەک لەوانە لە تەواوەتیی خۆیاندا مەبەستەکانیان یەکن، مەبەستیان ڕیفاه و ئاسایشی کۆمەڵگەیە، مەبەست مافە سیاسییەکانی ئەو خەڵکەیە، بۆ نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە جیا و بۆ تەواوەتیی سیستەمەکە بە جۆرێکی دیکە؛ ئەو داخوازییانە هەموو لە جێگایەکدا یەک دەگرێتەوە. بەڵام بەپێی دەرفەتەکان و ئیمکاناتەکان چ ئەوەی ئەو خەڵکە لە ژوورەوە و بە گوێرەی دەرفەتەکانی خۆیان دەیکەن و چ ئەوەی لە دەرەوە وەکوو ڕێکخراوی سیاسی و ئۆپۆزسیۆن کاری خۆیان دەکەن، هەموو پێکەوە لەسەر کۆی حەرەکەتەکان شوێندانەرییان هەیە، بەڵام ئەوانە دەبێ زیاتر تێکەڵ کرێن. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئێمە پێمان وایە کە مەسەلەی نەتەوایەتیی میللەتی کورد شتێک نییە تەنیا ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی ئەو خەڵکە بەتەنێ لە دەرەوە هیدایەتی بکەن، ئەو مافە کۆی هەموو ئەو خەڵکە دەگرێتەوە، بۆیە دەبێ هەموو تێیدا بەشدار بن. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵمان داوە ئەو بەستێنە دروست بکەین کە بتوانین هەموو لایەک، ئەوانەی لە



سەرچاوە
Serchawe

ژوورەوەشن بە حورمەتی تەواوەوە جێگاپەنجەیان لەو بزووتنەوەیەدا دیار بێ و کاری خۆیان بکەن، بێگومان ئەوە دەتوانێ شوێنداریی زۆر زیاتر بێ لەوەی کە ئێستا هەیە.

**دەنگی کوردیی ئەمریکا**: کاک سەعید چۆن دەکرێ ئەو کارە بکرێ لەکاتێکدا جۆرێک بێمتمانەیی هەیە لە نێوان خەڵک لە ناوەوە و ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران لە دەرەوە؟

**سەعید بەگزادە**: من لەگەڵ ئەوە نیم بێ ئیعتمادییەک بەو جۆرەی باسی دەکرێ هەبێ، ئێمە لەگەڵ دوژمنێک تەرەفین کە لە هەموو ئامرازێک بۆ لێکدابڕانی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و خەڵکەکە کەڵک وەردەگرێ، زۆریش بنکە و بونیاد و هێزی هەیە کە سوودی لێ وەردەگرێ، ئەوە بەشێکە؛ بەشێکیتری ڕاستییەک هەیە لەو نێوەدا، ئەویش ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی ئێمە بەداخەوە بە پێی ئەو وەزعیەتەی تێی کەوتووین، حیزبە کوردییەکان تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو جێگایە کە بتوانین مەیدانی هاوکاریی خۆمان ئەوەندە بەرین بکەینەوە کە لەخۆمان هێزێک یا دەنگێک درووست بکەین کە ئەو دەنگە ویستی کۆی ئەو کۆمەڵگەیە دەربڕی، چ لەنێو کوڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی چ لەسەر هەموو ڕووداوەکان. دیارە ماوەیەکە چەند حیزبێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو دەرفەتەمان بۆ درووست بووە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆڵی میحوەریشی هەیە لەو پێوەندییەدا، توانیومانە لە هیندێک ڕووداو و لە هیندێک هەڵوێستدا بە یەکەوە کار بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێمان وانییە ئەوە وەڵامدەرە، بۆیە کاری زیاتری دەوێ. ئەوەش کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆی کۆمەڵگەی ئێران، بەداخەوە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش لە پرش وبڵاوی دان، لە مەوقعیەتێکی ئاوادا نین کە بتوانن کۆی بزووتنەوەکە بە دەنگێک و هەڵوێستێک و سیاسەتێک هیدایەت بکەن، بەداخەوە ئەو کێشەیە پەلی هاویشتووە بۆ نێو چالاکانی ئێرانی و کورد لە نێوخۆی وڵاتیشدا

**دەنگی کوردیی ئەمریکا**: کاک سەعید دەکرێ زۆر بە کورتی پێناسەیەکی ئەو کێشانەم بۆ بکەی کە لەنێو ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟

**سەعید بەگزادە**: کێشەکانی حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سیاسی نین یا زۆر کەم سیاسین، مومکینە لەسەر هیندێک ڕەهەندی خەبات لە شێوەی جۆراوجۆر کەڵک وەربگیرێ، یەکیان زیاتر گرینگی بە ڕەهەندێکی بزووتنەوەکە بدا و ئەویتر لایەنێکیتری بۆ گرینگ بێ و یا خود یەکیان بە دوو مەسیردا بۆی بڕوا بۆ ڕزگاریی ئەو میللەتە. لەو بوارەدا ڕەنگە ناکۆکییەک هەبێ بەڵام لە نەهایەتدا لە بواری سیاسیەوە زۆربەی هەرە زۆریان لێک نیزیکن. کێشەی ئێمە بەداخەوە دەگەڕێتەوە سەر ئیدارەی خۆمان و نەحاوانەوەی خۆمان، لەسەر دێموکڕاسیی دەروون حیزبی و تەشکیلاتی ناکۆکین. بەداخەوە زۆر جار قەناعەتەکانمان لێک دوورن و ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە لێک دوور کەوینەوە و لێکترازان زۆر بن و ئەو

لێکترازانانەی کە لە بزووتنەوەی کوردیدا هاتوونەتە پێش، نەوعێک دڕدۆنگیی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکی هێناوەتە پێش. لەهەمان حاڵدا لەگەڵ ئەو هەموو دڕدونگییانە وەک باسم کرد ئێستا هەموو هێزەکانی کوردی بە نیسبەت پێشوو لە هەموو کاتێک لێک نیزیکترن.

**دەنگی کوردیی ئەمریکا**: کاک سەعید ئەوەندە لێک نزیکن کە بگوترێ توانای ئەوە هەیە کە بەرەیەکی هاوبەش درووست کەن؟

**سەعید بەگزادە**: توانا بۆ درووستکردنی بەرە هەیە و قسەی لێ دەکرێ، هەر ئێستاش مەجمووعەیەک بەیەکەوە بە ناوی ناوندی هاوکارییەوە بەیەکەوە کار دەکەین، بەڵام ئەوە کافی نییە و لەبەرنامەی ئێمەشدا ئەوە هەیە کە کاری لەسەر بکەین و بتوانین ئەو ناوەندە بەرفراوانتر بکەین بۆ ئەوەی هەم دەنگ و داخوازییەکانی کورد یەک بێ و هەم بۆ هەموو ئەگەرەکان دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیش ئامادەییمان هەبێ. ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای ئێران و کۆماری ئیسلامی دەبێ پەلەی لێ بکرێ.

**دەنگی کوردیی ئەمریکا**: وەکوو ئۆپۆزسیۆنی کوردی بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە تایبەتی چەندە ئامادەن یا چەند پرۆژەتان ئامادەیە بۆ سەر و سەوداکردن لەگەڵ ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا لە ئێران؟

**سەعید بەگزادە**: بۆ ئێران و لەگەڵ لایەنە کوردییەکان ئێمە ئیستعداد و ئامادەیی ئەوەمان هەیە و پڕۆژە و بەرنامەی خۆشمان لەگەڵ باس کردوون بۆ ئەو هەماهەنگی پێکهێنانە، ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر حکوومەت و بۆ سەر ئایندە، حیزبی ئێمە لانیکەم دەکرێ بڵێم سێ ساڵیش دەبێ کۆمیتەی جۆراوجۆری بۆ هەموو ئەو ئەگەرانە پێک هێناوە و کاری خۆی دەکا و لە پێوەندی لەگەڵ نێوخۆی وڵات و شێوەی چالاکییەکان و هەموو ئەو ئەگەرانەی دێنە پێش، ئەو شەرایەتەی ئێمە تێیدان ناتوانین زۆر شت بە میدیایی بکەین، بەڵام حیزبێکی سیاسی ئەگەر دوور بێ لەو پڕۆژە و بەرنامانە، دەبێ حیزبێکی مردوو بێ، بۆیە ئەوندەی دەگەڕێتەوە بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پڕۆژە و بەرنامەکانی خۆیدا ئەو ئەگەرانەی لەنەزەر گرتووە، بەڵام حیزبی دیموکڕاتی کوردستان پێی وانییە دەبێ بۆ هەموو کوردستان تەسمیم بگرێ و هەموو گۆڕەپانەکە بکاتە مەیدانی تاخت و تازی خۆی، هەوڵ دەدەین قەت حیزبی دوو نەبین، هەوڵ دەدەین یەکەم بین و قسەی ئاخر بکەین، بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەوە دەبینین کە لە مەیدانی سیاسیی کوردستاندا هێزی دیکەش هەن کە کار و بەرنامەی خۆیان هەیە، بەڵام ئێمە دەبێ ئەوەندەی دەگونجێ، هەدەف و بەرنامەکانمان هەماهەنگ بکەین و زیاتر لێک نزیک بینەوە.

**دەنگی کوردیی ئەمریکا**: وەکوو پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چەندە پێتان وایە هەبوونی

**ناوەندێکی هاوبەش و نوێنەرایەتییەکی هاوبەش لە واشنگتۆن بۆ هەر هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ؟یان پێتان وایە هەر حیزبە و نوێنەرایەتیی خۆی هەبێ؟**

**سەعید بەگزادە**: هەتا ئەو کاتەی هەیئەتێک درووست دەبێ کە نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا و دەنگی ئەو میللەتە بە کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی بگەیەنێ، هەر حیزبەی حەقی خۆیەتی تێکۆشان و فەعالیەتی خۆی بکا، ئێمەش یەکێک لەو حیزبانەین کە وەکوو هەموو حیزبەکانیتر هەوڵ دەدەین ئەوەندەی پێوەندی بە ئێمەوە هەیە دەنگی ئەو میللەتە بە شوێنی خۆی بگەیەنین، بەڵام بوونی کۆڕێکی نوێنەرایەتیی یەکدەنگ کە بتوانێ نوێنەرایەتیی کۆی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا لە وڵاتە یەکگرتووەکان یا لە شوێنەکانیتر قەت بەقەت ئێستا پێویست نەبووە، هەوڵیشمان بۆ ئەوە هەیە قسەشی لێ کراوە و لە بەرنامەشدا هەیە و هیوادارم تێیدا سەرکەوتوو بین. بێگومان ئێستا نەزەری ئێمە وەک نەزەری حیزبێک وەردەگیرێ، نەزەری حیزبێکی دیکە وەک خۆیان وەردەگیرێ، قەت ئەوە ناگاتە ئەوە کە دوو کەس یا سێ کەس بێن و نوێنەرایەتیی کۆی بزووتنەوەکە بکەن و دەنگی کۆی کورد لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی باس بکەن، ئێمە لەوبارەوە بەداخەوە تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەو کۆڕە پێک بێنین هەر ڕۆژێک زووتر درووست بێ، هێشتا هەر درەنگە.

**دەنگی کوردیی ئەمریکا: لەسەر پێکهێنانی ئەو ناوەندە هاوبەشە یا ئەو نوێنەرایەتییە هاوبەشە قسە و باس لەگەڵ «پژاک»یشدا کراوە؟ ئایا مەرجێکتان بۆیان هەیە؟**

**سەعید بەگزادە**: ئێمە پێمانوایە پژاک ڕێکخراوێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وجوودی هەیە و ئینکار ناکرێ، بەڵام لە عەینی حاڵدا پێمان وانییە ئەو حیزبە لە بەتنی ئەو کۆمەڵگەیەدا هاتووەتە دەرێ. ئەو ڕێکخراوەیە ئەگەر بۆخۆی وەکوو ڕێکخراوێکی کوردیی سەربەخۆ و موستەقیل لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسە بکا و نیازەکانی ئەوان مەترەح بکا و خۆی ئیعلام بکا کە خۆیان سەربەخۆ تەسمیم دەگرن، ئەوە زۆر باشە و لەنێو حیزبە سیاسییەکانیشدا بە گەرمی وەردەگیرێ.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت نەخێر مەرج لە ئارادا نییە، بەڵکوو بۆ هاوکاری و بۆ پەیوندی و بڕیاردان دەبێ ئەو قەناعەتە هەبێ، کە خۆیان سەربەخۆ بڕیار دەدەن. ئەگەر قەرار بێ ئێمە لەگەڵ پژاک قسە بکەین و ئەوان پرسیان لە جێگای دیکە بێ، باشە خۆمان دەچین و دەگەڵ ئەو جێگایە ساخ دەبینەوە. بەڵام ئەو جێگا گەورەیە مەربووتە بە شوێنی دیکە، ڕێکخراوی پارچەیەکی دیکەی کوردستانە، کەوابوو، دروست وایە ئەو ڕێکخراوانەی لە بەتنی ئەو جامعە هاتوونە دەرێ، ئەوان لەسەر ئەو وڵاتە تەسمیم بگرن. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان پێمانوایە هەر بەشەی کوردستان، لەگەڵ ئەوەیکە کورد یەک نەتەوەیە، عەرزەکەی بەستراوەتە بەیەک، کولتوور و فەرهەنگ و داخوازییە سیاسییەکانی هەموو



سەرچاوە
Serchawe

یەکن، بەڵام دەبێ ڕاستییەک قبووڵ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئەو وڵاتە دابەش کراوە، هەر لایەی کێشە و مەسایلی مەربووت بە خۆی هەیە، بۆیە ئێمە پێمانوایە چۆن ئێمە ئیزن بە خۆمان نادەین نە لە کوردستانی تورکیە و نە کوردستانی عێراق و نە لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا دەخیل بین لە کێشەکانی ئەواندا یا لەسەر مەسائیلی ئەوان قسە بکەین، ئەگەر کاری خێرمان بۆ بکرێ دەیکەین دەنا واریدی کێشەکانیان نابین؛ پێمانوایە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەموو هێزەکان دەبێ ئەو ئەسڵە دە نەزەر بگرن.

**دەنگی کوردیی ئەمریکا**: ئایا ڕاستەوخۆ ئەوەتان بە پژاک گوتووە؟ ئەگەر گوتووتانە، وەڵامی ئەوان چی بووە؟

**سەعید بەگزادە**: بەڵێ پێمان گوتوون، بەڵام با من لێرە وەڵامی ئەوان نەڵێم و ئەو بەشە بە خۆیان بسپێرین. ئەوە قسەی ئێمەیە، ئێمە حازرین دۆستایەتیان بکەین و کێشەشمان لەگەڵیان نییە، بەڵام ئەگەر قەراربێ لەسەر چارەنووسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسە بکەین، لەگەڵ ئەو هێزانە ساخ دەبینەوە کە لە بەتنی ئەو جامعەدان. ئەوەش هیچ بەو مانایە نییە کە ئێمە کێشەیەکمان لەگەڵ پژاک هەیە یا نادیدەیان دەگرین. زۆرمان ڕێز و حورمەت بۆیان هەیە و هاتوچۆشمان هەیە، بەڵام بۆ تەسمیمگیریی سیاسی و بۆ تەسمیمگیری لەسەر ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێ ئەو کەسانە تەسمیم بگرن کە هی ئەو کۆمەڵگەیەن، ئەگەر ئەوانیش ئامادە بوون بەو جۆرە بیر بکەنەوە و، بۆ ڕۆژهەڵات نوسخەی خۆیان، بۆخۆیان بپێچنەوە کە حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەش ئاوان نییە، هیچ کێشەیەکمان نەتەنیا لەگەڵ ئەوان نابێ، بەڵکوو ئەگەر حیزبێکی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بێ، ئامادەی هاوکارین دەگەڵیان. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان پێمان وانییە ئەو گۆڕەپانە تەنیا هی ئێمەیە و دەبێ ئێمە تاخت و تازی تێدا بکەین. بەڵکو هەموو ئازادن و دەتوانن کاری تێدا بکەن، بەڵام دەبێ خۆیان تەسمیم بگرن.

لە ژمارەی ٧٣٠ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جووڵای ٢٠١٨

## بۆ کارو چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی

### سەعید بەگزادە: رەحمان قەت نەیتوانی ژیانی سیاسی و کوردانە و حیزبیانەی خۆی وەپاش بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەی بدا...



**چەند وشەیەک بۆ هاورێ و دۆستێکی رەزا سوک و لەبەردڵان!**

بۆ سی و چوار ساڵ دەچێ، دەگەڵ کاک رەحمانی نەخشی یەکتر دەناسین و دۆستین. پەیوەندی و دۆستایەتیمان وەک زۆربەی دۆست و ئازیزانم، دەحیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا بووە. ئەو کات من و کاک ئەحمەدی برای کاک رەحمان بەیەکەوە هاوکار بووین و لە بەشی پێوەندیەکانی حیزب لە سلێمانی کارمان دەکرد. کاک رەحمان لە لایان رێبەری حیزبەوە بۆ پەروەردەی زیاتر ناردرابوو بۆ فەرانسە. ئەو گەنجە لێو بەبزە و شادە، لەوێش زیاتر خۆی بە ئەرک و راپەراندنی کارەکانی حیزبەوە خەریک دەکرد. هەر بۆیەش کەمتر پرژایە سەر خوێندن و نەیتوانی زۆر لە کار و ئەرکەکانی رۆژانەی حیزبی دوور بکەوێتەوە. هەر بۆیەش جار نا جارێک بەسەردان دەهاتەوە کوردستان و زیاتر دەگەڵ کاک ئەحمەد و من بەیەکەوە دەبوین. تا زەمان زیاتر دەرۆیی زیاترم وەبەردڵ دەکەوت. کورێکی گران نەبوو. هەتا بڵێی قسە خۆش، مەجلیس گەرم، روح سوک و لەبەردڵان. شەوان و رۆژانی زۆرمان بە شادی و پێکەنینەوە دەگەڵ یەکتر بەرێ کردوە. قەت نەخۆی کار و هەڵوێست و قسەیەکی کرد، کە دڵان گران بێ، نە قەتیش ئیزنیدا دەورو بەر و کۆرەکانی ئەوی لێ بوون، بزەیان لێببڕێ.

ژیانی رەحمان جۆرێک بوو، کە ناچاری کرد، لە زۆر وڵاتان کۆچ بکا و شوێن و جێگای نوێ بۆ ژیانی خۆی دیاری بکا.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەش دەگەڵ ناخۆشی و ناسەقامگیریەکانی ژیانی خۆی، بەرهەمێکی باشی وەک ناسین و تێگەیشتنی زیاتر کلتور و فەرهەنگی جیاواز، بۆ رەحمانی ئێمە پێک هێنا. دەگەڵ ئەوەش کە لەو هەموو ئەو ولاتانەی لێی ژیا و ئەو هەموو سەختی و گرانییەی توشی هات، قەت نە لەبیر و باوەری کوردانەی دوور کەوتەو، نە سەرباری ئەو هەموو بێدەرەتانییە، بە ئەندازەی توانایی‌ەکانی خۆی، لە راپەراندنی ئەرکەکانی حیزبی وەدوا کەوت.

رەحمان قەت نەیتوانی ژیانی سیاسی و کوردانە و حیزبیانەی خۆی وەپاش بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەی بدا، بۆیەش لەهەر جێگایەک بوبێ، چ پێی ئەسپێردرابێ، چ پێی نەکوترابێ و بۆی دیاری نەکرابێ، ئەوەی خۆی لە توانایدا بووە، ئەنجامیداوە. رەحمان کورێکی بە زەوق و بەسەلیقە و دەست رەنگینە. لە کاری راگەیاندن و نوسین و دیزاین و کۆی کارەکانی ئەم بەشەدا زۆر بەتوانایە. کاری نوسین و کۆکردنەوەی بەرهەم، تاقەت و پشوی درێژ و حەوسەلەی چاکی دەوێ، خوا هەڵناگرێ، لەم بەشەدا رەحمان تای کەمن و کەم کەسیش دەتوانێ قەرە لەقەرەی بدا. لە کاری راگەیاندن و کۆکردنەوەی بەرهەمی هاورێیانی حیزبی خۆیدا، ئەگەر نەڵێم تاقانەیە، بەراستی دەکرێ بڵێم کەم وێنەیە. بێ هیچ چاوەروانی و ئینتزارێک بە شوێن نوسین و وت و وێژی هاورێیانیدا پەرتوک و رۆژنامە و نوسراو و کەلێن و قوژبنی دونیا دەکا، هەتا نوسراو، وت و وێژ یان باسەکانی هاورێیانی کۆبکاتەوە و دەسەریەکیان بکاتەوە و بۆیان پاک و رێک و جوان بکا و لەسەررا بۆیان بلاو بکاتەوە. قەتیش نەم بیست، پێش ئەوەی کارەکەی تەواو بکا، بەکەس بلێ ئەو کارەت بۆ دەکەم. یان جۆرێک هەلسو کەوت بکا کە پیاو پێی وابێ، ئەو کارەی رەحمان بۆی ئەنجامداوە، چاوەروانیەکی هەیە، تەنانەت ئەگەر سپاسێکیش بێ. تەواو دڵخوازانە و رەفیقانە و زیاتر بۆ خزمەتی دۆزی نەتەوەکەی کارەکانی دەکا. کاک بەرەسمی ناکرێ بڵێین کاک رەحمان کادری راگەیاندنی حیزبە، بەلام بەتەنێ کاری چەندین بەش و کادران بۆ حیزبەکەی بەرێوە دەبا. کەس ناناسم، بەشوێن هەواڵ و نوسراوەکانی حیزبی دێمۆکرات و قەڵەمبەدەستانی حیزبییەوە، بووبێ، و توشی بە بەرهەمە جوان و رێک و پێکەکانی کاک رەحمان نەکەوتبێ. ئەگەر رۆژێک مێژووی خەباتی ئەم سەردەمەی ئێمە و رووداوەکانی تۆمار بکرێن و مێژوویەکیان بۆ نەوەکانی نوێ لێ دروست بکرێ، کارەکانی رەحمانی نەخشی، یەکێک لەو سەرچاوە دەوڵەمەندانە دەبێ.


رەحمانی نەخشی، ئیمکانی مانەوە و ژیانی لە ولاتانی دەرەوەی هەبوو. بەلام هەمیشە پێی خۆش بوو، دەگەڵ ئازار و خۆشی و ناخۆشیەکانی خەڵکەکەی خۆی بێ و لە نزیکەوە دەگەڵیان بێ. بۆیەش چەند ساڵێکە گەراوەتەوە نیشتمان و بە ژیانێکی ساکار بەلام پڕ بەرهەمەوە لە راگەیاندن و نوسین و و کۆکردنەوە و گەیاندنی ویست و ئازەراکەنی میللەتەکەی بە گوێی هەموان، درێژە بە ژیاندەدا.

کورت، رەحمان زیاتر لەخۆی بۆ حیزب و رەفیقان و هاورییانی و خەلکەکەیەتی. هیوا دەخوازم ئەو پیاوە رەزا سووکە،

**هەمیشە شاد و بەختەوەر و بێ خەم بێ و، بتوانی بە چاوی خۆی هەموو ئاواتەکانی خۆی ببینێ و بە نیاز و ویستەکانی بگا و بۆن و بەرامەی ئازادی میللەتەکەی هەڵمیسێ و شادی و بەختەوەری لە ئامێزیدا بێ.**

**٢٩ی فێورییەی ٢٠١٩**

---





سەرچاوە
Serchawe

## کاکی من زۆر زۆر زوو بوو!



کۆچت قورسە. بڕوا  بە نەمانی جەستەی کوردانەت هاسان نییە. تۆ شەری ژیانت بۆ نەتەوەکەت دەکرد. تۆ دەرسی مانەوەت بۆ ژیانی ئینسانی بە نەوەکانی کورد دەکوت، بۆ چی خۆت وا زوو بارگەت بۆ مەنزڵگەی ئەبەدی تێک نا!؟

من و تۆ دەیان رازی پێچراوی هاوبەشمان هەن، تۆ پێت وایە بە تەنێ دەرەقەتیان دێم!؟ جێت هێشتم و کۆڵێکت باری قورسی ئەرکی هاوبەش بۆ جێ هێشتم.

بیرت دێ باسمان کرد، چۆن هەوڵبدەین دەگەڵ هاوالانمان کورەی خەباتی رزگاریمان نێڵ بدەینەوە!؟ پاش هێرشی ١٧ خەرمانانی کۆماری خوێن و سێدارە، بۆسەر قەڵای سەرداران، خۆت کوتت، دەبێ بەجەرگ بین، دەبێ نەترس بین، نابێ ماتەم بگێرین. نابێ دوژمن پێیوابێ سەرکەوتوە، تۆ کوتت، ئەوان داماو و زەبوونن. کوتت هیوام بە رزگاری لە هەموو کاتەکان زیاترە. بیرت دێ خۆت کوتت رۆژی تاریکمان خەریکە ئاوا دەبێ و تیشکی خۆری بەختی کورد لە ئاسۆیە؟! خۆ تۆ قسەت بۆ دوارۆژ روون بوون، تۆ هیوات بۆ داهاتوو کەم نەبوون. ئەی ئەم سەفەرە لە نەکاوەت لە چی بوو کاکە!؟ بۆ رانەوەستای هەروەک رۆژە سەختەکان یەکێک لە سەرچۆپی گێرانی خەباتی قورسی کوردان بیەوە، جارێکی دیکەش بە هەمان ورە بەهەمان بڕوا و هەست و جەسارەتەوە، مەیدانداری خەباتی ئەم سەردەمەش بی و، گەوە و لەند و دۆڵی وڵاتمان ببڕی؟!



سەرچاوە
Serchawe

## کاکە زوو بوو! کاکە زوو بوو!

دەزانم سروشتیش دەمێکە هاودەستی دوژمنانمانە. هاوبەش دەستیان داوەتە یەکترو، بە پۆل و یەک یەک و دوو دوو، گوڵەکانی سەرچڵەکانمان هەڵدەپروکێنن. بۆیەش ئەم کۆچ و کۆستانە قورسن، گرانن و تاقەت پروکێنن. هەر کوردە و بەرگە دەگرێ.!

کاکە ئەبوو! تۆ کوتت دەبێ بە کۆچت رابێم، چونکە خۆت کوتت، ژیان بەردەوامە. چ دوایەکی قورسە. رات سپاردین، رێگات درێژە بدەین، تۆ کوتت وچان مەدەن، ماندوو مەبن، خەبات بۆ رزگاری، رێگایەکی درێژ و پڕ مەترسیە، کوتت ئەم رێگایە دەبێ ببڕن.

کاکە! رێگا هەرچی ئاستەم و شەو هەرچی ئەنگوستە چاو بێ، خەمت نەبێ راسپاردەکەت سەرسەران.

ئەم رێگایە هەتا سەرکەوتن پڕ لە رێبوارە و جمەی دێ لە ئاشقانی ئازادی وڵات و ژیانی سەربەستانە.

سەفەرت خێر بێ و روحت ئارام. تۆ ئەوەی لەسەرت بوو، بە زیادەوە بۆ خەڵکەکەت بەرێوەت برد. تۆ رووسووری نەتەوەکەتی.

**هەتا هەم، یادت، هەڵوێستە کوردانەکانت، قاقا و بزە کانت، دەگەڵم دەبن.**

**روحت شاد شۆرە سوارەکەی خەباتی کوردانم، کاک ئەبوو راد**

**٣ی فێبریوێری ٢٠١٩**

**خۆشەویستان، سەروەران، هاوڕێیانی بە ئەمەگ و، دۆستانی گەلێک بەنرخم سڵاوتان لێبێ.**



**هەروەک هەموو ئێوە ئازیزان ئاگادارن، ماوەیەکی بە زەمان کورت و بە هەست و ژان درێژ و ئەستەم و ناخۆش، بە هۆی ناساخی و بەربەرەکانی دەگەڵ پەتای کۆڕۆنا لێتان دابڕابووم.**

لەوماوەیەدا هاوسۆزی و وەفاداری یەکجار زۆر و، هەمیشەیی هاوژینی خۆشەویستم(هاجەر) کە بەداخەوە ئەویش بە هۆی ئەو نەخۆشیەوە، دەهەل و مەرجێکی نالەبار دابوو، بۆ من پشتیوانێکی قایم بوو و لە بیر ناکرێ.

هەروەها زەحمەت و ماندووبوونی زۆر و بێ وێنەی کادری دەرمانی و دوکتورەکانی نەخۆشخانەی شارەکەمان جێی پێزانین و قەدرگرتنە.

سەرەڕای ئەوانەش بە چاوی پێزانین و ئەمەگەوە دەڕوانمە ئەو هەموو لوتف و گەورەیی و لێپرسین و نزا و هیوابێ پایانەکانی ئێوە خۆشەویستانم بۆ سلامەتی هاجەری هاوژینم و خۆم. بێگومان بە ئەمەگ و قەدرزانیەوە وەریدەگرم..

ئێستاش کە ڕۆژگار دەرفەتی داوم کە بتوانم سپاس و پێزانینی یەکجار زۆری خۆم و بنەماڵەم لە ڕێگای ئەو کورتە نوسراوەڕا بگەیەنمە خزمەت ئێوە ئازیزانم، بە بێ شک تامەزرۆی دیداری ئازیزان، تاسەباری ڕاوێژی سەروەران و تینوی هاوبیری و. تەگبیری دۆستان و هاوڕێیان و هاوخەباتیانی بەنرخم.

هەر لێرەشەوە عەرزی ئێوە دڵسۆزان دەکەم کە بەخۆشیەوە ئێستا باشم و بەرەو تەندروستیەکی باشتر دەچم. ئەگەر بە هۆی ڕاسپاردەی دوکتورەکانم و لە چاوەڕوانی هەل و مەرجێکی گونجاوتر بۆ پێوەندی دەگەڵ ئێوە خۆشەویستان دا، بۆم نەگونجێ وەڵامی پێوەندیە پڕ لە دڵسۆزی و گەورەییەکانتان بدەمەوە بە دڵ داوای لێبوردنم هەیە و هەروەها سپاسی پێزانین و دڵفراوانی و خۆشەویستیتان دەکەم.

**بە گەورەیی خۆتان بم بورن کەجارێ ناتوانم قسان بکەم و ولامی تەلەیفون بدەمەوە**

**بەو هیوایە کە ئێوەم بۆ ساغ و سڵامەت بن و، جارێکی دیکەش سپاس و پێزانین**

**برای ئەمەگناستان/سەعید بەگزاد**

**١٧ی مای ٢٠٢٠**

## پەیامی پیرۆزبایی "سەعید بەگزادە: بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات




**بەڕێز بەرپرسی ناوەندی گشتیی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاک "مستەفای هیجری"**
**بەڕێز وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک "خالید عەزیزی"**
**بەڕێزان ئەندامانی ناوەندی گشتیی بەڕێوەبەریی حیزب**
**سڵاوێکی گەرمی هاوڕێیانە**

دەزانم لەم سەروبەندەدا یەکجار پڕکار و ئاڵۆزن، هەر بۆیەش نەمویست بەدەنگ کە خۆم زۆرم پێ خۆشتر بوو، کاتتان بگرم و پیرۆزبایی ئەم ڕێککەوتنە مەزنەتان لێ بکەم و داوای سەرکەوتنتان بۆ بخوازم.

ناچارەن بە چەند وشەیەک خۆشحاڵیی خۆمتان عەرز دەکەم و پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە تاک بە تاکتان دەکەم و ئارەزوو دەکەم هەمووتان ساخ و سڵامەت بن و هیوا دەخوازم کە گشتتان بە لەشێکی ساخ بتوانن ئەرکە گرینگەکانی حیزبمان بەڕێوە بەرن.

بێگومان کاری زۆر و ئەرکی گرانتان لەسەر شانە، گومان دە تواناییەکانتاندا نییە و بێشک بە کاری هەرەوەزیتان و بە دڵی هاوڕێیانەتان دەتوانن بەسەر هەموو کۆسپێکدا زاڵ و دە کارەکانیشتاندا سەرکەوتوو بن.

ئەوەندەی خۆشم بگرێتەوە، وەک هەمیشە کوڕی حیزب و کوڕی ڕۆژە گرانەکانی حیزبم، دیارە بەدەر لە تەمەن، نەخۆشیش

تـا ڕادەیەک کزیـان کـردووم و ئێنێرژیـی جـارانم نیـیە، لە قەدەر تواناییەکـانم هاوکـار و بـرا چـووک هەر هەم و بـۆ هەر ئەرکێک دەرەقەتی بێم، دە خزمەت حیزب و ڕێبەرییەکەیدام.

**یەکگرتنەوەتان پیرۆز بێ.**

**برا وهاورێتان سەعید بەگزادە**

**٢٤ی ئووتی ٢٠٢٢**

**سوئید**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

## دیمانە: ڕحمان نەقشی

**پرسیار: کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟**




**سەعید بەگزادە**: با وڵامەکەم بە پرسیاری بەرێزتان، بە پیرۆزباییەکی زۆر گەرم بە بۆنەی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەهەموو خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی دێمۆکرات دەست پێ بکەم و، ئومێد بخوازم ئەم یەکگرتنە کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆی هێز و لایەنەکانی دیکەی کورد بەگشتی لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەت، هێزە تێکۆشەرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دابنێ و، ببێتە هەوێنی یەکگرتویی زیاتر و بەهێزتر بوونی سەنگەری رزگاری خوازیمان.

بۆ ئەوەی باشتر گرینگی ئەم رێککەوتن و یەکگرتنەوەیە دەرک بکەین، هەرچەند کورتیش بێ باشترە مەجالێک بەخۆمان بدەین و ئاوڕێکی سەرپێیی لە خاڵێکی نەرێنی بزوتنەوەکانی رابردوو بدەینەوە.

بێ گومان هەڵسەنگاندن و شەن و کەو کردنی خەباتی رابردوومان، کاری زۆر و، لێکۆڵینەوە و دەرفەتی باشی دەوێ.ئەوەش بۆ ئەم تاقە پرسیارەی هاتۆتە ئاراوە، نەدەگونجێ باسەکە ئەوەندە درێژ بکرێتەوە، نە بەکات و دەرفەتێکی ئاوا کەم، ئەم کارە گرینگە بەرهەمێکی باش دەداتە دەست خوێنەر.بێگۆمان هۆی سەرنەکەوتنی خەباتمان، یان بەدەست نەهێنانی رزگاری کورد، بۆ زۆر فاکتۆری نێوخۆیی و دەرەکی دەگەرێتەوە. لە روانگەی منەوە یەک لە خاڵە بەهێزەکانی شکستەکانی

ئێمە، بۆخۆمان ودەرکی نادروستمان لەدەرفەتەکان، هەڵنەسەنگاندنی دروستی بەرژەوەندیەکان و، لە وانەش گرینگتر پرش و بڵاوی هێزی خۆمان بووە. کێشە و گرفتی هەرە سەرەکی شۆرش و بزوتنەوەکان دووبەرەکی، بڵاو بوونی هێز، یەکتر تەحەموول و قبوول نەکردن و شەری نێوخۆیی بووە.

ئەگەر ئەم بۆچوونەمان بەلاوە دروست بێ کە پرش و بڵاویمان یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانی بە ئامانج نەگەیشتووی خەباتی ئێمەیە، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێ کە دەبێ بە هەموو توانامانەوە هەوڵ بدەین خۆمان زیاتر لە رابردوو کۆ بکەینەوە و، ئەوەندەی دەکرێ و گونجاوە بیر و راکامان لێکنزیکتر و یەکێتی و برایەتی و یەکگرتوویمان بەهێزتربکەین. بەرژەوەندیە کورت و کەسیەکانمان بۆ بەرژەوەندی حیزب بەجێ بێڵین و تەنانەت لەهەر جێگایەک پێویست بوو، بەرژەوەندی حیزبیشمان بکەینە قوربانی بۆ قازانجی نەتەوەکەمان و رزگاریمان.

لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی جێگای سرنج بە پێویست دەزانم. کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و، کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کۆمەلێک خەڵکیان بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بەیۆەبەری حیزب لەهەردووک لا هەڵبژارد.بە پێی پێرەوی هەردووک لایەن، ئەم کۆمەڵە خەلکە ئەرکی سیاسی و ئیجرایی گرینگی حیزبیان لەسەر شانە هەتا کۆنگرەی داهاتوو. پاش تەوافوقی هەردووک لایەن لەسەر خاڵە سەرەکیەکانی یەکگرتنەوەی دوو حیزب، ئەم کۆمەڵە خەڵکەی رێبەری هەردووک لایەن بۆ بەرژەوەندی حیزب و بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەی تێکەڵ بوونی دوو لایەنی حیزب، گشتیان تەواوی دەسەڵاتی سیاسی و ئیجرایی خۆیان تەفویزی ئەم ١٢ کەسەی ناوەندی گشتی رێبەری کاتی حیزب کرد. ئەمە خۆی لەراستیدا حەرەکەتێکی زۆر گرینگ و پیرۆز بوو، کە دەکرێ بۆ داهاتوو، بۆ حەللی کێشەی بەینی رێکخراوەکانی دیکەی کوردستان کەڵکی لێوەربگیرێ. واتا ئەگەر کورسی بوو بە باعیسی لەت بوونمان، با بەجێهێشتنی کورسیەکان ببێتە هەوێنی برایەتیمان.چ لەوە خۆشتر!

ئەگەر ئەم کورتە بووچوونەوەی باسم کرد بکرێتەوە بنەما بۆ وڵامی پرسیارەکەتان، ئەوکات دەتوانم بەم جۆرە وڵامی خۆمتان دەگەڵ بەش بکەم.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە، هەتا هەنوکەش، نوێنەرایەتی داخوازیە نەتەوایەتیەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی دەکا. دەگەڵ ئەوەی بەداخەوە ئەم حیزبە دەژیانی خۆیدا چەند ئینشعاب و لێکدابرانی بە خۆیەوە دیوە، جێگای سرنج و خۆشحالییە کە قەت ئەم رەساڵەتەی لەسەر شان نەکەوتووە. دیارە لەت بوونەکان بەتەواوی کۆمەڵگای کوردستانی دە نێو خۆی رۆژهەڵاتدا دە نێو بەش و لایەنەکانی دێمۆکراتدا، دابەش کردووە. تا رادەیەکیش بەشێک لە تواناکانی خستۆتە پەراوێز و جۆرێک پاسیوبوون و کشانەوەی ژومارەیەک لە ئەندامانی وەک دیاردەیەکی خەراپ دەگەڵ

خۆی هێناوە. لەت بوونی پاش کۆنگرەی ١٣ی دێمۆکرات کاریگەری هەم لەسەر وزەی حیزب و هەم لەسەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو دابڕان و ئینشعابەکانی پێشووتری حیزب، زیاتر بوو. ئەگەر بمانهەوێ لەسەر لایەنە مەنفی و خەراپەکانی لەت بوون بدوێن هەم کاتی زۆری دەوێ و هەم دەتاقەتی ئەم وڵامە دا نییە. مەبەستی پرسیارەکەش زیاتر گرینگی و کار تێکەری یەکگرتنەکەیە، بۆیە هەوڵ دەدەم ئەوەندەی بۆ ئەم دەرفەتە بگونجێ ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم و هاوکات چەند تێبینیش دەگەڵ خوێنەرانی بەرێز بەش بکەم.

یەکگرتنەوەی دێمۆکرات، هێز و وره و دڵگەرمی و توانای زۆر زیاتر بە چالاکوانانی نێوخۆیی وڵات ،بنکەکانی حیزب و سازمانی حیزب لە دەرەوەی وڵات دەدا. ئەگەر دوێنێ بەشێک لە وزە و تواناکان سەرفی ڕەقابەت دەگەڵ یەکتر دەکران، ئێستا هەموو تواناکان بەیەکەوە و دەیەک سەنگەردا لە بەرانبەر تەنیا ڕەقیب و نەیارێک کە هەیانە و ئەویش کۆماری ئیسلامییە، هەموویان بە یەکەوە بەدژی ئەو دەسەنگەرێکدا بەیەکەوە خەبات وم بەربەرەکانی دەکەن. ئەگەر دوێنێ، کۆمەڵێک خۆیان بۆساخ نەدەبۆوە کە لایەنی کام دێمۆکرات بگرن و دەگەڵ کامیان بکەون، ئێستا تەنیا یەک دێمۆکرات هەیە و ئەو دڵەراوکێیە کۆتایی هاتووە. ئەم یەکگرتنەوە دەتوانێ مەیدانێکی زۆر فراوانتر بۆ چالاکانی نێوخۆی وڵات بکاتەوە. لەدەرەوەی وڵاتیش بێ خێر نابێ ودەکرێ کەڵک و بەرهەمی زۆر باشی لێ بەدەست بێ. وڵاتان و کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی کە پێیان خۆشە پەیوەندیان دەگەڵ کورد هەبێ، یان بە جۆرێک لایەنگری لە بزافی ڕزگاری خوازی کورد دەکەن، پێیان خۆشە دەگەڵ حیزبێکی بەهێز دە پەیوەندیدا بن، هەتا چەند حیزب و لایەنی دژ بەیەکی کز. ئەم یەکگرتنەوەیە دەتوانێ لەم کۆڕ و کۆمەڵ و جێگایەنەش زۆر زیاتر، بەهێزتر ، بە قسەی یەکلایی کەرەوە پەیوەندیەکان بەهێزتر بکا و، لە عۆدەی چاوەڕوانیەکان بێتەدەر. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەتا ئەم چرکەساتەش چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دە چوارچێوەی ئێرانی فیدراڵدا دەبینێ. بەدەر لەم بۆچوونەش ئەگەر بشخوازێ تەنانەت دروشمەکانیشی بگۆڕێ و بەرەو دروشمی قایمتر بڕوا، ناچارە دەگەڵ هێزە سیاسیەکانی غەیرە کورد لە ئێراندا، چ بۆ داهاتوی ئێران، یان چ لەسەر داخوازیەکانی کورد، جا چ بە شێوەی فیدراڵی بێ یان تەنانەت سەربەخۆیش، بکەوێتە دیالۆگەوە و، دەگەڵ هێزە سیاسیەکانی غەیرە کورد، دەگفت و گۆ و دانوستان دابێ. دەوحالەتانەشدا بێ گومان حیزبێکی جیددی و بەهێز بە دەنگێکی قایمتر، دەتوانێ کاریگەری و شوێندانەری زۆر زیاتر و گرینگتری هەبێ. خۆ ئەگەر ڕۆژێک بشمان هەوێ، یان دەرفەتێکی گونجاو بخوڵقێ بتوانین لەسەر داخوازیەکانمان دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بکەوینە راوێژ و موزاکەرە، بێ گومان قسەی یەکلاکەرەوە حیزبێکی بەهێز دەیکا، هەتا چەند حیزبی پارچە پارچەی دەگەل یەکتر ناکۆک و کەم تاقەت.

دەگەڵ ئەوی کە من بڕوام بە پلۆرالیزم هەیە و پێم باشە هەموو حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیەکەوە تەفاهوم و حاوانەوەیەکی سالم و گونجاویان دەگەڵ یەکتر هەبێ، بەڵام نایشارمەوە، پێم باش نییە هێز و توانا و وزەی ئەم میللەتە

لە رۆژهەڵات ئەوەندە بڵاو بێ کە کەس خەتی کەس نەخوێنێتەوە. بۆیە چ بۆ تەوافوق دەگەڵ یەکتر، چ بۆ خەبات بە دژی نەیاری کورد، یەک دوو حیزبی بەهێزم زۆر پێ لەچەندین حیزبی لێک دوور و کەم تاقەت پێ باشترە. بۆیە ئەم یەکگرتنەوەیە دەتوانێ لەم بوارەشدا خێری بۆ دوارۆژ و بۆ ساخکردنەوەی داخوازیەکان و تەواوفوق دەگەڵ هەموو لایەنەکان زۆر باشتر بێ لە رابردوو.

یەکگرتنەوەی حیزبی دێمۆکرات و رزگار بوونی لە دوو پارچەیی، کارێکی فرە گرینگ و گەلێکیش پڕ زەحمەت بوو. لە هەمانکاتدا دڵ خۆشی و شادی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردی بەدوای خۆیدا هێنا. بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ، کە یەکگرتنەوە دەرفەتێکە، ئەم دەرفەتەش دایمی و هەمیشەیی نییە. نابێ تەنیا دڵمان بەوە خۆش بکەین کە یەکمان گرتۆتەوە. ئەم یەکگرتوییە دەبێ کۆمەڵێک بەرنامەی نوێ،و زەرفیەتسازی زۆر زیاتر دەحیزبدا، و هەروەها راکێشانی سرنجی نوخبەگانی کورد لە رۆژهەڵاتی بۆ نێو حیزب دەگەڵ خۆی بێنێ و، دەرفەت و مەجالی زۆر زیاتر بخولقێنێ. رێبەری حیزب لەسەریەتی بۆ ئەم دەرفەتە، زۆر زیاتر لەجاران،و دڵ ئاواڵاتر لە پێشوو، بە خۆماندوو کردن بەکار و پرۆژەی گونجاو، حیزبی دێمۆکرات بکاتە بەستەر و زەرفێکی ئەوەندە جەززاب و کارا، کە تێکۆشەرانی کورد لە رۆژهەڵات، زۆر زیاتر لە جاران خۆیانی تێدا ببیننەوە. رابردوو و مێژووی حیزبی دێمۆکرات پڕ لە سەرفەرازی و شانازییە. بۆ بەردەوامی خەبات و رزگاری نەتەوەکەی خوێنی زۆری داوە. کەڵە پیاوی زۆر گەورەی کردۆتە قوربانی بارەگای رزگاری نەتەوەکەی. بۆیە حەقی خۆیەتی هەمیشە شانازی بە رابردووی پڕ لەسەرەوەی خۆی بکا و، پێی بنازێ. دەگەڵ ئەوەش کاتی ئەوە هاتووە کە هەوڵ بدەین کەمتر لەسەر سفرەی رابردوو خۆمان تێر بکەین. رابردوومان بۆ شانازی پێ کردن، بۆ دەرس لێوەرگرتن فرە گرینگە، بەڵام ناتوانێ ببێتە نان و ئاو بۆ داهاتوومان. راستە دێمۆکرات حیزبێکی خۆشەویستە،بەڵام ئەگەر پێمان وابێ وەک ساڵانی پێشوو و سەروبەندی شۆرشی ئێران خۆشەویستی و رابردووی حیزبی دێمۆکرات کافییە بۆ کۆبوونەوەی سەدان هەزار کەس بەدەوری دێمۆکراتەوە، بێگومان هەڵە دەکەین. شک دەوەدا نییە خۆشەویستی، رابردووی حیزب، فیداکاری رێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە، سەرمایەی چاکە و هەمیشەش دەمێنێ. بەڵام ئەوەی دەنگی خەڵک وەردەگرێ، ئەوەی کۆمەڵانی تێکۆشەری وشیاری کورد بۆ نێو سەفەکانی حیزب رادەکێشی، رابردوو نییە، بەڵکوو زەرفیەتی گونجاو، کراویی حیزبی، بەرنامەی باشتر و بەشداری دانی زیاتری خەڵکە دە سیاسەت گوزاری و سەرنویشتی سیاسی و حیزبی، ئەم رێکخراوەیە. هەر بۆیەش وەک باسم کرد، رێبەری حیزب لەسەریەتی ئەم دەرفەتە بەدەنەزەر گرتنی پرینسیپەکانی خۆی بەڵام بەو روانگەیە کە حیزبی دێمۆکرات کەرەسەی وەدەست هێنانی مافەنەتەوەیەکانی کوردە لەرۆژهەڵات و هەموو تاکێکی کوردی پابەند بە رێوشوێنەکانی بۆی هەیە خەباتی تێدا بکا و بە پێی توانایەکانی خۆشی دەبێ جێگای هەبێ،و خۆی تێدا ببینێتەوە، پێک بێنێ.

بەدەر لەم ئاماژانە نابێ ئەو خاڵە گرینگە لەبەر چاو ون بکەین، یان خۆمانی لێ بدزینەوە کە حیزبی ئێمە هەتا ئێستا

چەندین جار توشی لێک دابران هاتووە. راستە زۆربەی ئینشعابەکان پاش ماوەیەک بە دەرکی هەردووک لای حیزب بەو راستیە، کە ناتوانن دوو بن و هەردووک لا موحتاجی یەکترن، یەکیان گرتۆتەوە. گران لەسەرمان دەکەوێ خەسارناسیێک بە شێوەی ئیدارەی حیزبەکەماندا نەخشێنینەوە و دەفکری چارەسەری یەکجاری ئەم کەمایسیەی ئیدارەی حیزب و شێوەی تەئامول و حاوانەمان دەگەڵ یەکتر نەکەینەوە. بۆمان دەرکەوتووە کە میکانیزمی پێکەوە حاوانەوە و ئیدارەی حیزبمان بێ گرفت نەبووە و ناتوانێ لە داهاتووشدا بێ کێشە بێ. بۆیە جارێک بۆ هەمیشە پێویستە لەسەر ئەم خاڵە لاوازەی خۆمان کار بکەین و کاتی بۆ تەرخان بکەین هەتا بە نەتیجە و رێوشوێنی گونجاوتر دەگەین.

یەکگرتنەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە، بەڵام نابێ غەرڕمان بکا و لە خۆمان و خەلک و داهاتوو بێ منەت بین.سەرکەوتنی زۆر گەورەتر ئەوەیە کە حیزبی دێمۆکرات ببیتە حیزبێک کە چارەنووسی میللەتەکەی دیاری بکا. یەکگرتنەوە و یەکریزی و زاڵ بوون بەسەر کێشە نێوخۆییەکاندا،کاری نێوخۆیی حیزبن و دەبێ بکرێن. سەرکەوتنی سەرەکی ئەوکاتەیە کە حیزبی دێمۆکرات بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و بەهرەگیری لە تواناکانی وشیارانی کورد چارەنووسی نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتی کاردستان دیاری دەکا.

هیوا دەخوازم، یەکگرتنەوەی دوو دێمۆکرات ببێتە ئەزموونێکی ئەوەندە سەرکەوتوو و سەقامگیر کە هەموو هێزەکانی کوردستان لە هەر چوار پارچەی نیشتمانماندا، کە لێکدابران و نیفاقیان هەیە، لە ئەزموونی دێمۆکرات کەلک وەربگرن و ئەم ئەزموونە ببێتە سەرمەشقی چاکە و برایەتی و یەکگرتنی هەرچی زیاتری کوردان.

پیرۆز بێ یەکگرتنەوەی دێمۆکرات.

سەرچاوە: نامیلکەی کۆمەڵێک دیمانە بۆ یەکگرتنەوە دێموکراتەکان

٢٨ ئوتی ٢٠٢٢ سوئێد



سەرچاوە
Serchawe

## بێ هەڵە بووبێ ئادەمیزاد نییە.



بێ هەڵە بووبێ ئادەمیزاد نییە. ئەوانەی سادە و ساکارن و، هەردەگەڵ ژیانی خۆیانن، هەڵەکانیان شوێندانەری هەرلەسەر خۆیان هەیە و زۆر زوش ون دەبن و، لەبیر دەچنەوە. هەڵەی مرۆڤە گەورەکان، چونکە تەنیا کاریگەری لەسەر خۆیان نییە و زۆر لە کۆمەڵانی خەلک دەگرێتەوە، نە ون دەبێ و نە بە هاسانیش لە یادان دەشۆرێنەوە.

ئەوە ڕێبەرانی ئێمەش دەگرێتەوە. جیا لەو باسە، کە چاو لە مێژوو دەکەی، ژیان و خەبات و فیداکاری ڕێبەرانی میللەتی خۆمان دەدۆزی، نەتەنیا لە گەورەترین ڕێبەرانی جیهان کەمی ناهێنن، بگرە زیادیش خزمەتیان کردوە. جا بەدەستیانەوە نەهاتوە یان دوژمنان دڕ و بەهێزتر بوون، ئەوە باسێکی دیکەیە. من بەش بەحاڵی خۆم هەم سپاس گوزاریانم و هەم شانازی بە گەورەیی هەموویانەوە دەکەم. بۆیەش هیچ خۆشحاڵ نیم کە نەهامەتێک هات، هەموو خزمەت ورابردوی پڕ دەرد و زەحمەت و فیداکاریان بشۆردرێتەوە و بێ ڕێزیان پێ بکرێ. ڕێبەرانی میللەتانی دیکەش پڕ هەڵە بوون، بەڵام زۆر بەدەگمەن وەک ئێمەیان بەسەر دێنن.

من دەردێکی دیکەم دەگەڵ ڕێبەرانمان هەیە. من ئەوانم زۆر پێ گەورەیە، بەڵام میراتگرانی ئەوان کێشەن. خۆیان باش بوون، وەرەسەکانیان هێندە پڕ هەڵە و خەتاکارن کە کەسایەتی ئەوانیشیان وێران کردوە. کابرا بە دە پشت نابێتە بن ئامۆزای کوری نەنکی، بەڵام کە هاتە قسە دەبێتە، خوێنگر و میراتگر و دەبێ بچێتە سەرتەختی فەرمانرەوایی!! کە دەروانییە دەرون و توانایشی، هەمووی وێرانە و ماڵ وێرانکەر. زۆر بەداخەوە، یەک دوو یەکیان نەبێ، کە باش دەرچوون،



سەرچاوە Serchawe

ئەوانی دیکە زۆر کەمیان لێ پەیدا دەبێ بڵێی ئەوەیان باش بوو.

**بۆیە زۆر گوناحە هەڵەی وەرەسە بخرێتە سەر ئەوانی پێشوو!!**
**کورت، بریا ڕێبەرانمان زۆر ژیابان و هەموشیان وەجاخ کوێربان**

**بەداوای لێبوردن، هەر بێرێزیەک هەرکەس بەهەر کەسی بکا، پاکی دەکەمەوە. تکایە دڵمەند مەبن**

**سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧**



سەرچاوە Serchawe

## خۆ هەموو دەسەڵات و تەقدیر بەخۆتن!

### ئەدی بۆ؟!!



یارەب، کوردت بۆ گاڵتە و گەپی خۆت سازکرد؟! کە سەری براومان دەبینی، کەیفت پێی دێ!؟ کە پیر و گەنجی کورد بە لەتلەت و پارچە پارچە کراوی دەبینی، سۆکنایت دێ؟! کە دەبینی کۆمەڵ کۆمەڵ بە ڕێژنەی چەکی لایەنگرانت وەک دروێنەی بەهەرەوەز، دەکەونە سەرعەرزی تۆ، فیکەی سمێل و بزەی لێوانت نیشانی ئۆمەتی دڕت دەدەی، قاقای پێکەنینت شادیت دەداتێ؟ کە دەبینی هەزار هەزار بە بۆنی سێوی گنخاوت ، هەناسەبڕ دەبن و، وەک مریشکی ئیسلام کوشتەی بێ سەر، باڵە فڕکە دەکەن، ئۆخژنت دێتێ!!؟

### یارەب.پێم ناڵێی بۆ؟!

سەتان ساڵە بە ناوی تۆ کورد قڵت و بڕ دەکرێ. هەموو دەڵێن تۆ کوتوتە،! ئاخر پێم ناڵێی بۆ کوتوتە؟! خۆ دەڵێن هەرچی گیاندارە، هەرچی بێ گیانە و هەرچی هەیە و نییە، تۆ دروستت کردون، تۆ بۆت دیاری کردون چۆن بژین، لە کوێ بژین، چۆن بمرن و، بەچ دەردێک، ڕەوانیان دەرچێ. باشە، بۆ بەشی کورد لە هەموو بوونەوەرەکانی دیکەی دروستکراوی دەستی تۆ، ناخۆشتر دەژین و دەمرن؟!، دەڵێن کەس لەتۆ عادڵتر نییە، هەمووان وەک یەک سەیر دەکەی، لەخۆت دەپرسم، خۆت و خودایی خۆت، تۆ عادڵی؟!!

تـۆ هەمـوان وەک یەک سـەیر دەکەی. بەشـی هەموانت وەک یەک دانـاوە؟!. پـێم دەڵـێن کـورە ئەوانە نەڵێـی، ئەوانە کفـرن. دەڵێن شوکرانە ببژێرە، دەڵـێن خـوای تەبـارەک، بەروحمە، دەڵێن خـوا خـۆی دەزانـێ، ئەوە رەحمەتە!! خـوای کـوردان ئەو رەحمەتەت بۆ هەر بـۆ کـوردە!؟ ئەدی نـاکرێ ئەو رەحمەتت وەگـوێزی؟! ئـاخر ئەگەر کفـر کەم کە نـایکەم، چیـدیکەت هەیە، بەسەر من و میللەتەکەمی دابێنی؟! کوا کفرە؟ کفر نییە و سەت جار لێت بەزیاد نەبێ ئەو بەشە.

**دە رایگوێزە**.

کوردت خستۆتە گۆشەیەکی پیسی پڕ هەرای ئەم جیهـانە، لەت و پەتـت کـردوە، سـەدان گـورگی بـۆر و سپی و رەشی برسیت تێبەرداوە. کردوتەتە جیرانی بەنی ئادەمە هەرە درندەکانی خولقاوی خـۆت. هەموشیان هەر یەکەوە و جلکێکت دەبەر کردون و هەر هەموشـیان بەنـاوی خـۆت تێمـان بەربـوون. هەمویـان دەڵـێن تـۆ پێـت کوتـون بمـان کـوژن، ماڵمـان وێـران بـکەن و قەلاچۆمان بکەن. گەنج و پیر و منداڵمان بۆ رێ رەوانی تۆ جیاوازیـان نییە و، بێ هەڵاواردن سەردەبرێن. ئـاخر بـۆ؟! ئەوان نوێژت بۆ دەکەن و سوجدەت بۆ دەبەن، خۆ کورد، لەوەش کەمی نەهێنـاوە، ئەدی بۆ وەک ئەوانی دیکەی سـەیر نـاکەی؟!. کـوا عادڵی!!؟

بەهەرچی عەبدی خۆتە و لە دەوروبەرمانە بە ناوی خۆت، بە کام شێوەی دڕنـدانەیە قەلاچۆمـان دەکەی. بەوەش رازی نـی. لە داخی ئێمە مـاڵی خۆشت وێـران دەکەی، عەرز و ئاسمانمان تێک دەکەیەوە. شـاخ و داخ و دار و بەردمـان هەڵـدەقەنی و دەیدەی بە تۆقی سەرماندا، ئاخر بۆ؟!

**چما بەشت دەخۆین؟! دەی کەدەزانی عەبدی نەعاملاوین، خۆ خۆت دەتزانی، بۆ دروست کردین؟! نەکا بڵێی نەمدەزانی؟!**

**یارەب، هەتا کەی؟! کەی بەس دەبێ؟! من بە بەشی خۆم ،ئەم بەشەتم ناوێ، بەسە، بەزیاد نەبێ.!**

سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## سپاس بۆ تۆ مامەی کوردان!



ڕێبەری سیاسی کوردم پێ شک نایا بێ هەڵە بووبێ. مامم جەلالیش لێی بێ بەری نییە. بەلام هەموو ڕێبەرانی پێشو و بە مام جەلالیشەوە ، کە رابردوو، کارە باشەکانیان و نەخش و جێ پەنجەیان و گەورەییان بۆ میللەتەکەیان سەیر دەکەین. تەنیا دەتوانین دەبەرانبەر گەورەیی و زەحمەت و فیداکاریەکانیاندا ،سەری ڕێزیان بۆدانەوێنین.

هیچ حیزبێک ناناسم بە ئەندازەی یەکێتی نیشتمانی تەیفی جۆراوجۆری فیکری وسیاسی تێدابێ، بەلام هەتا مام جەلال هێز و کاتی بۆیەکێتی نیشتمانی هەبوو، یەکدەنگی و یەکدەستی ئەو حیزبەی بە دیرایەت و زیرەکی و وشیاری خۆی، پاراست. کەم ولاتی پڕ کێشەی وەک ئێراقی ئێستا بوونی هەیە،دەگەڵ ئەوەی سەرۆک کۆمار بە پێی یاسا لەم ولاتەدا زۆر بەدەسەڵات نییە، مام جەلال دەپۆستی سەرۆک کۆماریدا ، توانی لانی زۆری لایەنە نەیارەکان دەگەڵ یەکتر بحاوێنێتەوە.

مام جەلال هەر لە گەنجێتیەوە یەکێک لە باشترین سەفیرەکانی کورد بووە. نەخشی ڕێبەری و ناساندنی کورد بە جیهانیان، زۆری بەر مام جەلال دەکەوێ. مام جەلال شەوەزەنگی تاریکی خەباتی کوردی لە باشور شکاند.

**هەر بۆیە، مامە سەفەرت ئۆغر بێ.**
**بۆ بەرێ کردنی شایستەی مام جەلال زۆر باشدەبێ**

هەموو بال و سەرکردەکانی یەکێتی بەرژەوەندیە تاکیەکانی خۆیان فرێ دەن و حیزبەکەی مامیان بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی مام جەلال کە رزگاری کورد بوو، یەک دەست بکەنەوە.

دەم هەل و مەرجەدا، بەشی دیپلۆماسی کورد لە باشور دەبێ هەموو هەوڵی خۆی بۆ هەرچی زیاتر راکێشانی سەرانی ولاتان بۆ هەرچی باشتر بەرێ کردنی سەرۆک کۆماری ئێراق و رێبەری کورد راکێشنە کوردستان.

**با ئەم دەرفەتە، لە دەم دانی دوژمانی دەگەل بێ**

**روحت شاد مامی کوردان**

**سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧**

---



سەرچاوە
Serchawe

## شاردنەوەی پشت گری و هەستی نەتەوەیی لەکێ؟!



ئێران و ئێراق و تورکیە و هەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، لە ئێمەی کورد باشتر دەزانن ئەگەر کورد دەرفەت و دەرەتانی هەبێ، خوشک و برای یەکتر و پشتگری یەکن. دوژمنان لە خۆمان باشتر دەزانن کە ئێمەی کورد، لە بێ دەرەتانیدا برا چوکیمان قبوڵە. دەنا کام ئەقلی سەلیم هێز و ئیمکانی هەبێ، بێگانە دەکاتە خاوەن ماڵی خۆی!!؟

تۆ بڵێی ئەو ولاتانە لەبیریان چوبێتەوە. کە بارزانی نەمر، ژێنرال و باسکی بەهێزی کۆماری کوردستان بوو، بڵێی لەبیریان نەبێ، ئەفسەرانی سلێمانی راهێنانی پێشمەرگەی کۆماریان لە ئەستۆ بوو!؟ خۆ هەرچەند ساڵێک بەر لە ئێستا پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی و حیزبی شیوعی ئێراق، وەک هێزی پشتیوان خوێنیان دەگەڵ خوێنی دێمۆکرات و کۆمەلە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەیەکەوە و دەسەنگەرێکدا بۆ رزگاری کورد رژا.

بڵێی ئێران نەزانێ کە لە کاتی راپەریندا پێشمەرگەی دێمۆکرات لە کەرکوک و سلێمانی چیان کرد؟! بڵێی نەزانن یەکەم پێشمەرگەی کە ئەمنی بەسامی سلێمانی شکاند دیار جەناح کورە ئازاکەی دێمۆکرات بوو کە بە برینداری حەماسەی دەخولقاند؟!

خۆ هەر قاسم سولەیمانی بوو کە نەیهێشت هێزی ئامادەی دوو دێمۆکرات بە دژی هێزەکانی داعەش بێنەمەیدان و ئەرکی نەتەوویی خۆیان بەجێ بگەیەنن و پارێزگاری لە خاکی کوردستان بکەن، بڵێی مەلاکان لەم هەستە تێ نەگەیشتبن.؟!



سەرچاوە Serchawe

هەر دوێنێ، خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان لەسەرانسەری ئوروپا، ئەمریکا و ئوسترالیا و هەموو شوێنەکانی دیکەی جیهان، ئەگەر لە خەلکی باشور زیاتر وگەرمتر مەیدانەکان و ساحەکانی خۆپێشاندانیان پڕ نەکردبێتەوە، کەمتر و بێ دروشمتر نەبوون. بڕوا بکەن لە خۆمان باشتر دەزانن و بێگومان فیلمیشیان زۆرن کە جاروبار پێیاندا بچنەوە.

دەگەڵ ئەوەی کە ئەم حەرەکەتانە هەمووی دروست و ئەرکی نەتەوەیی بوون و دەبێ لە داهاتوشدا هەر درێژەیان هەبێ، هیچیان لەبەر چاوی دوژمنانمان ون نین.

ئەگەر بۆ سەربەخۆیی کوردستان پەنجا ئەمریکی، یان ئیسپانیییای هاتبانە مەیدانەکان و پشتگریان کردبایەن، دەبوو بە بەیانی رەسمی سپاس گوزاریان بوبایەن، ئەدی چۆن ئەو هوروژانەی خەلکی رۆژهەلات نەدیترا!!؟

بەڵێ راگرتنی دڵی جیرانان بۆ بەرژەوەندی باشور پێوستە، بەڵێ دیپلۆماسی کورد ئەورۆ دەبێ لە هەموو کاتەکان وردتر و وشیارتر بجولێتەوە و هەنگاو بنێ. نابێ هیچ کێشە و ژانەسەرێک بۆخۆی دروست بکا. بەلام نەدیتنی ئەم زەریایەی رۆژهەلات و جمەی خەلک دەمەیدان و شەقامەکاندا و، دروشمی کوردانەیان، ناکرێ نەبیندرێ و پێزانینی خۆیان لە زمان بەرپرسانی باشورەوە نەبیسن. بڕواتان بێ خۆ دزینەوە لەم حەرەکەتە عەزیمەی کوردی رۆژهەلات دوژمانیش لایان سەیر دەبێ و، بە کزی ئیرادەی لێک دەدەنەوە.

بەرپرسان لە باشوری کوردستان دەبێ بۆ بەهێزتر نیشاندانی خۆشیان بێ، ئەم دلگەرمییە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بۆخۆیان رابگرن

ئێمە دەبێ باش بە دوژمنانمان بلێین و تێیان بگەیەنین کە ئێمە یەکین، پشتی یەکترین، با بەرژەوەندی پارچەکانیش جارێ جیاواز بن!!

کوردی رۆژهەلات دەگەڵ پشتگری بەحەق و دروستی لە گشت پرسی سەربەخۆیی باشوری کوردستان، زۆر باش تارانیشی حالی کرد، کە چیدی ئەم پارچە و ویستەکانی پشت گوێ ناخرێن. ئەدی چۆن دەکرێ ئێوە نەیبیسن و نەیبینن!!؟

سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# بۆ ریفراندۆم



کۆمەلانی خەلکی باشوری کوردستان، زۆر لێبڕاوانە و بە ڕێژەیەکی زۆر سەر، وەڵامی سەرکردایەتی کوردیان دایەوە. ئەرکی خۆیان بۆ بەجێ گەیاندنی ئاواتی سەدان ساڵەی کورد و هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان بەجێ گەیاند و دەنگی رەسای کوردیان بە گوێی هەموو جیهان دادا. دەگەڵ ئەوەی کە سەرکردایەتی کورد لەم ماوە دا زۆر بوێرانە بریاری زۆر چارەنوس سازیان داوە و، بە بارودۆخێکی گرانیشدا تێ پەرین، ئیستا ئەرکیان زۆر گران و پڕ کێشەترە. ئەم رێژە زۆرەی بەشداران و دەنگی رەسای بەڵێ، چەکی بەهێزی دەستی سەرکردایەتی کوردە.

دەگەل هەموو هەرەشەکانی دەورو بەر و دەسەڵاتە گەورەکان، دروست وایە ئەم پرۆسە بێ هیچ شل بوونەوە و راوەستانێک بە گەرمی خۆی درێژەی هەبێ.

ئەگەر بەشێک لە هێزەکانی کورد لە باشوری کوردستان بۆ دەنگدان و هاتنە مەیدان بۆ رێفراندۆم، تا رادەیەک دڕدۆنگیان هەبوو و لە ئاکامیشدا ئەم دڕدۆنگیە کە لە دواساتەکانیشدا بە تەواوی نەرەویەوە، شوێنی لەسەر کەمی دەنگدانی چەند ناوچەیەک هەبوو، ناکرێ بەم شل و رارایيە درێژەی هەبێ.

یەک دەنگی و، یەکگرتویی هێزە سیاسیەکانی باشوری کوردستان، ئێستا لە هەموو کات و ساتەکان پێویستتر و حەیاتیترە. هەموو هێزە سیاسیەکانی کورد لەم پارچەدا ئەرکدارن و لە هەموان زیاتر دەسەڵاتە سەرەکیەکان، بۆ پێک هێنانی ئەم یەک

دەنگیە، ئەرکیان قورسترە.

**لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە هەموو قەڵەمەکان بۆ یەکدەنگی و هەموو زمانەکان بۆ برایەتی کورد بگەڕێن.**

**پیرۆز بێ سەرەتای مێژووی نوێ کورد**

**سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧**



سەرچاوە
Serchawe

## نەیاری چالاک و سەرەکی کوردان لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا، لەسەر یەک دەوڵەتی ئێرانە.




رایەڵکە و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئێران هەموو دەورو بەری ئێمەی تەنیوە. بێجگە لە تاران، لە بەغدا و دیمێشق، رۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. لە بەیروتی لوبنان ناکرێ بریار و هەڵوێستەکانی پشت گوێ بخرێ. بە هەموو ناکۆکییە سەرەکیەکانیەوە دەگەڵ تورکیە، بۆ دژایەتی کردن و بەربەست ساز کردن بۆ کورد، دەگەڵ ئانکارا خەریکی سازانە. دەستێکی والای لە باشوری کوردستاندا هەیە.

بە هەموو توانایەوە خەریکی دەبەرانبەر یەکتردا راگرتنی هێزەکانی باشوری کوردستانە. زۆر راشکاوانە و، لە هەموو وڵاتەکانی دیکەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، سەریح و رونتر دژایەتی خۆی دەگەڵ دوا رۆژی بەختیاری کورد، راگەیاندوە.

بودجە و هێزێکی زۆری بۆ گۆشەگیر کردنی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کردوە و بە هەموو جۆر و لە هەموو شێوەیەکی بەربەرەکانی و پیلان دانان و هان دان و سیخور ناردن و بەکرێ گرتن و کوشتار کەڵک وەردەگرێ.

سیاسەت و پلانەکانی کۆماری ئیسلامی خەریکە تۆوی دوژمنایەتی و دووبەرەکایەتی لە نێوان خەلکی دووپارچەی کوردستاندا دروست دەکا.

زۆربەی هەرەزۆری سیاسی کارانی کورد زۆر باش ئەوانە دەبینن و دەیزانن، بەلام سەرەرای ئەم زانیارانەش بەداخەوە هەوڵی جیدی بۆ بەرپەرچ دانەوە زۆر کەمە و، تەنانەت جاری وایە رێگاش بۆ دەست تێوەردانی زیاتر فەراهەم دەکرێ.

بە هەموو جیرانەتی، رەوابیتی سیاسی و سنوری و بازەرگانی هەتا دوژمنە سەرەکییەکانی خۆمان باش نەناسین و تێیان نەگەیەنین کە لییان حالین و بەرپەرچی پلانەکانیان نەدەینەوە، رێگای سەرکەوتنمان لێڵ تر و ئاستەمتر دەبێ.!

سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## کورم، ژیوار گیان!






باش دەزانم زۆرت پێ خۆش بوو، ببی بە یاریکارێکی بەرزی تۆپێ پێ( فوتبالٔ)، بەڵام خۆ تاوانی خۆت نەبوو کە دڵرەشان، نەیانهێشت بگەیە ئاوات و ئارەزوی دڵی خۆت. تۆ تەنیا دوو رۆژ بوو لە دایک ببوی کە "پیاوچاکێکی" خۆماڵی ماشێنێکی پڕ لە بۆمب و تی ئێنتی هێنا بەردەرگای بنکەکەمان و ماڵی ئێمە و تەقاندیوە. لە دوو رۆژەی ژیاندا، بێ ئەوەی بزانی، کێ کێیە؟ دونیا چییە؟، چاوت نەپشکوت بوون ،کە نزیکانی خۆشت ببینی، کە دونیایان بەدەورتدا کردە رۆژی قیامەت و ئاور و ئاسنت بەسەردا باری. هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەشت کە لە لات بوون، دەگەڵ تۆی کە پارچە گۆشت و دەڵەمەیەک زیاتر نەبووی، زامیان هەڵگرت و بریندار بوون. بەڵام زیاترین زیان بەر لەشی ناسکی تۆ کەوت، بە جۆریک کە ئیستاش پاش ٢٥ ساڵی رەبەق ئاسەواری تاوانی دووژمنانی کورد بە لەشتەوە ماوە. هەر بۆیەش زامەکانی کە دووژمن لە دوو رۆژەی ژیانتدا وەک "دیاری لە دایک بوونت پێیان بەخشی"! هەر ماون. دەنا خۆ تۆ لە چاو هاوالانی منداڵیت لە تۆپی پێدا زۆر وشیار و زیرەک چالاکتر بووی، هەم ئازا بووی و هەم باش تێکنیک و یاسای یاریەکانت دەزانی. مامۆستاکانیشت وەک من و دایکت خەفەت بار بوون کە ئەو هەموو توانایيەی تۆ هەتە، ئەو هەموو ئاوات و ئارەزویەی تۆ هەتە، دەیتوانی بەرەو لوتکەی هەرە بەرزی سەرکەوتنت راکێشێ، بۆ چی پێشیان گرت.؟! زامی دەستی پیسی نەیاری کورد مۆڵەتی وەدی هاتنی ئەو ئاواتەی پێنەدای. ئەوەم بۆ نەگێرایەوە،کە ڤین و تورەیی دەخۆتدا هەڵبگری. من باش کوری خۆم دەناسم، دەزانم کێنە و ڤین، دەخەسلەتی تۆدا نییە. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر وەدوای وەرزیش نەکەوتی، لە بواری دیکەدا سەرکەوتنی باشت هەبووە، ئەونییە، لە بواری کاری خۆتدا، جارێک لە پارێزگاکەی خۆت، و جارێک لە سەرانسەری سوئێد لە نێو تەواوی گەنجانی ئەم وڵاتە یەکەم هاتێیوە، ئەوەنییە، هەر دوێنێ دیسان لەسەرانسەری سوئید پلەی دووهەمت بەدەست هێنا. دەشتناسم و دەزانم توانا و بیری تیژت هەیە بۆ سەرکەوتنی زۆر زیاتر. بەڵام ناشبێ لەبیرت بچێ، کە هەتا میللەتەکەت ژێر دەست بێ، بەدەیان و سەدان منداڵی دیکەی کورد، وەک تۆ و لەتۆ خەراپتریان بەسەر دێ. کەوابوو تۆش و هاوتەمەنانی تۆش لەسەرتانە کە بۆ رزگاری یەکجاری میلەتەکەتان، بۆ ئەوەی نەهێڵین هیچ ژیوارێکی دیکەی کورد زامی دوژمنان هەڵبگرێ، لە تێکۆشان نەوەستن.

ئێستاش کە مۆمی ٢٥ ساڵەی تەمەنت دەکوژێنێوە، من و دایک و خوشکانت وێکرا چەپکە گوڵێکی جوانی بۆن خۆشی بەرزترین چیا و کێوەکانی کوردستانی جوانت پێشکەش دەکەین. بە بوونت، بە بزەکانت، بە قسە خۆشەکانت بە قەڵافەتی جوان و بە دیدارت، دەم بەدەم خۆشحال و کەیف سازتر دەبین. سپاس کە تۆمان هەیە ژیوار گیان.

**ڕۆژی لە دایک بوونت پیرۆز بێ**

**سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٦**

---

## بێرێزی بۆ؟!



ماوەیەک بەر لە ئێستا کاک خالیدی عەزیزی، ئامانجی تیر و توانجان بوو. ئێستا نوکی قەلەم و هێرش بەرەوە کاک کەماڵی کەریمی وەرسوراوە. هەرکەس و لایەنێک مافی خۆیەتی هەر بیر و هەڵوێستێکی سیاسی هەر حیزب و کەسێکی دیکەی بەلاوە پەسەند نەبوو، رەخنەی لێ بگرێ، بەخەراپی بزانێ، چۆنی پێخۆشە بە پاراستنی نەزاکەتی قەلەم و بەیان هەڵی شێلێ و نەزەرو و هەڵوێستە باشەکەی خۆی بۆ خەڵک بەیان بکا.بەڵام هیچ دەجێدا نییە، کەسایەتی، یان رابردووی کەسێک کە وەک من بیر ناکاتەوە، یان سیاسەتەکەیم بەدڵ نییە، بدرێتە بەر هێرش و بێ رێزی پێ بکرێ. هیچ نامهەوێ لێرەدا دیفاعێک لە کەمالی کەریمی بکەم، لە کەسێک کە باوکی دامەزرێنەری دێمۆکراتە، لە شاری بانە و دەوروبەری، لە کەسێک، مامی روناکبیر و دێموکراتی لە شەری نەغەدە شەهید بوو، لە کەسێک کە مامی دیکەی زیاتر لە چل ساڵان دەپۆستە هەرە گرینگەکانی دێمۆکراتدا بەرپرسی هەمومان بوو، لە کەسێک کە لە کۆنگرەی حەوتی دێمۆکراتەوە هەتا ئیستا ئەندامی رێبەری حیزبە، چ بە بەش، چ بە یەکەوە وبە حیزبی یەگرتوو، لەبەرپرسانی هەموومان بووە و، وەک ئاربەبا لە سەنگەری دیفاع لە میللەتەکەی پەیگیر و قایم راوەستاوە. کەماڵی کەریمی لەو بنەماڵەدا فرچکی بە دێمۆکراتەوە گرتەوە و پێویستی بە دیفاعی من نییە. ئەوەی منی ناچار بە نوسینی ئەم چەند دێرە کرد، نیگەرانیەکی گەورەترە. وەک پێشتر ئامارژەم پێدا، بیری کەماڵی کەریمی، یان باشتر بلێم بیری حدک بەلای هەرکەسەوە پەسەند نەبێ مافی خۆیەتی لەسەری بدوێ و قەبووڵی نەبێ، بەڵام ئەو کەسانەی کە هەموو ژیانیان بۆ میللەتەکایان داناوە، لە هەموو خێر و خۆشی ژیان گوزەراون سەرمایەی مێژووی خەباتی میڵلەتەکەمانن، جا ئەو کەسە، ناوی کەماڵی کەریمی بێ، ناوی عومەری بالەکی بێ، قادر وریا، یان میرۆی عەلیار و رۆستەمی جەهانگیری و حەمەنەزیفی قادری و... پاراستنی حورمەت و کەرامەتی ئەو

کەسانە لەسەر هەموومانە. با نەتوانین بەیەکەوە کار بکەین، با کاری یەکترمان قبوول نەبێ، با پێمان وابێ سیاسەت و هەڵوێستی ئێمە لە هی هەموو کەس باشترە، بەڵام ئەوەندەمان تەحەمول هەبێ، کە بێڕێزی بەیەکتر نەکەین. تەنانەت هەمان ڕێز و حورمەتی لە بەرپرسانی خۆمانی دەگرین، دەبێ بۆ بەرپرسانی باقی هێزەسیاسیەکانی دیکەی کوردیش لەبەر چاومان بێ. بێ ڕێزی بەهەر کەس بکرێ جایز نییە.

زۆر بەداخەوە، ناتوانم بیشارمەوە کە مێژووی دێمۆکرات هەر لەسەرتای دامەزرانیەوە، پڕە لە کێشەی نێو خۆیی، ئەگەر کێشە و باڵەکانی لەبەرچاو نەگیرێن، ساخ کردنەوەی مێژومان زۆر ئاستەم و سەخت دەبێ. هەر بۆیەش بەهەموو کێشەو ناکۆکیەکانی و بە هەموو باڵەکانیەوە، دەبنە مێژوی دێمۆکرات.

کۆتایی، من هیچ کام لە و هێرش و بێڕێزیانە بە ڕەوشتی هیچ کام لە دێمۆکراتەکان نازانم، بۆیە پێم وایە بەرپرسان بۆ کۆتایی هێنان بەو لێدوان و قەڵەمە زبرانە لەهەردووک لامانرا دەبێ بە هەڵوێستر بین و ئیزنی ئەوە نەدەین دوژمن پێمان خۆش بێ

سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٧

## ڕۆژی لە دایک بوونتان پیرۆز بێ تاو گیان، تارا گیان



ڕاست بیست ساڵ بەر لە ئێستا هەر دووکتان بەیەکەوە هاتنە نێو ژیانمان. ڕووناکی و خۆشەویستیتان دەگەڵ خۆتان هێنا. ئێوە دوو کیژۆڵەی ناسک و ڕەزا سوک، بوونە هەوێنی شادی و بزە و گەرمی کۆڕی بنەماڵەمان. تاو و تارای دڵی دایە و بابە و تەوار و ژیوار، دەگەڵ ڕۆژانی پێگرتن و گەورەبوونتان، ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ زیاتر وەک کوڵەکەی خۆشەویستی بنەماڵەکەمان خۆتان نیشاندا. بوونە جێگای هیوا و ئومێد بۆ ئێمە و بۆ دوارۆژی پڕ لەسەرکەوتن و بەختەوەریتان. ئەگەر ئەرکی دایک و باب بۆ گەورە کردنی منداڵان سەخت و گرانە، ئەگەر ژان و بڕکی دایک و نیگەرانی و پەروەردەی منداڵ بۆ دایک و باب هاسان نییە، هەمووی سەختی و، ژان و گرانی ئەو تەمەنە، لە ئاست باوەشێکی گەرم و بۆنی هەناسەی پر لەهەست و تینی خۆشەویستی، ئەو ئازیزانە کە پارچەی جەرگ و هەناسەی دایک و بابن، زۆر کەمە. تاو و تارا گیان، شادی و سەرکەوتنی ئێوە، هیوا و گەش بوونەوە بە ژیانمان دەبەخشێ. ئێوە بوون بە بیست ساڵ، ئێستا خۆتان بناخەی ژیانی خۆتان دادەمەزرێنن، هەتا ئێرە، دایک و باب و خوشک و برا، شانازیتان پێوە دەکەن. هەردووکتان، زیرەک و وشیار و باش ڕێگای خوێند و ژیانی خۆتان دۆزیوەتەوە. هەروەک رابردوو، هەنگاو بنێن، گومانم نییە لە سەرکەوتنتان.

راستە ژیان سەختە و بۆ ئەو مندالانەش کە دوور لە خاکی باب و باپیرانن دووجار سەختر، بەلام خوێندن و خۆ پەروەردەکردن و هەڵبژاردنی ڕێگای دروستی ژیان، نەتەنیا خۆتان سەرکەوتو دەکا، بەلکو دەتوانن بۆ کۆمەڵگاکەشتان ببنە جێگای هیوا. ئاواتم شادی و سەربەرزیتانە، دڵم هەموو ساتێک دەگەڵتانە.

**سپاس کە هەن**

**ڕۆژی لە دایک بوونتان پیرۆز بێ تاو گیان، تارا گیان**

**سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٨**

---



**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٤ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ سەعید بەگزادە بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتارو دیمانەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

